# گەمە

## لە ژیانی منداڵاندا





و: کەماڵ فاروق

## ناوەڕۆکی ئەم کتێبە:


- منداڵ لە یاریکردن بێبەش مەکەن.
- یاری و یاریکردن لە ژیانی منداڵ.
- یاریکردن بۆ منداڵ مەترسیدارە، یان سوودبەخشە.
- ئەو یارییانەی بۆ منداڵ مایەی مەترسینە.
- بۆچی منداڵ یارییەکانی تێکدەشکێنێ؟
- ئایا یاریکردن کاریگەری هەیە لەسەر کەسێتی منداڵ، لە ئایندەدا.
- ئاگاداربوون لەوەی منداڵ یاری بەو کەرەسە کانزاییانە نەکا، کە شێرپەنجەی خوێن و خانەکانی لەشی لێدەکەوێتەوە.
- دابەش کردنی کات لە نێوان تەلەفزیۆن و نیگارکێشان و کارە دەستییەکان و داهێناندا .
- پشوی هاوین و یاریکردن لە کۆڵاندا.

## پێشەکی چاپی کوردی

پێکەوەنانی خێزانێک یان کۆمەڵگایەک، یان وڵاتێک لە لەدایکبوونی منداڵێکەوە دەست پێدەکات، ئەویش لە تێکەڵبوونی هێلکەی دایک و سپێرمی باوک (قۆناغی زایگۆت)ەوە سەرهەڵدەدات، تا لەدایکبوون و قۆناغەکانی شیرەخۆری ساوایی و منداڵێتی و هەرزەکاری ...تد

چۆنییەتی پەروەردەکردنی منداڵ لەو ساتانەوە ئاوێنەیە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە چاوەڕوان دەکرێت دایبمەزرێنن، جا خێزان و دەوڵەت ئەگەر بیانەوێ خۆیان نەخەڵەتێنن، ئەوا ڕادەی بایەخدانیان بە منداڵ و پەروەردەکردنی لە ڕووی دەرونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی و ...تد، ڕادەی هۆشیاری ئەوانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێک کە خەونی پێوە دەبینن، کە ئەمەش پێویستی بە هەست و بەرپرسیارێتی و ویژدان و ئەخلاق هەیە، بە بێ ئەوانە و بەبێ ڕەچاوکردنی قۆناغەکانی منداڵ، ئەو خەونە نایەتە دی. یەکەم قۆناغی هێنانە دی ئەو خەونەیە، کە سەرجەم ئەوانەی لە دەرونزانیدا کاردەکەن درکیان بەو لایەنە کردووە، کە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، هەموو دایک و باوک و مامۆستایەک و بەرپرسێک و سیاسەتمەدارێک پێویستە لێی غافڵ نەبێت، ڕەنگە پێتان سەیر بێت پسپۆڕێکی دەرونزانی ئەگەر گوێبیستی هەواڵی شەڕێک بێت لە هەر قوژبنێکی سەر گۆی زەوی، یەکەم جار پرسیاری ئەوە دەکات چەند کەس کوژراوە؟ چونکە لەو پرسیارە ئەوەی بە مێشکیدا دێ، کە چەند ئافرەت بێوەژن بوونە ؟ چەند منداڵ هەتیو کەوتوون؟ کە منداڵێک هەتیو کەوت، کێ وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە بداتەوە کە خودی

باوك و دایك لێی بێزار دەبن، لەبەرئەوەی ئەمەندە زۆر سەیر سەمەرەن، پسپۆری دەرونزانی پرسیاری ئەوە دەكات منداڵ ئەگەر بە تەنها بوو كێ یاری لەگەڵدا دەكات؟ هەر ئەوان (واتە دەرونناسان) دەڵێن: "دەبێ باوك بچێتە ئاستی منداڵەكە و لەگەڵیدا یاری بكات، بۆ ئەوەی بەو یاریكردنە گەشە بە لایەنی كۆمەڵایەتی، لە كەسێتی ئەو منداڵە بدرێت، ئەو منداڵەش بە بێ باوك ژیا، خۆشی دەبێتە باوكێك، بەڵام چ باوكێك، باوكێك تامەزرۆی باوك و شكست خواردوو، ڕەنگە پێتان سەیر نەبێت، دەرونزانی لەگەڵ ئەوە نەبێت، باوكێك بە منداڵەكەی بڵێت: "كاروان برۆ پاكەتێ جگەرەم بۆ بێنە"

چونكە ئەو پاكەتە جوانە، یەكەم: سەرنجی منداڵەكە بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت دووەم: جگەرە بۆنی هەیە و كار لە منداڵ دەكات. سێیەم: كە باوك دەیكێشێت منداڵیش لاسایی باوكی دەكاتەوە و پاشماوەكانی جگەرە دەخاتە نێوان پەنجەكانی و دەمییەوە، لە دونیایەكی جەنجاڵ كە دایەی تورە و باوكی شەكەت و بێزار لە هەواڵی توندوتیژ، منداڵیش دەیان خەم و دەرد و كەسەری بۆ دروست دەبێت، كە تەنهاوتەنها بە یاریكردن و تێكشكانی ئەو یارییانە گوزارشت لەو خەمانەی خۆی دەكات هۆكاری ئەو تێكشكاندنەش لەم پەرتوكەدا دەخوێنیتەوە، لەگەڵ وەڵامی ئەو پرسیارانەی كە بە مێشكدا دێن منداڵ چاوی بووكەڵانەكەی هەڵدەكۆڵێ، چونكە تۆڵەی خۆی لە دایكی دەكاتەوە كە لێیداوە. لە جیاتی ئەوەی لە دایكی بداتەوە لە بووكەڵانەكەی دەدات، چونكە بەو ناوێرێ. بە پێچەوانەشەوە هەندێ جار بە سینگی خۆیەوە دەگرێت، لەبەرئەوەی دایكی خۆش دەوێت، یان لێی دوورە. زۆر جاریش

توێژەرانی دەرونیش لە چارەسەرکردنی نەخۆشی و گرفتی منداڵ پەنا بۆ یاری دەبەن. دونیایەك کە زۆربەی شتەکانی بۆ منداڵ قەدەغەیە، بە هۆی زۆری کەرەستە و ئامێری کارەبایی، ئەگەر یاری نەبێت حەز و ئارەزوو لە گیانی منداڵ پەنگ دەخواتەوە و دووچاری دڵەڕاوکێ و کێشە و گرفتی دەرونی دەبێت. ئەرکی دەوڵەت و حکومەتە، بایەخی تەواو بە یاریگا و باخچەکانی منداڵان بدەن، بۆ ئەوەی چیتر منداڵی ئێمەش لە کوچە و کۆڵانەکان دووچاری ترازانی باری دەرونی و کۆمەڵایەتی نەبنەوە، چونکە پرسی یاریکردن پرسێکی گەورەیە لە ئاست پەرلەمان و حکومەتدایە، ئەوەتا ئەنجوومەنی گشتی بەریتانیا و پەرلەمانی فەڕەنسا لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، یاسایان لە بارەی یاری و یاریکردن و ئەو یارییانەی دەگەنە دەستی منداڵ دەرکردووە نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە بەندێکدا ئاماژەی بەو مافە داوە کەوا پێویستە کوردستانیش لایەك لە پرسی منداڵ کۆ بکاتەوە، بە کردنەوەی باخچە و یاریگای منداڵان، لە زۆربەی گەڕەك و کۆڵانەکاندا، تەواوی مەرجەکانی یاریکردنیش لە خۆ بگرێت و پەرلەمانی کوردستانیش یاسایەك دابنێن لە بارەی یاریی و یاریکردنی منداڵ و بازرگانێتی بووکەڵان، کە لە دەرەوەی وڵات دێن و باخچەی ساوایانیش تەنها شوێنێك نەبێت بۆ خۆپاراستنی منداڵ لە مەترسی، تا دایك و باوك لە فەرمانگە دەگەڕێتەوە، بەڵکو تێیدا لایەنی فێرکردن و دەرونی و کۆمەڵایەتی لەبەر چاو بگیرێت.

کەمال فاروق نەسرەدین

مامۆستای دەرونزانی

## بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان

## پێشەکی چاپی عەرەبی

"دووگیانی"یەکی بەختەوەر، لەدایکبوونێکی ئارام، پەروەردەیەکی دروست، خێزانێکی بەختەوەر، هەموو تاکێك تیایدا ڕۆڵی خۆی بزانێت.

ئەمە ئەو بیرۆکە بنەڕەتییانەیە، کە ئەم زنجیرەیە لە خۆیی دەگرێت...

لەگەڵ ئێوە گەشتەکەمان دەست پێدەکەین، هەر لە سەرەتای دووگیانییەوە تا گەشەکردنی کۆرپەلە و، ڕۆڵی دایك لە پاراستنی سکەکەیی و تەندروستی، پاشان دەچینە سەر گفتوگۆی مەترسییەکانی دایك لە منداڵبوون و قسە لەسەر ڕێگاکانی کەمکردنەوەی ئێش و ئازار دەکەین و لە گەشتەکەماندا بەردەوام دەبین، بۆ ئەوەی ئامۆژگاری لە بارەی چاودێری منداڵ بکەین لە ڕووی تەندروستیی و دەرونی بە گوێرەی تەمەنە جیاوازەکان.

لە کۆتاییدا باس لە ڕۆڵی دایك و باوك دەکەین لە ژیانی خانەوادەگیدا و داوایان لێدەکەین، بەرپرسیارەتی لە ئەستۆ بگرن، بۆ ئەوەی بگەینە هاوکێشەی خێزانێکی بەختەوەر.

خوا پشت و پەنا بێت

بەشی وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە

لە خانەی (الاخوة) بۆ بلاّوکردنەوە

## چەمکی یاری و یاریکردن لە ژیانی منداڵ

یاریکردن تەنها ئامرازێك نییە بۆ كات بەسەربردنی منداڵ، بەڵكو وەكو ئاو و هەوا و خۆراك، كاریگەری گرنگی لەسەر ژیانی هەر مرۆڤێك هەیە، هەر لەمنداڵییەوە تا پیری ...لەبەرئەوە یاریكردن پرسێكی زۆر گرینگە كە سەری زانایان و لێكۆڵەروانی دەرونی قاڵكردووە، بۆیە دەبێ دایك و باوك بە پرسە زیندووە گرنگەكانی لە قەڵەم بدەن و بایەخی تەواوی پێبدەن.

ئەو منداڵەی كە دارێك دەخاتە نێوان هەردوو قاچی خۆیەوە، یان گەسكێك بە دەستەوە دەگرێت و پێی وایە سواری ئەسپێك بووە، ئەوە منداڵێكی سروشتییە و بەختەوەرە بەو یارییەی دەیكات، جا بیروڕای دایك و باوكی هەرچییەك بێت. ئەو منداڵەی كە لە بۆشاییدا باوەشی كردۆتەوە وا هەست دەكات فڕۆكەیەك، یان سواری فڕۆكەیەك بووە و بە بۆشایی دا دەفڕێت. ئەو منداڵە منداڵێكی ئاساییە، ڕادەبوێرێ و لە هەمان كاتدا فێریش دەبێت.

ئەو منداڵەی كە هەوڵدەدات بە پلیكانەدا سەركەوێت، یان خلیسكانێ بكات، فێری بەهرەی نوێ دەبێت. ئەوەی پاڵ بە سندوقێكی بەتاڵەوە دەنێت وەك بڵێی ئۆتۆمبێلە، ئەویش دیسان ڕادەبوێری و فێر دەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ژیان لە ئایندەدا.

ئێمەی گەورە لەوانەیە گاڵتە و پێكەنینمان بەو ڕەفتارانەی منداڵ بێت، كە واز لە هەموو یارییەكانی دێنێ و بە شتی سادە و ساكاری وەك دار، سەندوق ...تد یاری دەكات. منداڵەكە یاری خۆش دەوێت، لەبەرئەوەی نا كە سەرنجڕاكێشە، یان جوانە، بەڵكو لەبەر ئەوەی، كە پێویستییەكی دەرونی تێر

دەکات، خەیاڵی بەو یارییە ئازاد دەکات و وای لێدەکات لە جیهانی تایبەتی خۆیدا بژیت، لە هەمان کاتدا فێری خەبات و کۆڵنەدان و سوربوون دەبێت لە بەدەستهێنانی بەهرەی دیکە، کە گەورەکان پەیڕەوی دەکەن.

بۆ نمونە گوێم لە دایك و باوکێك بوو، کە بێزاری خۆیان لە منداڵە تەمەن یەك ساڵەکەی خۆیان دەردەبڕی، گوایە ئارەزوو ناکات یاری بەو شەشپاڵووانە بکات، کە بۆیان کڕیوە، کەچی ئارەزووی ئەوە دەکات یاری بە قاپ و کەوچك و کەرەستەکانی چێشتخانە بکات، منیش لەمیانەی خوێندنەوەم بۆم دەرکەوت یەکێ لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە ئەو منداڵە وا دەزانێ هەموو ڕۆژێك دایك و باوکی بەو کەرەستانەی موبەق یاری دەکەن، بەڵام لە شەشپاڵۆەکان نزیك نابنەوە، ئەمەش وا دەکات ئەو قاپ و کەوچکانە زیاتر سەرنجی ڕابکێشێت و تام و چێژی لێ وەربگرێت. هەروەها لەبەرئەو هۆکارەیە هەندێ منداڵ، ئارەزووی جگارە و پاشماوەکان دەکەن و بە پەرۆشەوە بە دەمیانەوە دەنێن و دەیخەنە ناو پەنجەکانیانەوە، چونکە پێیان وایە یەکێك لەو یاریانەیە، کە تەنها باوکیان دەیکات. هەروەها لەبەرئەوەی منداڵ لاسایی دەکاتەوە و دەیەوێ وەك باوکی بێت، نازانێت لەو مەسەلەیە کامە ڕاستە و کامە هەڵەیە و بۆچی بە هەندێ شت یاری دەکات و بە هەندێکی تر نایکات.

**یاری لەبار و گونجاو:**

منداڵ زیاتر یاری سادە و ساکاری خۆش دەوێ و ماوەیەکی زیاتر خۆی پێوە خەریك دەکات، نەك لەبەرئەوەی منداڵ سادە و ساویلکەیە، بەڵکو

لەبەرئەوەی بە شێوەیەکی گشتی خەیاڵی فراوانە، دوو جۆر یاریش هەیە لەیەکتر جیاوازن لە ڕوی ئەو کەرەسەیەی لێی دروست کراون، بەڵام هەموویان شێوەیەکی یەکگرتوویان هەیە، بۆ نمونە یارییەك لە سەر شێوەی شەمەندەفەر لە کانزایەك دروست کراوە و بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زاخاو دراوە، ئەوی دیکەیان لە دار، یان پلاستیك دروستکراوە، کە بە ئاسانی پارچەکانی پێکەوە دەبەسترێتەوە. سەبارەت بە شەمەندەفەری یەکەم ئاسان نییە لەسەر هێڵی ئاسن جێگیری بکەین و پاڵی پێوە بنێین، بێ ئەوەی پارچەکانی لە یەکتر جیابکرێنەوە، بەڵام ئەوەی دیکە دەکرێ لەسەر زەوی دابنرێ و بە دەست پاڵی پێوە بنرێت، کە منداڵ دەتوانی هەمان تام و چێژی لێوەربگرێت، ئەگەر سندوقێکی کارتۆنیی بچووکی بدرێتێ، ئەوا بە خەیاڵی خۆی دەتوانێت وەك شەمەندەفەرێك، یان ئوتومبێلێکی بارهەڵگر، یان سەرنشین وێنەی بکات، کە یارییەکان، یان شمەکەکان بخاتە ناوییەوە و بەرەو پێشەوە پاڵی پێوە بنێت، یان بە گوێرەی تواناو خەیاڵی بە دوای خۆیدا ڕایبکێشێت، لەبەرئەوە زۆر لە باوکان ئەوانەی کە ناتوانن یاری گرانبەهای وەك ئوتومبێل و فڕۆکە بۆ منداڵەکانیان بکڕن، هەست بە غەمباری دەکەن، بەڵام ئەو دایك و باوکانە ئەگەر هەست بکەن منداڵیان چێژ لە سندوقی کارتۆن وەردەگرێت، ئەوا پێی بەختەوەر دەبن و هەرگیز هەست بە غەمباری ناکەن.

منداڵ بە خەیاڵی خۆی ئەو سندوقە کارتۆنییە دەکاتە هەر شتێك کە بە خەیاڵی خۆی وێنای دەکات، ئەگەر کچ بێت ئەو سندوقە دەکاتە سەرینێك بۆ بوکەڵانەکەی، ئەگەر کوریش بێت دەیکاتە گەراژ، یان ئوتومبێل، یاخود کۆگایەك بۆ پاراستنی شتەکانی.

ئەم شتومەکە سادە و ساکارانە منداڵ بەختەوەر دەکات، بەڵام ئەو یارییە گونجاوە کە بەختەوەری خۆشی دەخاتە دڵیانەوە، ئەو ڕۆژەش دێت کە دایک و باوك جۆرە یارییەك بکڕن، کە هەست بکەن بۆ منداڵەکەیان مایەی خۆشییە، نەك تەنها کڕینی یارییەکە و پڕکردنەوەی ژوورەکەی.

## یاری بۆ کێ؟!

زۆر جار دایك و باوك ئەو یارییە بۆ منداڵەکەیان دەکڕن کە خۆیان ئارەزووی دەکەن، لەبەرئەوەی لە تەمەنی منداڵی خۆیاندا بە هەر هۆیەك بووبێت، ئەو یارییەیان دەست نەکەوتووە، ئێستا دەیکڕن بۆ ئەوەی خۆیان لە منداڵەکەیاندابدۆزنەوە، کە یاری دەکات، ئەو پێوستیە دەرونیەی خۆیان تێر دەکەن، کە بە منداڵی لێی بێبەش بوونە، لەبەرئەوە هەر کەسێك بییەوێت دیارییەك بۆ منداڵەکەی بکڕێت، سەرەتا پێویستە بیر لە پێویستی منداڵەکەی بکاتەوە.

تێبینیش کراوە کڕینی یاری بۆ منداڵ لای هەندێ لە دایك و باوك کارێکی ئاسان نییە، بۆ نمونە دایك بووکەڵانێك بۆ منداڵەکەی دەکڕێت و کۆمەڵێ جل و بەرگ و گوڵوگوارەی تایبەتی لەگەڵدا بێت، ئەو دایکە داوا لە منداڵەکەی دەکات، کە ئەو جل و بەرگ و گوڵوگوارانە بە ڕێكوپێکی بەکاربهێنێت، بۆ نمونە سەرەتا جلەکانی ناوەوەی لەبەر بکات، بەڵام منداڵەکە سەرەتا دەیەوێت تەنوورەکە، یان پاڵتۆکەی، یان شەپقەکەی لەبەر بکات، کەچی دایکی دەستبەجێ هاوار دەکات! وا نابێت.. نا!

یان دایکی دەفتەرێکی نیگارکێشان، یان وێنەدار بۆ منداڵەکەی دەکڕێ، کە وێنەی جۆراوجۆری تیادا کێشراوە و پێنووسی ڕەنگاوڕەنگی لەگەڵدایە، دەستبەجێ ئەو منداڵە یەکێك لەو پێنووسە ڕەنگاوڕەنگانە بە دەستەوە دەگرێت، بە درێژی و پانی بێ ئەوەی بە سەر سنووری وێنەکاندا بڕوات هێڵی جۆراوجۆر دەکێشێت و گوێ نادات بەوەی، کە ئاسمان شین، یان سپی بکات، بەڵام پێی خۆشە ڕەنگی سوور، یان پرتەقاڵی، یان هەر ڕەنگێکی تر بە ئارەزووی خۆی بەکار بێنێت، کەچی دایکەکە ئارام ناگرێت دەستبەجێ بە ئامۆژگاری دەست دەخاتە کاری منداڵەکەیەوە و دەڵێت: " وانابێت نا.. پێویستە ئاسمان شین بێت، گژوگیا سەوز و گوڵیش سوور بێت."

لەوانەشە باوك شەمەندەفەرێکی هێڵی ئاسن، کە چەند فارگۆنێکی بەدواوەیە بۆ منداڵەکەی دەکڕێت، کەچی هەر خۆی شەمەندەفەرەکە ڕێکدەخا، فارگۆنەکانیش یەك لەدوای یەك پێکەوە دەبەستێت، پاشان داوا لە منداڵەکەی دەکات هەمان شت وەکو ئەو بکات و ئەگەر منداڵەکە بە شێوەیەکی تر یارییەکەی ڕێك بخات، ئەوا بە سەری دا هاوار دەکات و دەڵێت: "نا، وانابێت.. نا، حەیوان!"

ژیانی ڕۆژانەش بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و لۆژیك، دووپاتی کردۆتەوە کەم هەموو شتێك لە کاتی خۆیدا دروستە، ئەو کاتەش دێت کەوا منداڵی کچ دەتوانێ بە ڕێكوپێکی جل لەبەر بووکەڵانەکەی بکات و هەروەها وەك چۆن منداڵ نیگارەکانی بە گوێرەی پێویست ڕەنگ دەکات، یان شەمەندەفەرێك بخاتە کار و فارگۆنەکانیش یەك لەدوای یەك پێکەوە ببەستێت، نابێ پەلەیان لێبکرێت، چونکە ئەو شتانەی کە تۆ پەلەیان لێدەکەیت بەستراون بە

تواناكانیانەوە، هەر منداڵەو بە گوێرەی تەمەنی خۆی و توانای پەیبردنی بە شتەكان ڕەفتار دەكات، چونكە ئەو شێوە دەستتێوەردانەی دایك و باوك منداڵ شپرزە دەكات و وای لێدەكات ڕاست و هەڵە لە یەكتر جیادەكاتەوە.

پێویستە دایك و باوك بەشداری یاری بكەن، بەڵام بە مەرجێك ئامادەباشیان لە یاریكردنەكە بە گوێرەی ئاستی منداڵەكە بێت، نەك بە پێچەوانەوە، دەبێ بوار بەو منداڵە بدەن، كە خۆی یارییەكە دەست نیشان بكا و ئەگەر داوای كرد یارمەتیش بدرێ، بەڵام ئەگەر خۆت یارییەكی ئاڵۆزت ئامادەكرد، لێی گەڕێ با خۆی شارەزایی شێوازی مامەڵەكردنی یارییەكە بێت دوای ئەوەی چۆنیەتی بەكارهێنانی بۆ شرۆڤە دەكەین. ئەگەر ببینێت توانای شارەزابوونی نییە ناتوانێ مامەڵەی لەگەڵدا بكات، دەبێ زۆر زیرەكانە و بێ ئەوەی ئەو بزانێ یارییەكەی لێی بشاریتەوە. هەر كاتێك هەستت كرد توانای بەسەری دا دەشكێ ئەو كاتە یارییەكەی بدەوە.

## منداڵ لە یاریکردن بێبەش مەکەن!

ئێمەش لە سەرەتای تەمەنماندا خۆشحاڵ بووین بە یارییەکانمان و بە خۆشی و پەرۆشییەوە باوەشمان بۆ دەکردەوە، لە کاتی یاریکردنماندا هەستمان بە بەختەوەری و ئاسوودەییەکی بێسنوور دەکرد، تەنانەت هەندێ جاریش نانخواردنمان لە بیر دەکرد، یان ئەو ئەرکانەی لە ماڵەوە پێیان ڕادەسپاردین لەبیرمان دەکرد، گەورەکانیش لێمان تورە دەبوون و یارییەکانیان لێ تێک دەداین، چونکە زۆر کەس پێیان وایە یاریکردن خۆخەریککردن و کات بەفیڕۆدانە، پەروەردە و ڕەوشتیش ئەوەیە منداڵ جدی و گوێڕایەڵ بێت.

ڕۆژێکیان کە تەمەنم سێ ساڵ زیاتر بوو، خۆم لەگەڵ یارییەکدا خەریک کردبوو، کە سەرنجی ڕاکێشابووم، ئەویش ئوتومبێلێکی بچووک بوو، هەرکە قورمیشەکەم بادەدا و بەڕێ دەکەوت، خەریک بوو لە خۆشیاندا بفڕم، کە ئوتومبێلەکە دەجوولا و منیش بەدوایدا ڕام دەکرد، پێم سەیر بوو یارییەکی وەها هەر لە خۆیەوە دەجولێت، بێ ئەوەی پاڵی پێوە بنێی، باوکم بانگی کردم نانی لەگەڵدا بخۆم، بەڵام لەگەڵ یارییەکە وا تێکەڵ ببووم گوێم بە باوکم نەدا، ئەویش هەر هاواری دەکرد: "دە وەرە نانەکەت بخۆ"، لەبەرئەوەی وازم لە یارییەکە نەهێنا لێم توورە بوو، دەستی گرتم و یارییەکەمی لە پەنجەرە فڕێدا، بینیم بە ئاسمانەوەی چۆن تەقڵە لێدەدا، تا لە شوێنێکی دوور نیشتەوە، کە لە چاوم ون بوو خەریک بوو شێت و هار بم، دەستبەجێ دەستم

بە گریان کرد، دایکیشم گرتمیە باوەشەوە و بەڵێنی یارییەکی باشتری دامێ، بە مەرجێ گوێڕایەڵی باوکم ببم. ئەم ڕوداوە تا ماوەیەکی زۆر لە مێشکمدا مایەوە، تا گەورەش بووم هەستم بە بێ ئومێدی دەکرد، بۆیە ئێستاش کەسواری ئۆتومبێل دەبم هەست دەکەم لە شوێنێکی بەرز بەردەبمەوە، بۆیە ترس دامدەگرێ تا وردە وردە دەڕەوێتەوە، وەك دەزانین منداڵ لەگەڵ لەدایکبوونیدا کۆمەڵێك مەیلی خواکرد (فترى) و ئامادەباشی لەگەڵدایە پاڵی پێوە دەنێت، کە ڕەفتارێکی وا بنوێنێت ئامانجەکانی بەدی بێنێت، هەموو منداڵانیش بەبێ جیاوازی لەوەدا بەشدارن، ئەگەر لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردنیدا مەیل و ئامادەباشی خۆی هەبێت، ئەوا مەیلی بزاڤ و بەهێزترین مەیلی خواکردە، لە ڕووی کاریگەرییەوە بۆ سەر دەرونی منداڵەکە، چونکە هەر ئەو بزاڤەیە پاڵی پێوە دەنێت بۆ دۆزینەوەی ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، دەوروبەریش لە دار و درخت و باڵندە و مرۆڤی پێ دەناسێنێ لە ڕێگەی بینین و بیستن و هەستەکانیشیەوە دەگاتە ئەو ڕاستییانەی کە پێشتر پەی پێ نەدەبردن.

لەبەرئەوەی پەیوەندی منال بە باوانییەوە تەنها پەیوەندی پشتبەستن نییە، بەڵکو پەیوەندی خۆشەویستی و چاودێری و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و دەرونییە، لەگەڵ مەشقپێکردن لەسەر سەربەخۆیی و پشتبەخۆبەستن و بەشداری پێکردن و فێرکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و شتی دیکە، بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبێت لەو پەیوەندییە ئاڵوگۆرکراوە، ئەگینا بە شێوەیەکی خراپ ڕەفتار، بۆچون و سۆز و هەڵچونەکانی دادەمەزرێ و پشت بە کەسانی تر دەبەستێ، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لاواز دەبێت.

ئەرکی خێزان و قوتابخانەش ناسینەوە و دۆزینەوەی ئەو مەیل و ئارەزوانەیە بۆ پەروەردەکردن و ڕاستکردنەوەی ڕەفتار، یان بایەخپێدان بە گوێرەی پێویستی منداڵەکە و کۆمەڵ لەبەرئەوەی منداڵ ئەگەر ئەو مەیلانەی تێر بوو، هەست بە بەختەوەری و ئاسوودەیی دەکات، بەڵام ئەگەر دووچاری سەپاندن و سەرکوتکردن بوو، ئەوا دووچاری دڵەڕاوکێی دەرونی و پەشێوی ویژدان دەبێتەوە و وای لێدەکات، شەڕانگێز و خاوەن کەسایەتییەکی لاواز بێت.

منداڵ پێویستی بە هەموو جۆرە ماریفەتێک هەیە، وەک بناغەیەک بۆ گەشەپێدانی توانا و بەهرەکانی لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنندا. لە کاتێکیشدا نەمانتوانی سەرنجی منداڵەکە ڕابکێشین بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەت و فێربوونی بەهرەکانی، دەبێ وا سەرنجی ڕاکێشین، کە مافی خۆی لەو مەعریفەتە هەیە، ئەوەش دەکرێ لەرێگەی ئەو یارییەوە بێت، کە هەر لەمناڵییەوە ئارەزووی دەکات، ئەمەش چالاکییەکی بەرچاوە لە ژیاندا، ئەگەر ئێمە بە هۆشیارییەوە بایەخی یاری نەزانین لە پەروەردە کردنی منداڵدا و وا تێبگەین یاری منداڵ سوودی نییە، ئەوا یاریکردن مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست دەدات، بەڵگەش بۆئەوە ئەو فەرمانانەیە کە بەردەوام بە منداڵی دەدەین تا واز لە یاری بێنێ و ئەوە بکات کە خۆمان دەمانەوێ و ئاوڕ لە خوێندنەکەی بداتەوە بێئەوەی هاوکاری بکەین، کاتەکانیشی بە جۆرێک ڕێکبخات، کاتێک بۆ یارییەکان و کاتێکیش بۆ خوێندن و شتەکانی دیکە، ئەگینا ئێمە چۆن بۆی دەبینە پێشەنگ؟

یاریکردنیش ئەو بەها پەروەردەییە بە دەست ناهێنێت، ئەگەر لەژێر ئاڕاستەکردندا نەبێت، لە پێناو گەشەی لەشی و دەرونی و ئاوەزی منداڵ.

بەڵام ئاڕاستەکردن یان سەرپەرشتیکردنی گەورە بۆ منداڵ لە کاتی یاریکردنیدا با لە دوورەوە بێت دەخالەتی تێدا نەکرێت و ڕێگەش لە ئازادی نەگیرێت باشترە، بەڵام دەبێت بەرەو ڕەفتاری باشتر ئاڕاستە بکرێت و هاوکاری بکرێت، ئەگەر پێویستی بوو، هەروەها هانی ئەدگارە چاکەکانیشی بدرێت، بەشداریکردنیش لە چالاکییە ویژدانییەکان هانی دەدات شارەزایی جۆراوجۆر بەدەست بهێنێت، هەڵەکردنیش کارێکی زۆر ئاساییە، چونکە لە ڕێگای هەڵەوە فێردەبێت. بەو پێیەش ئارەزووەکانی لە چالاکییەکاندا بەدی دێنێت و لەسەر تێکۆشان و ئازادی ڕادێت، بە مەرجێك ئەگەر هەڵەشی کرد، یان لێی تێکچوو بە سینگی فراوانەوە لێی وەربگیرێت و بە شێوەیەکی ڕاست ئاڕاستە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە شکست نەترسێت و هەستی لاوازی و بێدەسەلاتی لەلا دروست نەبێت.

منداڵ لە ژیانی ڕۆژانەی تووشی هەڵچوون دەبێت، لەوانەش هەڵەچوونی ترس، کە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ هەڵەچووەکانی دیکەدا و بەیەکێك لەو هێزانەش دەژمێردرێت، کە یارمەتی بۆ بنیاتنانی کەسێتی دەدات، سزاش لەلای منداڵ دەبێتە مایەی دروست بوونی ترس، ڕەنگە نەشزانی بۆچی سزا دەدرێت، لە کاتێکدا گەورەکانیش پێیان وایە ئەو سزایە ڕەفتاری پاك لە منداڵدا دروست دەکات، یان لە کاتێکدا دووچاری هەندێ هەڵوێست دەبێتەوە کە دەبێتە مایەی دروستبوونی ترس، هەروەها منداڵ بەتایبەتی پێش تەمەنی ٦ساڵی لەوانەیە جۆرە ڕەفتارێك بنوێنێت کە نیشانەی چکۆسی (غیرە) بێت، کە دەیەوێت بۆ بە دەستهێنانی خۆشەویستی،

ئەگەر منداڵێکی دیکە لەو خۆشەویستییە سەرنجی دایک و باوک ڕاکێشێت، بەشدار بوو ئەوا هەوڵ دەدات دەستدرێژی بکاتە سەری، هەست کردنی منداڵ بە چکۆسی هەمیشە بە خۆپەرستییەوە بەستراوە، واتە منداڵەکە هەموو بایەخی بۆ خۆی دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر یارییەکی لێ ون بێت، یان بشکێت، یان ئەگەر بە توندی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، یاخود هەر ئارەزوویەکی بۆ جێ بە جێ نەکرێت، یان چەند هۆکار و پاڵنەری دیکەش.

لەبەرئەوە منداڵ پێویستی بە سوککردنی ئەو بارگرژی و ململانێیانە هەیە، کە ئەو فشارانە، یان ئەو بارودۆخەی دروستی دەکات، کە لەدەرەوەی ویستی خۆیەتی و لەوانەیە بە هۆی ئەو شێوازە کرچ و کاڵانەوە بێت، کە لە پەروەردەکردنیدا پەیڕەو دەکرێت، یاخود لەبەر چەپاندنی زۆر لە ئارەزووەکانی بێت، کە تێر ناکرێن، بۆیە بۆ خۆپاراستن و چارەسەرکردنی، پەنا بۆ ڕەفتاری توندوتیژ دەبات، ئەوەش ئامرازێکی کاریگەرە بۆ تێرکردنی ئارەزووە چەپێنراوەکانی. ئەم تێرکردنەشی چارەسەرێکە، بۆ دڵەڕاوکێ و بارگرژییەکانی و دەرپەڕاندنی وەچەیشەڕانگێزی و ڕاستکردنەوەی تێڕوانینە خراپەکانی.

لە ڕێگەی یاریکردنەوە، کەسوکاری منداڵ لە ڕەفتاری منداڵەکەیان دەکۆڵنەوە و مەیل و ئارەزووەکانی ئاشکرا دەکەن، بەڵام بە مەرجێك یاریکردنەکەی سروشتیانە بەڕێوەچووبێت. وەکو ئەو یارییەی پێی خۆشە و ئارەزووی دەکات، گرنگیش نییە ئەو لە چ کاتێك و شوێنێکدا بێت و چ جۆرە یارییەك بێت. دایك و باوکیش دەگەنە ئەو ڕاستییە دەڵێت: گەورەکان لە بچووکوکانەوە فێر دەبن، واتە ئەو شتانە فێردەبن کە لە خەیاڵیاندا هەبووە.

## ئەرکەکانی یاریکردن
## وەک توخمێکی سەرەکی بۆ پەروەردە:

**ئەرکی فسیۆلۆژی:** لەم بوارەدا تێروانینی ڕوون و ئاشکرا، دەربارەی لەش و گەشەکردنی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەندامەکانی و مەشقپێکردنیان لەلای منداڵ دروست دەبێت؛ هەروەها زیادە وزەش دەردەپەڕێنێت، بەڵام پێویستە یارییە جەستەییەکانی منداڵ بە پێی توانا لە ژێر چاودێری گەورەکان نزیک بێت؛ بۆ ئەوەی لەو مەترسییانە دوور بکەوێتەوە، کە ڕەنگە لە کاتی یاریکردندا منداڵ ئاگای لەخۆ نەبێت.

**ئەرکی کۆمەڵایەتی:** یاریکردن ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیانەی منداڵ و هاوسەنگی هەڵچوون؛ بۆ ئەوەی منداڵ خۆپەرست و بەرچاوتەنگ نەبێ. لە ناو خێزانیش یاریکردن دەبێتە مایەی خۆ خەریککردنی منداڵ و باش بەکارهێنانی کاتی ڤالایی دوور کەوتنەوە لە بزێوی، هەروەها دەبێتە مایەی هەڵمژینی ئەو زیادەوزەیەی کە لەگەڵیدا کۆبۆتەوە، هەروەکو لە پێشدا باسمانکرد. ئەمە جگە لەوەی دووریشیان دەخاتەوە لە ناکۆکی و ململانێ؛ لە نێوان خۆی و خوشك و برا و منداڵانی کەسوکاری جگە لەو فێری دابی باش و پەیوەندی ساغلەم دەبن. لە قوتابخانەش لە میانەی هەڵچوون و پەیوەندییەکانی لەگەڵ منداڵانی دیکە، فێری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی پەسەند

خۆشەویستی و سۆزی دایك و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی، زمانیان فێردەبێت و لە ئەزموونەکانیانەوە سوود وەردەگرێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری داب و نەریت و سۆز و حەز و خولیاکانیانەوە. هەروەها منداڵ پێویستی بە یارمەتی دانی خەیاڵی هەیە، دەربارەی وێنەکانی و بەپەرۆشەوە دەست بۆ ئەو پەرتوکانە دەبات کە پڕن لە وێنەی مرۆڤ و گیاندار، سەرەتا لەوانەیە واتای وشەکان کە دەیبیستێ یان ئەوەی دەخوێنێتەوە لەو پەرتوکانە نەزانێت چییە، بەڵام بەخەیاڵانەی تێدایە دڵخۆش دەبێت، لەگەڵ پەرەسەندنی گەشەی منداڵ لەدەوروبەری ٦ ساڵیدا فرت و فێڵ و سەرکێشی سەرنجی ڕادەکێشێت، بە تایبەتی چیرۆکی خەیاڵی و کە سایەتییە خورافییەکان، لە دوا قۆناغی منداڵێتی دەوروبەری (١٠) ساڵان مەیلی چیرۆکی دێدەوانی و گەشت و سەیران دەکات، چیرۆك بەلای منداڵەوە سەرنجڕاکێشان و شەوق و وروژاندنی توخمێکی کاریگەرە لە گەشەپێدانی هۆش و ویژدانی منداڵ.

خودچالاکی منداڵیش ئەو پرەنسیبە گرنگانەیە، کە دەروونناسان و پەروەردکاران جەختیان لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی سەرەکی بۆ فێرکردنی منداڵ، لەبەر ئەوەشە ڕێگای وتار بۆ منداڵ سوودی نییە، پێویستە مامۆستا لەلای خۆیەوە چالاکییەك ئەنجام بدات، ئەوە خودچالاکییە واتە ئەو چالاکییە، لە خودی مامۆستاکەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و منداڵیش لاسایی دەکاتەوە، بەو پێیە توانای وەرگرتنی زانیاری و ماریفەت زیاتر دەبێت، یاریکردنیش گرنگترین سەرچاوەی خودچالاکییە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، لەبەرئەوە گرنگە گەورە بایەخی پێبدات، هەروەکو ئامرازەکانی یاریکردن، چالاکی هونەری. یاریکردنیش دەبێتە مایەی جوانی زەوق و

خۆشەویستی و سۆزی دایك و ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی، زمانیان فێردەبێت و لە ئەزموونەکانیانەوە سوود وەردەگرێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەری داب و نەریت و سۆز و حەز و خولیاکانیانەوە. هەروەها منداڵ پێویستی بە یارمەتی دانی خەیاڵی هەیە، دەربارەی وێنەکانی و بەپەرۆشەوە دەست بۆ ئەو پەرتوکانە دەبات کە پڕن لە وێنەی مرۆڤ و گیاندار، سەرەتا لەوانەیە واتای وشەکان کە دەیبیستێ یان ئەوەی دەخوێنێتەوە لەو پەرتوکانە نەزانێت چییە، بەڵام بەخەیاڵانەی تێدایە دڵخۆش دەبێت، لەگەڵ پەرەسەندنی گەشەی منداڵ لەدەوروبەری ٦ ساڵیدا فرت و فێڵ و سەرکێشی سەرنجی ڕادەکێشێت، بە تایبەتی چیرۆکی خەیاڵی و کە سایەتییە خورافییەکان، لە دوا قۆناغی منداڵێتی دەوررووبەری (١٠) ساڵان مەیلی چیرۆکی دێدەوانی و گەشت و سەیران دەکات، چیرۆك بەلای منداڵەوە سەرنجڕاکێشان و شەوق و وروژاندنی توخمێکی کاریگەرە لە گەشەپێدانی هۆش و ویژدانی منداڵ.

خودچالاکی منداڵیش ئەو پرەنسیبە گرنگانەیە، کە دەروونناسان و پەروەردکاران جەختیان لەسەر کردووە، بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەکی سەرەکی بۆ فێرکردنی منداڵ، لەبەر ئەوەشە ڕێگای وتار بۆ منداڵ سوودی نییە، پێویستە مامۆستا لەلای خۆیەوە چالاکییەك ئەنجام بدات، ئەوە خودچالاکییە واتە ئەو چالاکییە، لە خودی مامۆستاکەوە سەرچاوە هەڵدەگرێت و منداڵیش لاسایی دەکاتەوە، بەو پێیە توانای وەرگرتنی زانیاری و ماریفەت زیاتر دەبێت، یاریکردنیش گرنگترین سەرچاوەی خودچالاکییە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، لەبەرئەوە گرنگە گەورە بایەخی پێبدات، هەروەکو ئامرازەکانی یاریکردن، چالاکی هونەری. یاریکردنیش دەبێتە مایەی جوانی زەوق و

گەشەدان بە هەستە ناسکەکان، وێنە و نیگاریش سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن هەرچەندە لە سەرەتاوە بەهۆی لاوازی هاوسەنگی ئەقڵی، ناتوانێت نیگار بکات، بەڵام بەوە دڵخۆش و شادومانە، کە بە دەستی خۆی بە قەڵەمی دار، یان ڕەنگ، یان گەچ (تەباشیر) هێڵەکان ڕادەکێشێت بەهۆیەوە گوزارشت لە خەیاڵی خۆی دەکات، چونکە ئەو نیگارشێوانەی کە بەدەستی خۆی دروستیان دەکات، گوزارشتە لە ناخ و هەڵچوون و ئەو شتانەی بایەخیان پێدەدات، ئەو هێڵکێشانەش لە سەرەتاوە هێماکارین، بەڵام دوای شەش ساڵی دەتوانێ زاڵ بێ بەسەر ئەو هێڵکارییانە، کە بە دەستی خۆی ڕایان دەکێشێت، بەرنامە و ڕۆشنبیری و یاریکردن و نیگار و یارییە ئەلیکترۆنییەکان، یان ئامرازەکانی نیگار کێشان و موزیك، یاخود هەر شتێکی تر بۆ کات بەسەربردن نییە، بەڵکو هۆکاری یارمەتیدەرن بۆ گەشەپێدانی درك و هەست و تواناکانی منداڵ، ئەگەر منداڵ بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی چێژ وەرگرتنی موزیك فێر ببێت و وردە وردەش دەتوانێ بە هۆکاری ئاڵۆزتر یاری بکات.

لەبەرئەوە خوێندنەوە هۆکارێکی کاریگەرە بۆ لایەنی ڕۆشنبیری منداڵ، پێویستە بە پەرتوکی وێنەدار و یارییە وێنە ئاساکان هانی بدەین و فێری بکەین پەرتوکە جیاوازەکان بخوێنێتەوە، پێویستە پەرتوکخانەیەك لە ماڵەوە دروست بکرێ، کە هەموو جۆرە پەرتوك و گۆڤارێك لەخۆبگرێت.

کەواتە خێزان بەو باوەڕ و مەعریفەتەی هەیەتی، لە بارەی گرنگیی یاریکردن و سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و هاندانی منداڵ بۆ یاری، یارمەتی منداڵ دەدات، کە تام و چێژ لە کاتەکان وەربگرێت و پێویستییە دەروونییەکانی تێربکات، کە گوزارشت لە ئارەزووە چەپێنراو و ململانێ

دەرونییەکانی ناوەوەی بکات و بێزاری و دڵتەنگی لە خۆی دوور بخاتەوە، ئەو یارییە دەبێتە مایەی فێربوون و شارەزابوون و دەرخستنی بەهرەکان، گەورەکانیش لە میانەی بەشداریکردنیان لە یاری منداڵ، تام و چێژ وەردەگرن، ناشبێ جۆرە یارییەك بە منداڵ بدرێت لە توانای خۆی زیاتر بێت، بۆ ئەوەی ئەنجامەکان پێچەوانە نەبنەوە.

## پێش ئەوەی یاری بۆ منداڵەکەت بکڕی

ئەو یارییەی بۆ منداڵەکەت دەیکڕی نابێ مەترسی لەسەر ژیانی دروست بکات، بۆ نمونە ئەو یاریانەی کە گۆشەی تیژن، یان پارچەی تیژیان پێوەیە. لەوانەیە ببێتە هۆی ئازاردانی، یان برینداربوونی پەنجەی منداڵەکە. هەروەها ناشبێ پارچەکانی لێکجودا بکرێنەوە، نەوەک قووت بدرێن، بە تایبەتیش لەلایەن منداڵی بچووکەوە، هەندێ یاریش هەیە پارچەکانی جیادەکرێنەوە، نابێ بدرێتە منداڵی بچوك وەکو ئەو بوکەشوشانەی کە لە پەڕۆ دروستکراون و چاوەکانیش لە شووشەن و لە شوێنی خۆیان هەڵدەکەنرێن، لەوانەیە منداڵ بیانکاتەوە و بیانخاتە دەمییەوە، هەندێ یاریش هەیە لە کەوڵی کەروێشك دروستکراون و هەرزانیشن، لەوانەیە سەرنجی منداڵ ڕابکێشن، بەڵام زۆر جار ئەم جۆرە یارییانە نەخۆشی هەڵدەگرێت، لەبەرئەوە دەبێ ئەو جۆرە یارییانە هەڵبژێردرێ، کە پاك دەکرێنەوە، هەندێ جاریش ئەو یارییانە ڕەنگکراون و لەوانەیە مادەی کیمیاوی مەترسیداریان هەڵگرتبێت، بۆیە دەبێ ئاگاداریان بین.

### منداڵ کەی دەست بەیاری کردن دەکات؟

وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نییە، وەلێ منداڵی تازە لەدایکبووی ٣ مانگان دەکرێ تام و چێژ لە شەقشەقە وەربگرێ، یەکەم جار دایکی گوێبیستی شەقشەقەکەی دەکات، یان دەیخاتە نێوان پەنجەکانییەوە،

کاتێ لە دەستی بەردەبێتەوە، ناتوانێ جارێکی تر بیخاتەوە دەستی، لە مانگی چوارەم دەتوانێ شەقشەقەکە بجوڵێنێ و زۆر بەختەوەریش دەبێت کە دەنگی لێوە دێت دوای پێنج مانگیش منداڵ لەگەڵ زۆر لە یاریکاندا دڵخۆش دەبێت و بەکاریان دەهێنێت، کە هەرزان ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرن وەکو میکانۆ و کەوچك و کوپی پلاستیك و شتی دیکە.

بەڵام هەندێ تەختەی شەشپاڵوو کە بەکاغەزی ڕەنگاورەنگ دەڕازێتەوە، بەکەڵکی ئەم تەمەنە نایەت، چونکە لەوانەیە کاغەزەکان بسوێت، یان لێبکاتەوە، بۆیە باشتر وایە ئەو شەشپاڵووانە ڕەنگی جێگیری خۆیان هەبێت.

لە مانگی شەشەمەوە تا یەك ساڵی منداڵ ئەو یارییانە بەکاردێنێت، کە بریتین لەوەی شتێك بخاتە ناو شتێکەوە و پاشان دەری بکاتەوە، یان بە تۆپ یاری بکات.

**ئەو یاریانەی سەرنجی منداڵ ڕاناکێشن !**

دوای تێپەربوونی ساڵێك بەسەر تەمەنی منداڵ، پێویستە هەندێ شتی گرنگمان لە پێش چاو بێت بەر لەوەی یاری گونجاوی بۆ هەڵبژێرین، لەوانەیە یارییەکی گرانبەهای بۆ بکڕین، بەڵام بۆ ماوەیەکی کەم نەبێت سەرنجی ڕاناکێشێ و پاشان وازی لێبهێنێ، ئەم جۆرە یارییە خەیاڵی نابزوێنێ و هەلی ئەوەی ناداتێ تواناکانی خۆی تیادا بەکار بێنێ.

خراپترین یاریش لەم تەمەنە یاری میکانیکە، ڕاستە ئەم یارییانە نرخیان گرانە و سەرنجی گەورەکان ڕادەکێشێت، بەڵام نابێ پێش تەمەنی شەش ساڵی بخرێتە بەردەستی منداڵ، چونکە ئەم یارییانە کە سەرنجی گەورەکانی

ڕاکێشاوە، مەرج نییە سەرنجی منداڵ ڕابکێشێ، نهێنییەکەش لەوەدایە منداڵ توانای بەسەریدا ناشکێت، کە دەبینێت دەجولێن و دەسوڕێنەوە، دەستەوەستانە، هیچ ڕۆڵێکی نییە بەرامبەریان، ئەگەر دیقەت. بدرێ، ئەم یارییانە سەرنجی باوکان ڕادەکێشن، نەك منداڵ .

ئەم ڕاستییەش لەوەدا دەردەکەوێت کە دەبینین منداڵ ئەو جۆرە یارییانە تێکدەشکێنێ بە پارچەکانی یاری دەکات، هاوکات باوکیشی لێی تووڕە دەبێت بۆ ئەوەی یارییەکانی نەشکێنێ، بەڵکو تەماشا بکات کە چۆن ئەو یارییە، کە شەمەندەفەرێکە دەسوڕێتەوە و زۆر جاریش منداڵ سورە لەسەر ئەوەی پارچەکانی یارییەك هەڵوەشێنێتەوە و باوکیش پێی وایە منداڵەکەی تێکدەر و کاولکەرە. ڕاستییەکەش ئەوەیە، باوك یارییەکی نەگونجاوی خستۆتە بەر دەستی منداڵەکەی و منداڵەکەشی ناچار بوو بەبیرو باوەڕی تایبەتی خۆی سوود لەو یارییە وەربگرێت، کەسەرنجی ڕادەکێشێت هەرچەندەش نایوروژێنێت.

## منداڵ بۆ یارییەکانی دەشکێنێ ؟

کاتێك دایك و باوك یاری بۆ منداڵە یەك ساڵەکەیان دەکڕن ، دەبێ ئاگاداری ئەم خاڵانە بن:

١- پێویستە ئەو جۆرە یاریانە بکڕن، کە منداڵ بەدەستی خۆی بیانجولێنێ نەك بە قورمیش، یان کۆنترۆڵ ئیش بکات و ئەو ڕۆڵی لەکارکردنیدا نەبێت، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا حەز لەو جۆرە یارییانە ناکات کە خۆی نایجولێنێ، بەڵکو حەز دەکات خۆی کارلێك لەگەڵ یاریەکاندا بکات.

٢- چۆنیەتی بەکارهێنانی یاری هەڵیکە بۆ خولقاندنی بەهرە و شارەزایی نوێی منداڵەکە .

٣- پێویستە ئەو یارییانە ئامرازێك بن بۆ ڕاهێنان و بزواندنی خەیاڵ و توانای منداڵ، کەواتە بەو پێیە ئەگەر یاریمان بۆ منداڵ کڕی، دەبێ لە خۆمان بپرسین:

أ - ئایا ئەم یارییە دەبێتە مایەی وروژاندنی بیرکردنەوەی منداڵەکە؟

ب - منداڵەکە دەتوانێت بەچەند شێوە ئەو یارییانە بەکاربهێنێت؟

دڵنیاش بە منداڵەکەت یارییەك بۆ ماوەیەکی زۆر بەباشتر دەزانێت، لە یارییەکی دیکە، کە ڕەنگە گرنگی خۆی هەبێت بۆ ڕاهێنان و فێرکردن.

ئێمە بە هەڵەدا چووین ئەگەر بڵێین، هێشتا کاتی فێرکردنی منداڵەکە نەهاتووە لەبەرئەوەی تەمەنی بچووکە، یاریکردن لەماڵەوە لەوانەیە لە هەر کاتێك دەست پێبکات، ئەو یارییەش کە دەیدرێتی لەوانەیە فێری زۆر شتی بکات، هەندێك لە دایکان لەوە دەترسن کە بۆچی منداڵ هەندێ یاری، کە دەیدرێتێ دەیانشکێنێ؟

هۆکارەکەش ئەوەیە کاتێ منداڵ هەست بە بێزار بوون دەکات لە هەر یارییەك دەستبەجێ پەنا دەباتە بەر شکاندنی، چونکە شتێکی وای لێ نادۆزێتەوە خۆی پێوە خەریك بکات، هەندێ لێکۆڵینەوەش دەڵێن: منداڵ بۆ گوزارشتکردن لە هەڵچوونەکانی یارییەکانی تێکدەشکێنێ .

پرسیارێکی دیکە، ئایا ڕاستە دایك هەموو یارییەکان بەجارێك بخاتە بەر دەستی منداڵ؟

قەرەباڵغی ژووری منداڵ بە یاری، وا لە منداڵەکە دەکات هەست بە بێزاربوون بکات، لەبەر ئەوە باشتر وایە هەندێ لەو یارییانە هەڵگرین و هەمووی بە جارێک نەخرێتە بەردەستی منداڵ و ئەوەیشی دەخرێتە بەردەستی جارناجارێک لێی بسەندرێتەوە، بۆ ئەوەی بە یارییەکی دیکە بیگۆڕێتەوە، بەو پێیەش منداڵ هەمیشە بە تازەیی دەڕوانێتە یارییەکان و لێیان بێزار نابێت.

لە دەوروبەری تەمەنی (١)ساڵی، نابێ یاری وەکو تیر و کەوان بە منداڵ بدرێ، چونکە لەوانەیە ڕوداوی خراپی دژ بەخۆی و برادەرەکانی لێ بکەوێتەوە، پێنووسیش یەکێکە لەو یارییانەی، کە منداڵ تەنها بەکاری ئامێنێ بۆ نووسین و نیگارکێشان، ڕەنگە ئازاری هاوڕێکانیشی پێبدات، پێویستیشە شوێنێک وەکو سندوق، یان کارتۆن بۆ پاراستن و هەڵگرتنی یارییەکانی تەرخان بکرێت، کە بەهۆیەوە منداڵ هەست بە خاوەندارێتی دەکات.

**لە دووەم ساڵی تەمەندا..**

وا باوە منداڵ دوای تەمەنی (١) ساڵی، یارییەکان ماوەی ساڵێک بەکاربهێنێت، لەم تەمەنەدا ئارەزووی پاکەتی بەتاڵ و یاری پلاستیکی سەرئاو و کوپ و کەوچک دەکات، بەم جۆرە یارییانە سەرقاڵ دەبێت و دەیانپشکنێت و ئەم دیوەودیویان دەکات و پێیان ڕادەبوێرێت.

لەم تەمەنەدا زارۆک ئارەزووی دووبارەکردنەوەی جۆرە کارێک دەکات، وەک بەتاڵکردنی سەندوقێکی پڕ لەشمەک و پاشان تێخستنی و بەتاڵکردنەوەی.

**دیاری سادەو هەرزان:**

لەو دیارییانەی کە سادە و بە سوودن پاکەتی پڕ لە شەشپاڵووی لە دار دروستکراو. منداڵ لەم تەمەنەدا ئارەزووی ئەوە دەکات شەشپاڵووەکان بەکاربهێنێت ویارییان پێبکات، ڕۆژبەرۆژیش بە شێوەیەکی تر بەکاریان دەهێنێت، شێوازی وا بەکار دەهێنێت بەگوێرەی تەمەنی ڕۆژبەڕۆژ ئاڵوزتر دەبێت.

منداڵ لە دووەم ساڵی تەمەنیدا ئارەزووی ئەو یارییانە دەکات، کە ڕادەکێشرێن یان پاڵیان پێوەدەنرێت، بەڵام بەمەرجێك قورس نەبن و بتوانێت بیانجولێنێت یان ئازاری بدات، یاری سادە و هەرزان و زۆرن، کە دەکرێ سوودبەخش بێت و مایەی دڵخۆشکردنی منداڵەکەی بێت، بۆ نمونە دایك دەتوانێت پێنووسێکی نیگارکێشان ئامادە بکات و وێنەی ڕەنگاوڕەنگی بە پەڕەکانیانەوە بلکێنێت، وەکو وێنەی ئاژەڵ و باڵندە و دیمەنی سروشتی، ئەمەش دەبێتە مایەی پێشخستنی زمان و دڵخۆشکردنی زارۆك، لەسەر دایکیش پێویستە دیقەتی ئەوە بدات کە ئەم جۆرە یارییانە سادە و ساکارن. لە کۆتایی ساڵی دووەم منداڵ دەست بە لاساییکردنەوەی دایکی دەکات، لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکانی ماڵەوەی، لێرەدا پێویستە لەسەر دایك ئاگاداری ئەو ئامرازانە بێت، کە زیان بە منداڵەکە نە گەینێت و چاوکراوە بێت، بۆ ئەوەی کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی منداڵەکە دروست نەکات، لەم تەمەنەدا منداڵ ئارەزووی ئەو یارییانە دەکات کە دەنگیان لێوە دەردەچێت، وەکو ئامێری مۆسقای سادە و ساکار.

**لە تەمەنی سێ ساڵیدا:**

لەم تەمەنەدا منداڵ ئارەزووی لاسایی کردنەوە دەکات، جگە لەوەی کەمەیلی هێڵکاری و نیگارکێشانی هەیە، بۆیە(گەچ)تەباشیر و شتی لەو جۆرەی لەلا خۆشەویستە، لەوانەشە بەدەم یاریکردنەوە ئەم شتانە بئاخنێتە دەمی خۆیەوە، بۆیە پێویستە لەسەر دایک و باوک ئاگاداری بن و هەموو شتێکی لەو جۆرەی نەخەنە بەردەست کە مەترسی بۆ سەر ژیانی هەیە.

لەم تەمەنەدا منداڵ حەزی لە بووکەشوشەیە شتومەکی بۆ دەکڕێ و جل و بەرگی بۆ دەپۆشی، وەك بڵێی بە ڕاستی لەگەڵ ئەو بووکەدا دەژی، پێویستە بزانیین و دڵنیا بین لەوەی، کە مەترسییەکی کۆمەڵایەتی، یان دەرونی لە ئارادا نابێت ئەگەر منداڵی کوڕ یاری بە بووکە بکات، ئەمەش ڕاست نییە کە دەڵێن بووکەشوشە تەنها تایبەتە بە کچان، دەکرێ لەم تەمەنەدا منداڵ مەقەستیش بەکاربێنێ، بەمەرجێك تیژ نەبێت، چونکە بۆ بڕین و دەرهێنانی وێنەی ڕەنگاورەنگەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پێویستە، کە مایەی دڵخۆشی و سودبەخشینە و فێری شێوە و قەبارەکان دەبێت.

لە هەمانکاتدا لەوانەیە منداڵ پێی خۆش بێت، هەندێ لەو وێنانە ڕەنگیان بکات کە دەریان دێنێت، بۆیە باشترە قەڵەمی ڕەنگاورەنگیش هەبێت.

پەرتوکە پڕ وێنە ڕەنگاورەنگەکانیش سەرنجی ڕادەکێشێت، کە زۆر بەپەرۆشەوە بە دوایاندا دەگەڕێنن و دەیانپشکنێت، لەم تەمەنەدا منداڵ ئارەزووی پایسکیلی سێ چەرخە دەکات.

**تا تەمەنی پێنج ساڵیی:**

لەم تەمەنەدا چوونە دەرەوە لەماڵەوە بۆ باخچە و یاریگاکان سوود بە منداڵ دەگەیەنێت و بە هۆیەوە پەیژەی دارین دەبینێت و خۆی پیایاندا هەڵدەواسێت، جگە لەو پشتێنەیەی دەوری پەیژەکەش کە پیادا هەڵدەشاخێت، وێڕای سواربوونی سێچەرخە و جۆلانێ، کە ئەمانە هەموویان سوودیان بۆ تەندروستی هەیە، هەر لەم تەمەنەدا منداڵ پەیوەندی لەگەڵ گیاندارە ماڵییەکانی وەك باڵندە و سەگ و پشیلە دەست پێدەکات، کە پێویستە فێری ئەوە بکرێت بەزەیی بە ئاژەڵدا بێتەوە، هەروەها گیانی بەرپرسیارێتی تیادا گەشە پێ بدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ئاژەڵانە هەستی بەختەوەری بە منداڵ دەبەخشن، لەوانەش سەگ و پشیلە و ماسی ڕەنگاوڕەنگ و باڵندەی ماڵی، پێویستیشە لەسەر دایك و باوك بە وردی ژیان و گوزەران و زاوزێی ئەو گیاندارانە بۆ منداڵان شیبکەنەوە، بۆ ئەوەی ئاسۆیان فراوانتر بێت.

## یارییەکانی منداڵ کامیان مەترسیدارە و کامیان سوود بەخشە؟

یاری ئەو شتە زۆر گرینگەیە، کە بە گەشەکردنی منداڵ یارمەتیدانی بۆ دۆزینەوەی خۆی و گەشەپێدانی تواناکانی و فراوانکردنی هەستەکانی لە میانەی ئەزموون و بەشداریکردندا، هەروەها پێویستیشە بۆ دەرپەڕاندنی هەڵچوون و تواناکانی و بەردەوامیی چوست و چالاکی.

منداڵی کۆمەڵگەی عەرەبیش* وەك هەر منداڵێکی کۆمەڵگەی جیهان ئارەزووی یاری دەکات، بەڵام ئایا ئەو یارییانەی کە پێویستن بۆ گەشەدان بە کەسێتی منداڵ دەگەنە منداڵی کۆمەڵگەی ئێمە، یان بونیان هەیە و دایك و باوك هۆشیاری تەواویان لە بارەیەوە هەیە، کە چ جۆرە یارییەك بۆ منداڵ لە تەمەنە جیاوازەکان پێویستە؟ هەرچۆنێك بێت یاریکردنی منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمە، تارادەیەکی زۆر یاریکردنی کوێرانەیە و هیچ بنەمایەکی زانستی نییە، ئەمەش بەستراوە بە ئاستی هۆشیاری دایك و باوکەوە، کەواتە با بزانین چ جۆرە یارییەك زیانی هەیە و چ جۆرە یارییەکیش سوودی هەیە، بۆ تەمەنێکی دیاریکراون؟

---

* کۆمەڵگەی کوردیش دەگرێتەوە، چونکە لەرووی یاری و داب و نەریتەکانی لێکنزیکن (وەرگێڕ).

**یاریکردنی منداڵ دیاردەیەکی جیهانییە!**

یاری ڕۆڵێکی گەورە لە گەشەکردنی منداڵ دەگێڕێ، لەوانەشە زۆر زیانی هەبێت، کارگەکانی دروست کردنی یاری منداڵان، ساڵانە زیاتر لە ٦٥٠هەزار جۆری یاری دروست دەکەن و ساڵانەش زیاتر لە ٦٥٠ ملیۆن یاری بەرهەم دێنن.

مەترسیدارترین یاریش، ئەو یارییانەن کە دەبنە مایەی ئازارگەیاندن بە منداڵان و تووشی ڕوداویان دەکەن، وەکو یاری کارەبایی، یارییە تیژ و زبر و دڕکاوییەکان ....تد کە پێویستە لێیان ئاگاداربین و زیان بە منداڵ نەگەینن.

**قوتاندنی یاری:**

بۆ ئەوەی منداڵ یارییەکان، یان پارچەکانی قووت نەدات، پێویستە یارییەکان قەوارە گەورە بن و پارچەکانی بە ئاسانی هەڵنەوەشێتەوە، دەبێ لەسەر پاکەتی یارییەکان تەمەنیش دیاری بکرێت، بۆ ئەوەی هەر منداڵە و بە گوێرەی تەمەنی خۆی یاری بۆ بکڕدرێت.

**میزڵدان (دەبدەبە)**

منداڵ حەزی لە میزڵدانە بۆ ئەوەی فووی تێبکات، بەڵام لە کاتی تەقینی ئەو یارییە پارچەی بچوکی لێدەبێتەوە، دوور نییە بپەڕێتە قورگی منداڵ و ببێتە هۆی خنکاندنی، بۆیە دوای تەقینی ئەو میزڵدانە نابی منداڵ یاری پێبکات، کە دوای تەقینی فوو دەکاتە پارچەکانی و لە ناو دەمییەوە گلۆپی لێ دروست دەکات و بە ددان دەیتەقێنێ.

**یاریی تەقینەوە و ئاگرین:**

هەندێ یاریی هەیە ماددەی کیمیاوی لە خۆ دەگرێت، کە لەوانەیە ببێتە هۆی تەقینەوە، یان ئەگەر منداڵ قووتی بدات تووشی ژەهراوی بوونی دەکات، ئەم جۆرە یارییانە لە بۆنە و جەژنەکان زۆرن، وەکو یاری تەقینەوە و یارییە ئاگراوییەکان و تیروکەوان، کە لەوانەیە منداڵ ئازار بدات و بیکەن بە چاوی یەکتریدا.

**ئەو یارییەی کە بۆ منداڵ گونجاوە:**

لە کاتی کڕینی یاریدا پێویستە، ڕەچاوی تەمەنی منداڵ و ڕەگەز و گەشە و هۆشیاری و تواناى بکرێت، چونکە منداڵ سەرەرای تەمەنیان، لە گەشە و توانا و هەستەکانیان جیاوازن، بۆیە پێویستە لەسەر دایک و باوک بزانن چ جۆرە یارییەک بۆ منداڵ گونجاوە سەبارەت بە گرنگی و بایەخی یاریکردنی منداڵیش باشتر وایە زانیارییان هەبێت.

**یارییەکانی تەمەنی یەک ساڵ:**

کاتێ منداڵ هەوڵ دەدات شت بگرێت و لەو کاتە بە پشت و بە دەمدا دەکەوێت و پاشان دادەنیشێت، باشترین شوێن بۆی شوێنی نوستنێتی، منداڵ دوای ئەوەی گاگۆلکێ دەکات، دەست بۆ هەموو شتێک دەبات و دەیخاتە دەمیەوە، بۆیە لەم تەمەنەدا پێویستە هەمیشە لە ژێر چاودێریدا بێت، بۆیە ئەو یارییانە باشترە کە هەستەکانی چاو و گوێ و تد.... دەوروژێنێ،

گرنگترین ئەو یارییانەش وەکو شەش پاڵوی لە دار، یان لە پلاستیک دروست کراو، یان ئاژەڵی لە لاستیک دروستکراو، بەتایبەتی ئەوانەی کە فشاریان دەخرێتە سەر و دەنگیان لێ دەردەچێت، وەکو بۆقی پلاستیک، یان ورچ، یان .....تد.

هەروەها بووکە شووشە ئەو ئاژەڵانەی کە سەرئاو دەکەون، ئەو یارییانەی، کە نەرمن و توانای قوپانەوەیان هەیە و دواتر بچنەوە دۆخی خۆیان و هەندێ جاریش منداڵ گازیان لێدەگرێت دیسان دەچنەوە دۆخی پێشتریان.

**یارییەکانی تەمەنی دوو ساڵی:**

منداڵ لەوتەمەنەدا بە پەرستی و حەزی گەڕان جیادەکرێتەوە، هەستیش بەمەترسی ناکات و پێویستە بە بەردەوامی چاودێری بکرێت، گرنگترین یارییەکانی ئەم تەمەنەش:

- ئەو پەرتوکانەی کە نیگار و وێنەی گەورە و ڕەنگاوڕەنگ لەخۆدەگرن.
- بووکە شووشە و جۆرەکانی.
- ئۆتۆمبێلی پلاستیک.
- ئامرازی سادە و موزیک.
- ئەو یارییانەی کە ڕادەکێشرین، یان پاڵیان پێوە دەنرێت.
- یاری تەلەفۆن، کە منداڵان لەیەکتر دوور دەکەونەوە و قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن.

**یارییەکانی تەمەنی دوو تا شەشساڵی:**

لەم تەمەنەدا منداڵ هەڵبەز و دابەز دەکات و دەڕوات و دەگەڕێتەوە، دەشکرێ فێر بکرێ و ڕابهێنرێ، دەست بە سواربوونی دوو چەرخە بکات و بە شتی بەرزدا هەڵشاخێت و دەوروبەری بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوە ئەم جۆرە یارییانەی پێخۆشە :

- ئەو پەرتوکانەی کە چیرۆکی وێنەی ڕەنگاوڕەنگ لە خۆ دەگرن.
- تەختەڕەش و گەچ.
- پێنووسی ڕەنگاورەنگ، بە بێ زیان.
- شەشپالۆ، بۆ دروستکردنی هەندێ شێوە.

**تەمەنی شەش تا نۆ ساڵی:**

لەم تەمەنەدا منداڵ بوێر و چاونەترسە و لە هەمان کاتدا هەست بە مەترسیش دەکات، کە لە میانەی جموجۆڵی خۆی دوچاری دەبێتەوە، لەبەرئەوە ئەم جۆرە یارییانەی لەلا خۆشەویستە:

- شەمەندەفەر - بووکەڵانەی ئاڵۆز، یارییەکانی زیرەکی وەکو مار و پەیژە، دوو چەرخە، یارییەکانی نەخۆش و پزیشک.

**تەمەنی نۆ تا چواردە ساڵی:**

لەم تەمەنەدا منداڵ دەست بە بزاڤ و وەرزش دەکات، هەندێ ئارەزووی لە لا بەرجەستە دەبێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر دایک و باوک و مامۆستا و دەوروبەری بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن:

- پەرەپێدانی خولیاکانی، وەکو نیگارکێشان و مویزیک و وەرزش و ...تد
- کۆمپیوتەر و بابەتەکانی .

لەوانەشە هەڵبژاردنی یاری بێ مەترسی و فێرکردنی کە چۆن یاری دەکات و چۆن تێبینی دەکات لە کاتی یاریکردن، لەگەڵ پاراستن و چاککردنەوەی پێویست بۆ یارییەکان، لەوانەیە ئەم شتانە منداڵ لە ئازار دووربخاتەوە، بۆیە ڕۆڵی دایکان و مامۆستایان و سەرپەرشتیارانی باخچە و یاریگاکان ئەوەیە، ئاگاداری منداڵ بن.

## مەترسی جگەرەکێشان لەسەر منداڵ

لێکۆڵەرەوان لە زۆر وڵاتی دونیادا، مەترسی جگەرەکێشانی دایک و باوکیان لەسەر منداڵ دەرخستووە.

دوای لەدایکبوونی منداڵ بە ماوەیەکی کەم دەرکەوتووە، ئەو منداڵەی کەس و کاری جگەرەکێشن مادەی نیکۆتین و مادەکانی دیکەی سەر بە نیکۆتین لە میز و لیکیاندا هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە نەک تەنها دووکەڵ، بەڵکو ژەهری دەمارەکانیش بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەگاتە لەشی منداڵ.

زانایانی فەرەنسا ئاشکرایان کرد، کەوا منداڵی ئەو خێزانانەی کە جگەرەکێشیان لە ناودایە زۆر جار دووچاری پێچی مانگە (مغص الثلاثة اشهر) دەبنەوە، ئەگەر دایک و باوکیش جگەرە نەکێشن ئەوا تەنها ڕێژەی ٣٢٪ منداڵان دوچاری ئەو پێچە دەبنەوە، ئەگەر یەکێك لە دایك و باوك جگەرەکێش بوون ئەوا ڕێژەکە دەگاتە ٥٧٪، بەڵام ئەگەر هەردووکیان جگەرە کێش بوون ئەو ڕێژەکە دەگاتە ٩٠٪ هەرچەندە هێشتا نەزانراوە ئەو دیاردەیە چۆن ڕوو دەدات، بەڵام زانایان لەو باوەڕەدان کە دووکەڵی جگەرە ببێتە مایەی شڵەژانی کۆئەندامی دەماری منداڵ، لە ئەنجامیشدا دووچاری پێچی ٣ مانگە و ئێڵنجدان دەبێتەوە.

* لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە ساڵی ١٩٨٣ زانایان دەریانخست، کەوا جگەرەکێشانی دایك و باوك کاریگەری ڕوون و ئاشکرای لەسەر سیفەتەکانی منداڵ هەیە.

* دوای لێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ئەمەریکی، دەرکەوتووە ئەو منداڵەی کە دایك و باوکی جگەرە کێش بوونە زیاتر سەرسوڕمان کردووە ئەمەیە: ژمارەیەك منداڵ دووچاری جۆرە شێرپەنجەیەك بوونەتەوە کە تا ئێستا پەیوەندی بە جگەرەکێشانەوە نییە، بۆ نمونە شێرپەنجەی سینگ، شێرپەنجەی لیکەڕژێنی دەرەقی، شێرپەنجەی خوێن (لۆکیمیا). بەو پێیە زانایان ئامۆژگاری دایك و باوك دەکەن ئەوانەی کە ناتوانن واز لە جگەرەکێشان بێنن، بەلایەنی کەمەوە با بۆ خۆشەویستی منداڵەکانیان لە بەردەمیاندا جگەرە نەکێشن.

* چ جۆرە خوێنێك بۆ منداڵەکەت دەگوازرێتەوە؟

لە بنەڕەتدا جۆری خوێن لە دایك و باوکەوە بۆ منداڵەکە دەگوازرێتەوە، بەڵام چ جۆرە خاسیەتییەی خوێن بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەمەیان پەیوەندی بە خوێنی (زاڵ)ـەوە هەیە، واتە ئەو جۆرە خوێنەی کە زاڵە، هەر ئەوە بۆ منداڵەکە دەگوازرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٩١ زانای نەمساوی (کارل لان شتاینر)، کە خەڵاتی (نۆبڵ)ی بە دەست هێناوە جۆرەکانی خوێنی دەستنیشان کرد، کە بریتین لە گروپەکانی (A،B ،AB ،O) گروپی A یان B گروپێکن خڕۆکە سوورەکانیان خاسیەتی

دیاریکراوی خۆی هەیە، گروپی AB خاسیەتەکانی هەردوو گروپی پێشووی لە خۆ گرتووە، ئەم خاسیەتانە لە گروپی (B) دا نییە.

بە گوێرەی ئەو تابلۆیە (واتە گروپەکانی پێشوو بۆمان دەردەکوێت، کە چ جۆرە خوێنێك بۆ منداڵ دەگوازرێتەوە).

ئاشکراشە کە تەنها فاکتەری ڕیزۆس Rhesus نابێتە هۆی جیاوازی (التناخر)ی نێوان دایك و منداڵەکەی، بەڵکو مەترسییەکانی نێوان گروپە گەورەکانیش لە ئارادایە، لەوانەش گروپی (O) دەبێتە هۆی جیاوازی خوێن، بەڵام ئەم جیاوازی دروستبوونە لە جۆرەکانی (ABO) دەبێتە هۆی جیاوازی خوێن، بەڵام ئەم جیاوازی دروستبوونە لە جۆرەکانی (ABO) زۆر دەگمەنترە بە بەراورد لەگەڵ فاکتەری Rhosus هەروەها سوکتریشە و لەو هەر چوار ئافرەتی دووگیاندا یەك حاڵەت جیاوازی (تنافر) دروست دەبێت، کە ڕێژەی تێکچوون (تشوهات) لای ئەو منداڵانە تەنها ٦٨٪ کە دەکرێ دوای لەدایکبوون چارەسەر بکرێت.

* ئایا نەشتەگەری بۆ منداڵە مەنگۆلییەکانی ئەنجام دەدرێت؟

هەندێ لە منداڵان بە هۆی فاکتەری تایبەتەوە دووچاری حاڵەتی مەنگۆلی دەبن، کە چاوەکانیان بە ڕاست و چەپدا لایان داوە و کاسەی سەریان تەختە و هەردوو ناو لەپیان پانە و پەنجەکانیان کورتە. نەشتەگەری بۆ چاکبوونەوەی ئەم جۆرە حاڵەتانە کارێکی ئەستەمە و ئاکامی نابێ، بەڵام بۆ دڵخۆشکردنی دایك و باوك ئەو قسەیە دەکرێت، چونکە ناتەواوی بیرکردنەوە چارەسەر ناکرێ، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی نەشتەگەری جوانکاری بۆ ئەو منداڵانە ئەنجام بدرێت. ڕەنگە ڕوخساری مەنگۆلیان بەهۆی

نەشتەرگەری کەمتر دەربکەوێت، ئەم جۆرە نەشتەرگەرییەش بۆ چاککردنەوەی لووت و لۆچەکانی دەموچاو و چەناگە و لیوی خوارەوە ئەنجام دەدرێ، بەڵام نەشتەرگەری بۆ زمانی منداڵی مەنگۆلی کە زمانێکی پانە، پێویستە لە تەمەنی دووساڵیدا ئەنجام بدرێت، ئەم نەشتەگەرییە یارمەتیدەری منداڵە بۆ خواردن و هەناسەدان، قسەکردن بەشێوەیەکی باشتر، هەروەها ئەم نەشتەرگەرییە منداڵی مەنگۆلی لە تووشبوون بە نەخۆشی دوور دەخاتەوە.

## ئەو دیارییانەی کە مەترسییان بۆ منداڵ هەیە

خەڵکی کە دەچنە ماڵی خزم و کەس و کاریان، پێش ئەوەی دیاری پێشکەشی منداڵ بکەن، دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەن، ئایا ئەو دیارییە گونجاو و پەسندە؟باشتریش وایە لە منداڵ بپرسین ئارەزووی چ جۆرە شتێك دەکات، تا بۆی بکەین بە دیاری ؟ڕەچاوی ئەوەش بکرێت کە ئەو دیارییە هیچ مەترسییەکی بۆ سەر منداڵەکە نییە؟پێویستە ئەوەش بزانین، کە یاری قەبارە گەورەی وەکو ورچ و گورگ وپشیلە و سەگ و لەوانەیە منداڵی بچووك بترسێنێ، لەبەرئەوە دەبێ بە گوێرەی تەمەن یارییەك هەڵ بژێردرێ لە ڕووی قەبارەوە بۆ منداڵەکە پەسەند بێت و لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی سەردەمیش بگونجێ و لێی بکۆڵدرێتەوە، بۆیە ناکرێ یارییەك دروست بکرێت، کە ڕەچاوی پاراستنی منداڵ نەکرێت، بۆ نمونە یارییەك دروست نەکرێت توانای زوو گرگرتنی هەبێت، یان زۆر باش کارەبا بگەینێت، یاخود بە جۆرە مادەیەکی ژەهراوی، یان کیمیاوی سواغ درابێت، بەدەگمەنیش یاری منداڵ کە ئاژەڵ، یان بووکە شووشە بێت، کە چاوەکانی بە ئاسانی بهێنرێتە دەر و دروست بکرێت، هەروەها ئەو یارییانەش دروست نەکرێن کە چوارچێوەیەکی کانزایی ڕەقییان هەبێت.

لە بارەی کرینی دیارییەك، یان یارییەك بۆ منداڵ، چاکتر وایە هەندێ ڕێسای گشتی ڕەچاو بکرێن:

- نابێ یارییەکی ورد پێشکەشی منداڵی بچووک بکرێت، کە قوتدانی پارچەکانی ئاسان بێت.

- قەدەغەکردنی ئەو جۆرە یارییە وەرزشیانە کە مەترسیدارن، وەکو دەمانچەی هەواریی، دارلاستیک و تیرکەوان و دەمانچەی تەقینەوە.

- ئەو یارییانە بۆ منداڵی بچووکە نەکرێت، کە دوگمە و پارچەی بچووکی ڕەنگاوڕەنگی هەیە، چونکە لەوانەیە مەترسی قوتدانی لێبکرێت.

خاڵێکی زۆر گرنگیش هەیە پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەویش ئەوەیە:

لەوانەیە منداڵ یارییەکی زۆری لەبەر دەستدا بێ، بەڵام لەگەڵ ئەشدا ئەوەی زیاتر ئەو منداڵە دڵخۆش دەکات ئەوەیە، خۆی دایدەهێنێت و زیاتر لە یارییەکانی دیکەی خۆشتر دەوێت، بۆ نمونە کارتۆنێك کە خۆی کونی لێکردووە و بە پەتێك ڕایدەکێشێت، زۆر دڵی پێخۆشە. ڕەنگە دڵیشی زۆر خۆشتر بێت، ئەگەر دایك و باوکی وەك بەشداریکردنێك پەنجەرە و دەرگایان لە کارتۆنەکەی بکردایە، پاشان ئەو منداڵە وازی لە هەموو یارییەکانی دیکەی دەهێنا، ئەم یارییەی ئەگەر بە شێوەیکی کاتیش بێت زۆر لاپەسەندتر دەبوو، ئەم یارییە کە دایك و باوکی بەشداری دروستکردنی لەگەڵدا کردووە باشترین یارییە، کە بیرۆکەیەکی نوێی خستۆتە سەر یارییەکەی، زۆر خۆشحاڵتریش دەبێ، کە دەبینێ دایك و باوك دەستخۆشی لێدەکەن، بۆ ئەو زیرەکی و داهێنانەی. بەو پێیەش توانای بیرکردنەوە و جێبەجێکردن لای ئەو منداڵە زیاتر گەشە دەکات.

## یاریکردن و کاریگەری لەسەر ئایندەی کەسێتی منداڵ

یاری بە هەموو جۆرەکانییەوە، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی منداڵ و دروست کردنی مەیلەکانی هەیە، لێرەشەوە ئەو یارییانە ڕۆڵی خۆیان لە ئایندەی ژیانی منداڵ هەیە، لەبەرئەوە دایکان و باوکان لە گۆشکردنی منداڵەکانیان بەها و نرخی یاریکردن دەزانن، کە یەکێکە لە ئامرازەکانی پەروەردە و ناکرێ دەست بەرداری بین، ئەم پرسەش مایەی دڵنیاکردنەوەی دایك و باوکە، کە هەست بە گرنگی ئامرازە دەرونییەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بکەن، وەلێ بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بەدیبێت پێویستە ئەو یارییە بۆ منداڵ هەڵبژێردرێت، کە گونجاو بێت لەگەڵ تەمەن و توانا و ئامادەباشییەکانی، لەوانەشە هەر ئەمە بێت زۆر کەسی خستبێتە، سەرسوڕمانەوە، کە نازانی چ جۆرە یارییەك بۆ منداڵ بکڕن، بەڵام دەکرێ ئەو سەرسوڕمانەش بڕەوێتەوە بەگوێرەی ئەو ڕێنمایی و زانیاریانەی لەم پەرتوکە پێشکەش کراوە. منداڵ لە سەرەتاکانی تەمەنیدا ئەو یارییانەی بۆی گونجاوە کە بۆ دەست و پەنجەی نەرم بێت و بتوانێت بیانگرێت، وەکو ئەو ئاژەڵانەی دەیانخاتە باوەشی خۆیەوە و هەڵیان دەدات و بازبازێنەیان پێ دەکات، یان ئەو شەشپاڵوانەی کە لەسەر یەك دایان دەنێت و هەوڵی دروست کردنی شتێکە یان باڵەخانەیەك دەدات، لە نێوان ساڵانی یەکەم و دووەمی تەمەندا، منداڵ مەیلی ئاشکراکردنی یان دۆزینەوەی ئەو شتانەی هەیە کە بەخەیاڵی دادێت و لەم تەمەنەشدا ماسولکەکانی وردە وردە سفت و سۆڵ دەبن، لەبەر ئەوە ئەو یارییانە بۆی

گونجاوە، کە دەتوانێت هەڵیان بوەشێنێتەوە و دروستیان بکاتەوە، وەکو ئەو یاریانەی کە پاڵ پێوە دەنرێن، یان ڕادەکێشرێن، یان ماڵی لە خشت دروستکراو، یان بزمار و چەکوش.....تد، بەڵام لە نێوان ٣-٤ ساڵی، منداڵ زیاتر ئارەزووی ئەو یارییانە دەکات، کە ئاسوودەی دەکات و زیادە وزەی لەشی دەردەپەڕێنێ، لەبەر ئەوە ئارەزووی دەکەوێتە سەر ئوتومبێل و فڕۆکە و کاغەز و پێنووسی ڕەنگاورەنگ. لەبارترین یاریش بۆ منداڵانی تەمەن (٥-٦)ساڵ قوڕی دەستکرد و مەقەست و چەکوش و دەفتەری نیگار کێشانە .هەروەها لە نێوان ٦ تا ٨ ساڵی، کاری جوتیاری و چاندن و ئاوداشتن و هەندێ یاری تۆپتۆپێن بە تایبەتیش یاری سەر مێز و تاوڵە سەرنجی منداڵ ڕادەکێشن. ئەوەشی گرنگ بێت لە یاری منداڵ ئەوەیە، کە نەرم بێت و لێوارەکانی خڕ بێت و تیژ نەبێت، بە ماددەی ژەهراوی بۆیاغ نەکرابێت و بچووکیش نەبێت کە قووت بدرێت.

## بووکەڵانەی منداڵ خۆشی و ناخۆشی

هەرچەندە یاریکردن گەشە بە بەهرە و توانای منداڵ دەدات و ڕێگەش لە بەردەم ئایندەی ڕوناک دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەمی خۆی هەیە، بووکەڵانە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە چ ئەوانەی بەسادەیی دروستکراون، چ ئەوانەی ئاڵۆزن، هەر هەموویان هاوڕێی منداڵ و سەرچاوەی خۆشی و پارێزەری نهێنیەکانی ناوەوەیانە، بەڵام بووکەڵانە لەوانەشە ببێتە مایەی دڵەڕاوکێ، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لە شتی زیانبەخش دروستکراون، یان بە ماددەی کیمیایی، وەکو زەرنیخ زاخاو درابن، کە لەوانەیە ببێت خوریکە (حساسیە)، ئەم ڕاستیەش سەرنجی بۆ مەترسی ئەو یارییانە ڕادەکێشن و ئەو بووکەڵانە دەستنیشان دەکات، کە پێش ماوەی ڕاکردنی پێویستی پێیەتی.

منداڵ لە جەژن و بۆنەکاندا، بەشی شێری پێ دەبرێت لە یارییە جۆراوجۆرەکاندا، دایك و باوکیش بۆ ژیرکردنەوەی منداڵ یاری سەرنجڕاکێش دەکڕن، کە لەوانەیە مەترسیشی بۆ سەر منداڵەکە هەبێت، بەڵام کەم لەو منداڵ و دایك و باوکانە هەست بەوە دەکەن، کە لەوانەیە یاریکردن لە خۆشییەوە ببێتە ناخۆشی، یان لە شیرینیەوە ببێتە تاڵی، کەواتە یاریکردن سەرەرای دڵخۆشکردنی منداڵ و سوودە گرنگەکانی لە بواری، پەروەردە و کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنیدا...تد پێویستە بە ڕێنمایی چاودێری گەورەکان بێت، شارەزایانی یاریکردن، یاریەکان دەکەنە دوو بەش و، هەر بەشە و نەخۆشی خۆی پێوەیە:

یەکەم: ئەو یارییانە بە بۆیەی ڕەنگاوڕەنگ ڕەنگرێژکراون و بڕێک کانزای تواوەی وەکو جیوە و قوڕقوشم و زەرنیخ و شتی دیکەی تێدایە، ئەم یارییانە لەوانەیە لە دار، یان پلاستیک، یان کانزا دروست کرابن و هەندێ جاریش ئەو ماددانە لە خۆ دەگرێت کە گەیەنەری کارەبایە.

دووەم: یارییە نەرمەکان، واتە ئەو یارییانەی کە لە خوری و تووکی ئاژەڵ، یان لۆکە دروست کراون .زۆر لە پزیشکان دان بەوە دادەنێن کە هەندێک کانزای تواوە، کە بۆ زاخاودانی یارییەکان بەکارهێنراون دەبنە هۆی شێرپەنجەی خوێن و شانەکان، بەتایبەتیش ئەگەر زیاتر لەو ڕێژە دیاریکراوە بەکار بهێنین، کە یاسای وڵاتە پیشەسازییەکان دایان ناوە، بۆ ڕەچاوکردنی ئەو پرسە زۆر جاریش لەبەر مەسەلەی ئابووری دەستکاری ئەو ڕێژانە دەکرێت. لە کۆتایی پەنجاکانیشدا وڵاتانی ئەورووپا، تێبینی زیادبوونی ڕێژەی تووشبوون بە لۆکیمیا (کەم خوێنی) یان لە نێوان منداڵان کرد، هەروەها دام و دەزگا تەندروستییەکانی بەریتانیا، (٥٠) حاڵەتی تووشبوو بە نەخۆشی شێرپەنجەی شانە خوێنبەرەکانیان تۆمارکرد و نیشانەی نەخۆشی سەیر دەرکەوتن.

## ئەو کانزا تواوانەی بۆ بۆیاخکردنی بووکە شووشە بەکاردەهێنرێن دەبنە هۆی شێرپەنجەی خوێن و شانەکان

ئەم نەخۆشییە ( شێرپەنجەی خوێن و شانەکان) کە لەکاتی خۆیدا بە نەخۆشی گورچیلە ناسرا بوو، پزیشکانی ئینگلیز نەیانتوانی هۆکارەکانی دەست نیشان بکەن، بەڵام دوای زنجیرەیەك لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە، پسپۆرانی بەریتانیا توانییان پەنجەی تۆمەت ئاڕاستەی ئەو یارییە پێشکەوتوانە بکەن، کە بە کانزای تواوە و بۆیاغکردنی بە ڕەنگی بۆندار کە لە بۆنی بۆیاخی نینۆکی کچان دەچێت زاخاو دراون.

لە هەندێ وڵاتە عەرەبیەکانیشدا لە دام و دەزگا تەندروستییەکان، چەند حاڵەتێکی لۆکیمیا و کەم و کورتی گورچیلەی منداڵ تۆمارکراوە، کە تێبینی کراوە لای ئەو منداڵانە سەرهەڵدەدەن کە زوو یارییەکان دەگاتە دەستیان، بە پێچەوانەی هەندێ منداڵی هەژار کە هەندێ لەو باوەڕەدان منداڵ هەروا لە خۆیەوە یاری بکات، ئەگەر چی بە خۆڵیش بێت، لە منداڵە دەوڵەمەندەکان زیاتر بەرگری پەیدا دەکات، کە هەمیشە گرفتی تەندروستیان هەیە. لە بارەی یارییە نەرمەکانیش پزیشکان دووپاتی دەکەنەوە، کەوا ئاردەدار و خوری و لۆکە کە هەندێ جار بۆ پڕکردنەوەی بووکەڵانە بەکاردەهێنرێت، دەبنە هۆی هەناسەتەنگی و خورییەکەی منداڵ و کۆکینی توندی لێدەکەوێتەوە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی خنکاندنی منداڵ.

سەرەرای بوونی دەزگا و دامەزراوی تایبەت بە سانسۆر و هەڵسەنگاندنی لە سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووکاندا، کەچی هەندێ کارگەی دروستکردنی یاری سەرپێچی یاسا دەکەن، بە تایبەتیش ئەگەر بەرهەمەکەیان بۆ دەرەوەی وڵاتی بوو، بەتایبەتیش بەرەو وڵاتە هەژارەکان، ئەوانەی کە پێوەریان نییە، بۆ تاقیکردنەوەی ئەو جۆرە یارییانە، یان گوێ نادەنە ئەو لایەنەی، کە کاریگەری سلبی بۆسەر تەندروستی منداڵ هەیە، بۆ نمونە ئەگەر یاسای بەریتانیا وەربگرین کە ساڵی ١٩٧٤ دانراوە، باس لەوە دەکات ئەو یارییانەی کە لە دەرەوەی وڵات دێن، پێویستە رووی دەرەوەی کە بۆیاغ کراوە، یان زاخاو دراوە لابېردرێت و ئەو کانزایەش کە تیایدا بەکارهێنراوە بپشکنرێت، هەروەها یاساکە باس لەوە دەکات، کە پێویستە تەئکید لە هێزی تەوژمی کارەبایی ئەو یارییە ئاسمانیانە بکرێتەوە کە لە (٢٠) ڤۆڵت کەمتر کارەبای تێدایە- بۆ ئەوەی زیان بە منداڵ نەگەینێت، یاساکە باس لەوەش دەکات کە نابێ یارییەکان شوێنی تیژیان پێوە دیار بێت، بۆ ئەوەی منداڵ دووچاری مەترسی برین و روشان و پیسبوون نەبێت، بەهۆی پێکهاتەکانی ئەو یارییانە، کە لە کانزا دروستکراون.

ئەوە سەبارەت بە یارییە زاخا و دراوەکان (الالعاب المطليه)، بەڵام سەبارەت بە یارییە نەرمەکان (الالعاب الطريه) بە گوێرەی یاساکە، ئەو یاریانە توانای گرگرتنیان کەمترە و پێویستە ناو سکی ئەو یارییانە بە لۆکە تەواو پڕ کرابێتەوە، پێشتریش ئەو لۆکەیە بەکارنەهێنرابێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی توشبوونی منداڵ بە هەناسەتەنگی و خوریکە و کۆکین.

پێوەر و مەرجەکانی پاراستنی لەشی منداڵ، لە مەترسی یاری چەند سوکایەتی پێدەکرێت، یان فەرامۆش دەکرێت، ئەوەندەش پێوەر و مەرجەکانی پاراستنی دەروونی منداڵ سوکایەتی و گوێی نادرێتێ، بۆ نمونە:

بەکارهێنانی دەمانچەی بێدەنگ منداڵ زیاتر شەڕانگێز دەکات، بڵاوبوونەوەی یارییەکانی شەڕ و کوشتار، زیاتر پاڵ بەمنداڵەوە دەنێت بۆ ڕەفتاری شەڕخوازی و بیرکردنەوە لە کوشتن و بڕین، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی تاوان و توندو تیژی لە ناو منداڵان.

ئەگەر بەریتانیا و ئەمەریکا فاکتەری دەرونیان لە بەرهەمهێنانی یارییکردن فەرامۆش کردبێت و جگە لە فەرامۆشکردنی پێوەر و مەرجەکانی پاراستنی جەستەی منداڵ، ئەوا فەڕەنسا بە پێچەوانەی ئەوانەوە بەتوندی ڕەچاوی لایەنی خۆپاراستنی کرد، چ لە ڕووی دەرونی، یان جەستەیی. هەرچەندیشە بەریتانیا پێش ئەوانی دیکەش ڕەچاوی یاساکانی بەرهەمهێنانی یاری منداڵانی کردووە، بۆ نمونە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی بەریتانیا داوای لە ئەنجوومەنی گشتی کرد، یاسای پاراستنی کڕیار هەموار بکرێت، کە لە ساڵی (١٩٦١)ەوە کاری پێدەکرێت. ئەم هەموارکردنەش لە ژێر ناونیشانی (مەرجەکانی پاراستنی منداڵ لە دروستکردنی یارییەکان) بوو، هێندەشی پێ نەچوو تا ئەو ئەنجوومەنە لەسەر مەرجەکانی یاری منداڵ ڕازی بوو، لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵە دەست بەجێبەجێکردن کرا.

دکتۆر(ناخمن) کە پسپۆرە لە بواری پزیشکێتی منداڵ، نیگەرانی خۆی لە بڵاوبوونەوەی(لۆکیمیا)ی منداڵان پێشانداوە بەتایبەتیش لە نێو منداڵانی

خێزانە دەوڵەمەندەکان، کە بێشوومار یاری بۆ منداڵیان دەکڕن، تۆمارەکانی نەخۆشخانەی زانکۆی ئەمریکا (٥٠) حاڵەتی تووشبوو بە (لۆکیمیا) ی پێشاندا وە لە ماوەی پێنج ساڵدا، هاوکات تیمی پزیشکی بە سەرۆکایەتی (د.ناخمن)شکستی هێنا لە چالاککردنی ئەرکی دەرهاوێشتەکانی گورچیلە بۆ (٢٥)منداڵ بە درێژایی ئەو پێنج ساڵە، هەروەها پسپۆڕان حاڵەتی پەشێویان لە کۆئەندامی هەرسکردنی ژمارەیەك منداڵ بینیوە، بە تایبەتیش لە بۆنە و جەژنەکاندا، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان هێنانی شتومەکی بازرگانی بە تایبەتی یاری منداڵ، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بێ سانسۆر نەخۆشی زیاتر بڵاودەکاتەوە، نەخاسمە دەزگایەکی چاودێری فەرمی بۆ چاودێریکردنی ئەو یارییانە لەو وڵاتانە لە ئارادا نەبێت.

## بووکەڵان و گەشەی منداڵ:

منداڵ پێویستی بە بووکەڵان هەیە، بۆ ئەوەی کاتی خۆی پێڕایی بکات و لە پێش چاوی دایك و باوکی دەسەڵاتی خۆی بەسەر یاری بەکاربێنێت، ئەمەش ئاسوودەبوونێکە بۆی کە خەم و ئێش و ئازار و خۆشییەکانی پێدەدەردەکات و متمانەش لە لای دروست دەبێت، بەڵام دەبێت ئەو یارییانە مەرجی تەندروستیی پێویست لەخۆ بگرن، واتە ئەو یارییە نەبێتە بەڵا و مایەی خەم و سەرئێشە و منداڵ بگەیەنێتە نەخۆشخانە و بیکوژێت.

لە ڕاستیدا منداڵ پشت بە بووکەڵان دەبەستێت، بۆ ئەوەی لە میانەیدا یارییەکانی ژیان بکات، بۆ نموونە: ئەو منداڵەی کە دەیەوێت باوکێك یان دایکێك

بێت، هەر دەبێ بووکەڵانێکی هەبێت، سۆز و خۆشەویستی خۆی پێی ببەخشێت و پێکەنین و گریان و چوستی و چالاکی و تەمبەڵی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، بەڵکو هەندێ جاریش لە ڕێگەی ئەو یارییانەوە گوزارشت لە نەخۆشی و مردنییش دەکات، لەمبارەیەوە ژنە نووسەرێکی بەناوبانگ باسی لەوە کردبوو، کاتێ تەمەنی چوار ساڵان بووە، بوکەڵانەکەی خۆی ناشتووە، کە دایکی لێی پرسیوە بۆ وایکردووە، لە وەڵامدا گوتبووی: "بووکەڵانەکە مردووە" دوای ئەوەی دایکی بوکەڵانەکەی لەژێر خۆڵەکە دەرهێناوە، ئەم جارێکی دیکە چووە بینێژێتەوە.

سەبارەت بە منداڵی بچووک کاتێ کە جل دەکاتە بەر بووکەڵانەکەی، یان لەبەری دایدەکەنێت، لاسایی دەسەڵاتی دایك و باوکی خۆی دەکاتەوە، کە چۆن لەگەڵ ئەو پەیڕەویان کردووە، بەڵام ئەو شێوازەی دەسەڵات، کە مناڵەکە پەیڕەوی دەکات لە تەمەنێکی ترەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازە، بۆنمونە: منداڵ لەتەمەنی ٣ ساڵی چەندین جار ئارەزووی ئەوە دەکات بووکەڵانەکە بخەوێنێت، پاشان خەبەری بکاتەوە، بەڵام کچە منداڵی پێنج ساڵان مەیلی چالاکی گەورەتر دەکات، بۆنمونە: پێیوایە کە پێویستە لەسەر بووکەڵان بەتەواوی هەموو شتێك لەبەر بکات، لەوانەش بێجامە و کراس و پانتۆڵ، ئەگەرچی ئەو جل و بەرگانە ئامادەکراو بێت، یان خۆی بۆی دروست بکات، لەبەر گەورەبوونی کچە منداڵەکە و بووکەڵانەکە کۆگای منداڵەکە پڕدەبێت لە جلو بەرگی زۆر جیاواز، یارییەکانیش هەمەچەشن دەبن و گەڕانیش زیاتر دەبێت و ڕووبەڕووی هەڵوێستی نوێ دەبێتەوە، وەکو سەردانی

باخچەی گشتی و گۆرانیچڕین و چوونە لای سەرتاش و بەرگدروین و بەشداریکردن لە گەشت و گوزاردا.

سەبارەت بە جل و بەرگی بووکەڵانیش، نێر لەگەڵ مێ جیاوازن، بۆ نموونە: کچان مەیلی ئەوە دەکەن، کە خۆیان جلوبەرگی بووکەڵانەکە بدورن، بەڵام کوڕان حەزدەکەن لە بازاڕ بیکڕن. سەردەمی نوێ بە بڵاوبوونەوەی فراوانی بووکەڵانی پلاستیکی هەرزانبەها جیا دەکرێتەوە، کە لە چوارچێوەی بازرگانیدا بەرهەم دەهێندرێن و تام و چێژێکی بە منداڵ بەخشیوە. تەنانەت منداڵی کەمدەرامەتیش توانای کڕینی هەیە و لە گەڵیدا دەژی، تێڕوانینی منداڵیش بۆ بووکەڵانە گۆڕاو و جیاوازن، بۆ نموونە جاران منداڵ ئەگەر (داوەڵ)* ێکیشی دەست بکەوتایە، دەیگوت ئەوە بوکەڵانەی منە، بەڵام ئێستا ئەو بوکەڵانانەی کە دروست دەکرێن شێوەیان زۆر نزیکە لە مرۆڤەوە، ئەم خاڵی وەرچەرخانەش شتێکی ئەفسووناوی بوو بۆ منداڵ، کە زۆر بە توندی سەرنجی ڕادەکێشێت، بەتایبەتیش دوای ئەوەی سەردەمی بووکەڵانی بزێو و میکانیکی هاتە مەیدان، کە وای لێهات منداڵ بتوانێ بە پەنجە داگرتن لەسەر دوگمەیەك و بەزەوقی خۆی گەمە بە بووکەڵانەکەی بکات، پاشان یاری ڤدیۆ هاتەکایەوە، کە ئەوپەری زیندوییێتی تێدایە و خەیاڵی منداڵ دەورووژێنی بۆ شتێك کە منداڵی پێشتر خەیاڵی بۆ نەچووە، لەگەڵ ئەوەشدا یارییە خەیاڵاوییەکان کە منداڵ لەگەڵ هاوڕێیانی خۆی گەمەی پێدەکات.

---

* داوەڵ: جوتیار بەدار و پەڕۆ شێوەی پۆڤێك دروست ، بۆ ئەوەی باڵندە لێی بترسن و دەغڵ و دانەکەی نەخۆن.

جۆرە وروژاندنێکی دیکەی تێدایە بە هۆی ئەو ئارامی و وریایی و خۆگونجاندنە لەگەڵ کەسانی تر و هەڵوێستە جیاوازەکان کە پێویستی پێی دەبێت، لە کاتی یاریکردندا بە پێچەوانەی هەڵوێستە ڤدیۆییەکانی بەرنامە، کە دەبێتە هۆی بێزاربوون و زیندوێتی تیایدا بەدی ناکرێت، لەلایەکی دیکەوە ئەو یارییانەی لە چوار چێوەی بازرگانی دروستکراون و شێوەیان لێکدەچێت. وایان لە منداڵ کردووە هەست بە بوونی خۆیان نەکەن و هاوڕێ و دۆست بێبەش بن، ئافرەتێك لە هەتیوخانەیەك کار دەکات هەست دەکات منداڵەکەی بەهۆی ئەو یارییە زۆرانەوە، کە باوکی بۆی دەکرێت دوچاری جۆرە بەدخوییەك بووە و هەستیشی بەوە دەکرد کە لە هاوڕێکانی بێبەش بووە، هەرچەندیشە باوکی یاری زۆری بۆ کڕیوە، بەڵام هەستی بە جۆرە نامۆبونێك لەگەڵ ئەو بووکەڵانەدا کردووە، چونکە بە تەنها ژیاوە، بووکەڵان بۆ منداڵ پەناگەیەکی ئارامە کە خەم و کەسەری خۆی لاباس دەکات و بەشداری خۆشییەکانی دەکات و لە بەردەمیشی دان بە هەڵەکانیدا دەنێت، باسی پەیوەندییە باش و خراپەکانی خۆی لەگەڵ باوك و دایکی بۆ بووکەڵانەکە دەکات بۆیە زۆر جار پزیشکانی دەرونی بە هۆی بووکەڵانەوە لە هەست و نەستی منداڵی نەخۆش تێدەگەن و دەتوانن لە ڕێگەی ئەو بووکەڵانەوە مەترسییەکی زۆر لە سەر منداڵ لاببەن، کە بە هۆی یارییەوە گوزارشت لە ناخی خۆی و هەڵچوونەکانی دەکات و داخی دڵی خۆی لای بووکەڵانەکە هەڵدەڕێژێت.

زۆر جاریش بووکەڵان لە فشاری دەرونی ڕۆژانەی منداڵ کەم دەکاتەوە بە تایبەتیش ئەو منداڵەی کە کێشە و گرفتی خێزانی هەیە، وەك جیابوونەوەی

دایك و باوك، یان مردنی یەکێکیان، تووڕەیی زڕباب و باوەژنی. لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیسیشدا هەمان شت دەگرێتەبەر، بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ بە ڕاشکاوی ئەوەی بینیویەتی لە بارەی تاوانێك بیدرکێنێ، کە دژی خۆی بووبێت، یان دژی کەسانی دیکە، بۆ نموونە ئەو منداڵەی کە ناتوانێ ڕووداوێك بگێڕێتەوە کە بەسەریدا هاتووە، دەتوانێ لە ڕێگای قسەکردنی بۆ بووکەڵانەکەی ئەوەی لە ناخیدایە بیدرکێنێ.

لەوانەیە ئەمەش گەورەترین بەڵگە بێت بۆ گرنگی و ڕۆڵی بووکەڵان لە ژیانی منداڵ و گەشەکردنیدا، ئەستەمە هەریەك لە ئێمە وەبیری بێتەوە کەی و چۆن وازی لە یاریکردنی بووکەڵان هێناوە، لەبەرئەوەی وازهێنان لە یاریکردن لە بارودۆخێکی تایبەتدا هەبووە، کە ناکرێ دیاری بکرێت، یان پێشبینی بکرێت، ئەستەمیشە منداڵ بتوانێت گواستنەوەی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە، یان قۆناغی منداڵی بۆ گەنجێتی جیا بکاتەوە، چونکە لە کاتی پرۆسەی گواستنەوەدا ئەو هەستە نایەتە دی، مەگەر دوای بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر نەبێت بەسەر قۆناغی منداڵیدا.

(خاتوو ویداد) لەمبارەیەوە دەگێڕێتەوە: جارێکیان خۆی و مێردەکەی سەردانی ماڵی باوکیان کرد، دەستبەجێ بەرەو ئەو ژوورە سەرکەوت کە بە منداڵی تیایدا ژیابوو، بۆ بەیانی داهاتووش کە لە خەو هەڵدەستێ، یەکەم شت کردبێتی ئەوە بوو بووکەڵانەکانی سەر ڕەفەکەی کە ماوەیەکی زۆر بوو بە جێی هێشتبوو، داپۆشیوە. لە گێڕانەوەیەکی دیکەی ئەو نووسەرەدا سەبارەت بە ژیاننامەی خۆی باس لە یاری و شوێنی جلەکانی دەکات، کاتێ دایکی هاتۆتە ژوورەکەی تەماشا دەکات ئەم خەریکە بووکەڵانەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی ڕێکدەخات و بۆ هەریەکەیان جل و بەرگی خۆی بە جیا داناوە،

کە لەسەر هەر یەکێکیان نووسیتی (ئەمە زیرەکە)، (ئەمەیان دەم بەپێکەنینە)، (ئەمەیان چالاکە )، (ئەمە لەخۆباییە)، کاتێ دایکی دێتە سەرەوە لێی دەپرسی کچم ئەوە چێت کردووە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: "بۆ ئەوەی یارمەتی منداڵەکانم بدەم".

## هەر قۆناغێکی تەمەن بووکەڵانی خۆی هەیە، بۆ گەشەدان بە هزری منداڵ

لە ڕاستیدا یارییکردن تەنها گەشە بە بەهرەکانی پێداگیری (ترکین) لای منداڵ نادات، بەڵکو ئاوێنەی نیشانەییەکانی هەر قۆناغێکە لە قۆناغەکانی گەشەکردنیش .

لە واقیعدا ئەو داب و نەریتەی یارییکردنی منداڵ فێری دەبێت پەیوەندییەکی گەورەی دەبێت، بەو کارانەی لە ئایندەدا دەیکات، بەو شێوەیە چەقبەستنی چڕی منداڵ، لەبارەی پرسە پەیوەندارەکان بە ماڵەکەی و ئەو خەیاڵە فراوانەی کە پەیڕەوی دەکات، لە وێناندنی خێزانەکەی هەمووی هەڵوێستە ڕاستییەکانی ژیانی خێزانداریتیّ دەنوێنێت، هەموو ئەوانەش ئاماژە بەو توانایە شاراوانەی منداڵ دەدەن کە لە ئایندەدا دەردەکەوێت، چونکە منداڵ لە ژیانیدا بەهرەی پێویست لە میانەی یارییکردن فێر دەبێت، لەوانەش ئەو بەهرانەی کە پەیوەستن بە تەرکیزی هزری و وردی سەرنجدان و وریایی پەلوپۆیی چارەسەرکردنی گرفتە کتوپڕەکان سەرباری بەهرە کۆمەڵایەتییەکان و بەهرەکانی سەرکردایەتیکردن کە هەندێکیان لە هەندێکیانەوە فێردەبن، کە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زۆر پێویستیان پێدەبێت.

### لە مانگی (٥ تا ٨) مانگیی:

لە سەرەتای تەمەنی پێنج مانگیدا منداڵ زۆر خۆی بە یاریکردنەوە خەریك دەکات، بۆ فێربوونی ئەو شتانەی کە بۆ بنیادی فسیۆلۆژی و پێکهاتەی جەستەیی پێویستی پێی دەبێت، بۆ نمونە کاتێ بە پشتا کەوتووە هەوڵ دەدات هەردوو قاچی بگەیێنێتە دەمی خۆی، بۆ ئەوەی بزانێت چین، هەندێ جاریش دەیەوێت دەستی بەرەو پێشە بەرز و نزم بکاتەوە بۆ ئەوەی یاری بەو شتانە بکات، کە بە لانکەکەیدا هەڵواسراون، مەبەست لەوەش فێربوونە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی هەردوو دەستی، بۆ دۆزینەوەی هەستی بەرکەوتن (حاسە اللمس) لەگەڵ گەیشتنی بەتەمەنی ٨ مانگیی، دەتوانێت دوو پەنجەی بەکاربێنێت بۆ گرتنی شت، لەوانەیە بۆ ماوەی کاتژمێرێك دابنیشێ کە هەرچی لە دەورووبەری بێت دەستی بۆ درێژ بکات، بەو پێیەش بەهرە دەستی و میکانیکییەکان کە لە ژیاندا پێویستی پێیانە، فێری دەبێت.

**تەمەنی ٨ مانگی تا ١٨ مانگیی:**

لە سەرەتای مانگی هەشتەوە، منداڵ توانای جیاکردنەوەی فێربوونی ئەو پەسنانەی دەبێت، کە پەیوەندییان بە جێگیربوون و سەقامگیری و لەبەرچاوبوون و گەڕانەوەی شتەکانی هەیە، بۆ نمونە: ئەگەر شەقشەقەیەك لەسەرەوەی لانکەکەی هەڵواسرێ، سەرنجی دەداتێ، بەڵام ئەو شتە هەڵواسراوە، ئەگەر لابردرا ئەوا هەستی پێ دەکات و لە گەڕانەوەشی دیسان هەستی پێدەکات و خۆشحاڵی خۆی بۆ دەردەبڕێت، ئەگەر لێشی ون بێت، ئەوا سەیری شوێنی شتەکە دەکات، لە مانگی حەوتەم، یان هەشتەم

دەتوانێت لایەکی پەردەی شوێنی نوستنەکەی لابدات، نەوەك شتە بزربووەکەی لە پشتەوە بێت، لە کۆتایی ساڵی یەکەمیش شەقشەقەکە لە خۆی دەشارێتەوە پاشان دەیدۆزێتەوە، بەو پێیە منداڵ پەسنی پەیوەست بە بەردەوامیی شتەکان فێر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی درکپێکردنی چەکی جیگیربوون کەسەکان خۆیان، کەواتە ئەو منداڵەی کە ساڵی یەکەم تەواو دەکات، توانای گوڕان و دوورکەوتنەوەی لە باوانی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا دەزانێت کە بگەڕێتەوە بیاندۆزێتەوە. هەر لەم تەمەنەشدا منداڵ لاساییکردنەوە فێردەبێت، لەم تەمەنەیدا دایکی دەتوانێت دەست بخاتە سەر دەم و چاوی خۆی و پاشان لای بەرێت، هەموو جارێکیش کە دایکەکە وا دەکات منداڵ دەوروژێ، لە کاتێکدا ئەویش دەیەوێ وەکو دایکی بکات هەست بە بیرۆکەی لاساییکردنەوە دەکات، پاشان وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای لە مێشکدا دروست دەبێت، منداڵ لەم قۆناغەدا حەز لە ئاوێنە دەکات و تاماوەیەکی زۆر دیقەتی خۆی دەدات، پێدەکەنێ و هەندێ جاریش ڕووی خۆی گرژ دەکات و نێوچەوانی خۆی دەدا بە یەکدا، ئەو ڕەفتارانە دەنوێنێت کە لاسایی خەڵکی پێدەکاتەوە.

## لەتەمەنی ٩ مانگی تا ١٢ مانگی:

لەم تەمەنەدا منداڵ فێری پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام دەبێت، ئەگەر فشار بخاتە سەر بووکەڵانەکەی دەزانێ دەنگێکی لێوە دەردەچێت، سەرنج بدە منداڵێکی یەك ساڵان کە ئوتومبێلێکی بە قورمیشی هەیە، هەوڵ دەدات ئوتومبێلەکەی بکەوێتە کار، دەستبەجێ پاڵی پێوە دەنێت، یان قورسایی

دەخاتە سەر، بەڵام کاتێ ئەو کارەی سەر ناگرێ دەست بە پشکنینی ئۆتۆمبێلەکە دەکات ئەمدیودیوی دەکات و تایەکانی دەسورێنێ، کاتێکیش کە دایکی دەپرسێت ئەو ئوتومبێلە چۆن ئیش دەکات، واقی وڕ دەمێنێ. کە دەبینێ دایکی قورمیشی ئوتومبێلەکەی دەدات و بەو پێیە درك بەو لایەنە دەکات و پەیوەندی نێوان قورمیش و ڕویشتنی ئۆتۆمبێلەکە دەدۆزێتەوە، ئەگەر بینی ئوتومبێلەکە ناڕوات جارێکیتر هەوڵ دەدات، پاشان خۆشحاڵی خۆی پیشان دەدات کە توانی ئوتومبێلەکەی بخاتە کار، بەو شێوەیە هەست بە سەرکەوتن دەکات، کەواتە لە میانەی تاقیکردنەوەکەیدا فێری پەیوەندی نێوان هۆ و ئەنجام بوو، هەروەها فێری ئەوەش بوو کە چۆن بەسەر دەزگایەکی ئاڵۆزدا زاڵ دەبێت.

**لە تەمەنی یەك ساڵی تا سێ ساڵی:**

لەم تەمەنەدا منداڵ فێری ئەو بزاڤانە دەبێت، کە پەیوەندی بە ڕۆیشتن و دانیشتنی چوار مەشقی و خۆهەڵواسین و سواربوونی پایسکیل هەیە، ئەمانەش جۆرە بەهرەیەکن، کە بە بەهرەی سەرەکی میکانیکی دادەنرێت و بە درێژایی ڕۆژی یاریکردن جێی بایەخی گەورەی منداڵن، سەرباری ئەوانەش، منداڵ لە ماوەی ساڵی دووەمی تەمەنیدا لە میانەی یاریکردن لەگەڵ منداڵانی تر شارەزایی پەیدا دەکات و فێری لاساییکردنەوەی جموجۆڵ ڕووخساری کەسانی تر دەبێت، ئەمەش فێری بەهرەی نوێ و ڕێگەی نوێی دەکات، لە میانەی ئەو یارییانەی کە ئارەزووی دەکات. لەم قۆناغەدا منداڵ توانای ئەوەی دەبێت جیاوازی لە نێوان خۆی و باوك و خوشك و براکانیدا بکات، کە هەندێ لە داب و نەریتەکانیان فێر دەبێت، هەندێ جاریش هەست دەکات ئەوان ئیشیان بەمە دەبێتە هەروەکو چۆن برا گەورەکەی دەچێتە بازاڕ و شتومەك دەکڕێت ئەمەش لاساییان دەکاتەوە. هەروەها لەم تەمەنەدا منداڵ ئارەزووی

ئەوە دەکات خۆی بەدەستی وەکو گەورەکانی دەوروبەری بە دەستی خۆی جل و بەرگەکانی لەبەر بکات.

### لە ٣ تا ٦ساڵی

منداڵ لەم تەمەنەدا لە هەستەکانی خۆی ورد دەبێتەوە وەکو هەستی ترس و شەڕانگێزی و خەیاڵکردن ...تد ورد دەبێتەوە، بۆ نمونە لە ٦ ساڵیش ئەو هەولانەی، کە بۆ فێرکردنی پرۆسەی چوونە سەر ئاو دەیدرێنێ. لەوانەیە سەرچاوەیەکی گەورە بێت بۆ دڵەڕاوکێ، لەوانەشە لەگەڵ منداڵێکی دیکە گوزارشت لەو ترسەی بکات، کە هەریەکەیان بوکەشوشەکەی لەسەر کورسی پیساییکردن دادەنێت و داوای لێدەکەن میزەکەی، یان پیساییەکەی بکات و جلەکانیشی تەڕ نەکات، بەتوندیش ئەو مامەڵەیەی لەگەڵدا دەکەن هەرچەند، کە ئەو لە یاریکردنیشدایە، بەڵام هەستێکی ڕاستەقینەی لە پشت ئەو یاریکردنەوەیە، کە ئەوە دووپات دەکاتەوە، یارییکردن دەمامکێکە هەستکردن بە فشاری دەوروبەر خۆی تێدا مەڵاس داوە، ئەم یارییە سوودی ئەوەی بۆ منداڵان هەیە، کە ئامادەی دەکات و فێری ئەوە دەبێت، کە دایك و باوك و کەسانی تر پێشبینی، یان چاوەڕوانی لێدەکەن لەبەرئەوەی گەورەترین سەرچاوەی ورووژاندنی منداڵ لە خەیاڵەوەیە، کاتێ کە منداڵێکی هاورێی خەیاڵێکی فراوانتری هەیە، ئەوا ئەو خەیاڵە جیهانێکی فراوانتر و نوێتر لە بەردەمیدا واڵا دەکات کە دەبێتە هۆی دۆزینەوە، لە ڕێی چاوی هاورێکەشیەوە توانای تاقیکردنەوەی دەبێت و هەموو بیرۆکەکان تاقی دەکاتەوە، کە بە خەیاڵیدا دێن، بۆ نمونە دەتوانێت بفرێت وەکو سوپەرمان، یان بچووك بێت،

وەکو مێرووله، هەروەها دەتوانێت گیانداری دڕندە و ئەژیدها و فیل دابهێنێت هەمووشیان لە ژێر فەرمانی ئەودا کاربکەن و بەڕێوە بچن.

ئەگەر دایك بتوانێت بەشداری یاری منداڵەکەی بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەبێ پیرۆزبایی لە خۆی بکات، کە بەختی هەبووە منداڵەکەی پێیخۆشە یاری لەگەڵدا بکات، چونکە منداڵ بەرەنگاری ئەو گەورانە دەبێتەوە، کە دەست دەخەنە یارییەکانیانەوە و ئەو بەرەنگاربوونەوەیە لەسەر بنەمای ئەزموون بنیات نراوە، چونکە ئەگەر گەورە بەشداری منداڵەکە بکات لە یاریکردنیدا، ئەوا یارییەکان دەبنە وانەی فێرکردن، بەدەگمەنیش دایك و باوك هەن بتوانن بەرەنگاری ئەو ئارەزووەی خۆیان ببنەوە، کە خۆیان، کە پێیان خۆشە، وا لە یارییەکە بکەن، ناوەڕۆکێکی هەبێت، بۆیە زۆرجاریش بە منداڵ دەڵێن: (باشتر وایە بەم شێوەیە یاری بکەی)، یان (ئەوە زۆر نایابە ئازیزم! ئێستاش بەم شێوەیە بیکە، تا زیاتر بەسوود بێت)، هەرچەندە ڕابەرایەتیکردنی منداڵ لە یاریکردندا مایەی خۆشحاڵی منداڵەکەیە، بەڵام دەبێ بزانین ئەو ڕابەرایەتیکردنە دەبێتە سەندنەوەی دەستپێشخەری باوەڕ بەخۆبوون و تام و چێژی ئەو دۆزینەوەی کە منداڵ بە ڕێگەی تاقیکردنەوە و هەڵەکردن پێی گەیشتووە، کە شێوازی یاریکردنی منداڵەکە لە گەورە جیا دەکاتەوە، لەبەر ئەوە لە جیاتی ئەوەی منداڵەکەت فێر بکەی، هەوڵبدە خۆت شتی لێوە فێربیت، بۆ دەست پێکردنی ئەوەش سەرنجی منداڵەکەت بدە لە کاتی یاریکردندا، لە قۆناغێکی تردا بچۆرە ئاستی منداڵەکەت، لێی بپرسە، ئەمڕۆ چ یارییەك بکەین؟پاشان وازی لێبێنە، تا خۆی دەستپێشخەرییەك دەکات و بڕیارێك دەدات و دیسان وازی لێبێنە، تا لەو یارییەدا ئەو ڕابەرایەتی تۆ بکات، ئەگەر تۆش دەتەوێ شارەزایی ئەو قۆناغەی گەشەکردنی منداڵەکەت بیت،

ئەوا یارییەکانی ئەو جیهانێکی خۆش و پڕ لە وروژاندنت لەبەردەم دەکاتەوە، بەچاوی خۆشت دەبینی کە منداڵ یاری دەکات، بە هەموو مانای کارکردن و بەرۆشییەوە یاری دەکات.

**یاری پێویستییەکی زیندەگییە:**

یاریکردن بۆ منداڵ وەك خواردن و نوستن پێویستییەکی تەواو زیندووە، جاڕدانی مافەکانی منداڵ، کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە ٢٠ ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ گەلاڵەی کرد، بایەخی بە مافێکی بنەڕەتیدا وەك تەندروستی و ئاسایش و پەروەردەی یارییکردنی منداڵ، بەندی حەوتەمی ئەو جاڕنامەیە دەڵێت: (پێویستە هەموو توانایەك بۆ منداڵ بخرێتە کار، بۆ ئەوەی یاری بکات و چالاکی نوێ بنوێنێت و بەرەو ئامانجی پەروەردەیی دیاریکراو ئاڕاستە بکرێت، لەسەر کۆمەڵگە و حکومەتیش پێویستە بۆ ئەو مەبەستە کاربکەن).

وەڵی کارکردن پێویستی بەکات هەیە ئەمەش هەمیشە ئاسان نییە، لە ڕۆژێکی دوورودرێژ بە تایبەتیش لە شارەکاندا شوێنی وەکو گەڕەکی شوقە و کۆڵانی تەسك و بوونی قوڕ و چڵکاو و شوێنی مەترسیدار، کە ڕێگە نادەن منداڵ گوزارشت لە هەڵچوون و خەیاڵەکانی بکات، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەش زۆر جار دایك و باوك یاری بەسەر منداڵدا دەبارێنن، کە لەوانەیە وەڵامی پێویست نەبێت بۆ ئارەزوە شاراوەکانی منداڵ.

گوند و شوێنە دوورەکانی شار لەوانەیە فراوانتر و لەبارتر بن، کە هەندێ لە پێداویستییەکانی یارییکردنی وەکو درەخت و بەرد و شتی دیکە زۆرن کە

پێویستێ بۆ یاریکردن، هەروەها خۆهەڵواسینی منداڵ بەدار و درەخت و دروستکردنی خانووچکە و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژەڵ یارمەتیدەری گەشەی منداڵن، کە لەم جۆرە شوێنانە بە پێچەوانەی شوێنی وەکو شوقە و کۆڵانی بەر تەسک ئازادییەکی زیاتری دەبێت لە یارییکردن و زووتر فێری کۆنترۆڵکردنی توخمەکانی دەورووبەر و جیهانی دەرەوە دەبێت و کۆنترۆڵی لەش و هێزی خۆی و هێزی کەسێتی خۆی دەکات، بەگوێرەی لێکۆڵینەوەکان ئەو منداڵەی ژیانی دوورە لە دارستان و ڕووبار و لێواری دەریا و بانەکان و ژێر هەوری چڵکن، کە نەزانێ بەهار دەکەوێتە دوای زستان و زستانیش دوای پاییز و ئاگای لە سروشت نەبێت، ئەو منداڵە بە هەموو مانایەک بێبەشە لە یاریکردن و ئازادی.

لەبەر ئەوە پێویستە ڕۆژێك لە خشتەی هەفتانەدا تەرخان بکرێت، بۆ دیتن و باسکردنی سروشت لەگەڵ منداڵی دیکە و لەگەڵ گیانداران، چونکە ئەم جۆرە شتانە تەنها نیشاندەری ڕاستییەکانی دەرەوە نین، بەڵکو بۆ گەشەدانە بە خەیاڵی منداڵیش. بۆ نموونە منداڵ ئەگەر سەگێکی لە تەکدا بوو، ئەوا ڕۆڵی پۆلیس و پشکنین دەبینێت، یان ئەگەر ئەسپێکی پێبوو، ئەوا ڕۆڵی شوان و گاوان دەبینێ. بەوەش بەشێك لە چەمکەکانی ژیان فێر دەبێت، یارییکردن بۆ منداڵ ژیانە، لەبەر ئەوە نابێ ڕێگەی یارییکردنیان لێبگیرێ تەنها ئەو یارییانە نەبێت کە بۆ ژیانیان مەترسیدارە.

# یاریکردنی منداڵ

## مەترسیدارە... مەترسیدارە... مەترسیدارە

لە کاتی یاریکردندا لەوانەیە منداڵەکە بکەوێت و دەستی، یان قاچی بشکێت، لە سەرەتای گەرمای هاویندا، ڕۆژ بە ڕۆژ هەوا گەرم تر دەبێت و ئازاری منداڵەکە زیاتر دەبێت بە هۆی ئازاری شکانەوە، بۆیە پێویستە دەستبەجێ سەردانی پزیشك بکەیت، بۆ ئەوەی لە داخورانی ئێسك بیپارێزیت.

هەرچەندە داخورانی ئێسك بەهۆی دۆزینەوەی دژەژیانەکان کەم بووەتەوە، بەڵام ڕادەی ئێش و ئازاری ئەو نەخۆشییە، وا لە دایك و باوکی دەکات بە وردی چاودێری منداڵ بکەن، تووشبوونی منداڵ بە داخورانی ئێسك دوای خواربوونەوەی جومگێك لە جومگەکان دەستپێدەکات، کە بە هۆی یاریکردنەوە منداڵ تووشی بووە، دەستپێدەکات نهێنی ئەوەش لەوەدایە ئەو جومگەیەی کە دووچاری ئەو حاڵەتە بووە، دراوسێی کۆتاییە گەشەسەندووەکانی ئێسکن (النهايات الناميه للعظام)، بناغەی ئێسکی ئەو کۆتاییانەش لاوازە، چونکە خانەی خۆدابەشبووی تێدایە و بەرگەگرتنیشی لاواز و سادەیە، ئەگەر لەش دووچاری میکرۆب، یان هەوکردنی پێست، یان هەوکردنی ئاڵووەکان بووەوە، ئەوا هەندێك لەو میکرۆبانە لەوانەیە بگەنە سووڕی خوێن، کۆتاییە گەشەسەندووەکانی ئێسکیش شوێنێکی بە پیتە بۆ زیادبوون و گەشەکردنی ئەو میکرۆبانە، بە تایبەتیش ئەگەر هاتو خوێن لە شوێنێکدا کۆببێتەوە، وەکو ئەوەی لە خواربوونەوەی جومگەکانی منداڵ

ڕوودەدات، ئینجا هەوکردنی ئێسك دەسپێدەکات و دەبێتە هۆی داخورانی و ئاکامەکانی.

ئەم پرۆسەیەش لە ماوەیەکی کورتدا ڕوودەدات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر منداڵەکە زووتر پیشانی پزیشك بدرێت لەوانەیە لە زۆر حاڵەت، کە دواتر دووچاری دەبێت ڕزگاری ببێت.

لە (٢٤) کاتژمێری یەکەمدا هێرشی میکرۆب کە دوای چەند ڕۆژێك لە نەرمبوون و چەمانەوەی ئێسك ڕوودەدات، پلەی گەرمای منداڵەکەش وردە وردە بەرز دەبێتەوە و ئازاریش زیاد دەکات و جووڵانیش ئەستەم دەبێت، ئەمەش قۆناغی یەکەمی نەخۆشییەکەیە، ئەگەر زوو پیشانی پزیشکی تایبەتی بدرێت ئەوا ناگاتە ئەو حاڵەتە، هەروەها لە ماوەی دوو هەفتەی دوایی ئەویش دەکرێ لە ڕێگەی نەشتەرگەرییەوە کاریگەری خراپ لەسەر ئەو منداڵە کەمتر بێت و ڕێگەش نادرێت شوێنی نەشتەرگەرییەکە بخورێت و زیاتر فراوان بێت، لەبەرئەوە ئامۆژگاری دایك و باوك دەکەین کە ئاگاداری چەمانەوە و پیسبوونی ئەو شوێنانەی منداڵ بن، کە دووچاری شکان هاتوون و پزیشکی لێ ئاگادار بکەنەوە و کەمتەرخەمی لێنەکەن، بۆ ئەوەی پێست و ئێسکی منداڵەکە دووچاری پیسبوون نەبێتەوە.

## یارییە پڕوپوچەکانی منداڵ

هەندێ یاری کە لەگەڵ منداڵ دەکرێ، ڕەنگە بە یاری پڕوپوچ (الالعاب السخیفە) ناوی ببەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودی خۆی هەیە، بۆ نمونە هەندێ دایك لەوانەیە باس لەوە بکەن و بڵێن: "منداڵەکەم دەخەمە سەر ئەژنۆم و هەڵیدەپەڕێنم، بەڵام هەست دەکەم ئەم هەڵپەڕاندنەم هیچ مانایەکی نییە "، لە ڕاستیشدا ئەو جۆرە یارییکردنە ئەگەر هیچ ئازارێك بە منداڵەکە نەگەینێت، نەك پڕووپۆچ نییە، بەڵکو سوودبەخشیشە. بەتایبەتی کە ئەو منداڵە دێنێتە پێکەنین و دەبێتە مایەی گەشە پێدانی زەین و باری کۆمەڵایەتی منداڵەکە، بەبێ ئەو لایەنە منداڵ کەسێکی بێدەسەڵات دەبێت بەرامبەر ئەرکەکانی ژیانی، لە سەرەتای تەمەنیدا بەهۆی گەشەی خێراوە، گۆڕانکاری خێرای بەسەردا بێت و لە قۆناغەکانی پشتبەستن بە کەسانی تر دەچێتە قۆناغی مرۆڤێکی ئاقڵ و سەربەخۆ کە توانای خۆکۆنترۆڵکردن و کاریگەری بۆ سەر دەورووبەری دەبێت.

منداڵ لەم تەمەنەدا بە شێوەیەکی سەرەکی، پشت بەهەست و چاڵاکییە بەدەنییەکانی خۆی دەبەستێ. خوای گەورە ئەرکی گەشەپێدانی خێرایی منداڵ نەخستۆتە سەر دایك و باوك، بەڵکو لە جیاتی ئەوە غەریزەی ستایشکردنی پێ بەخشیون، بۆ نمونە یاری گچکەکان کە دایك و باوك خۆیان یاری پێدەکەن سوودی بۆ بنیاتنانی ستراتیژیەتی ڕاست و دروستی گەشەکردنی لە دەرونی منداڵەکە هەیە، کە ئەمەش نیشانەی گواستنەوەی یارییەکانە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

یارییە هەستییەکان بۆ منداڵ زیندوو و گرینگن، بە تایبەتی لەو ماوەیەی، کە منداڵ هەست بە دەوروبەری خۆی دەکات لەو یارییانەش، یاری لە باوەش کردنی منداڵ و باوەش بۆ کردنەوەی یاریکردن بە ئاوی گەرماو چەپڵەلێدان و چاوشارکێ، لەوانەیە ئەو یارییانە شتێکی سروشتی نەبن و دایک و باوک زۆر بەشێوەیەکی سەرەتایی و بۆ خۆشی خۆیان ئەنجامی بدەن، بەڵام کاریگەری بۆ سەر گەشەی منداڵ هەیە.

## نەخێر یارییەك نییە زۆر پڕوپوچ بێ!

بەهرە بنەڕەتییەکانی منداڵ، کە ئەم جۆرە یارییانەی بە لای هەندێ کەسەوە پڕوپوچن ،گەشەی پێدەکەن و چەندین ناوەڕۆك بەخۆوە دەگرێت کە لە قۆناغی دواتر سوودی لێ وەردەگیرێت. بۆ نمونە: لە تەمەنی شەش مانگی تەمەن، منداڵ ئارەزووی ئەوە دەکات، بە بێ هیچ ئامانجێك دەست بۆ کورسییەکی بەرز ببات، زۆر جاریش دایك و باوك هانی دەدەن. دەست بگەیەنێتە سەر کورسییەکە و بە ئەنقەستیش کورسییەکە دوور دەخەنەوە و پێدەکەنن و هانیی دەدەن، لە مانگی حەوتەم منداڵ توانای کۆنترۆڵکردنی بزاڤی دەستەکانی هەیە، کە بۆ شتەکانی دەوروبەری درێژ بکات و شت بگرێت، لە مانگی هەشتەمیش دەتوانێت توندتر بزاڤ بکات و شت بگرێت.

بەرەوپێشچوونی ئەم بەهرانە، دەبنە مایەی بناغەیەکی پێویست بۆ هەڵسوراندنی ئەرکی ئاڵۆزتری وەکو نزیککردنەوەی دوو یاری لە یەکتری، یان دانانی پەرداخێك لەسەر مێزێك، یان ڕیزکردنی هەڵمات و تۆپ و شتی دیکە،

کە توانای کۆنترۆڵکردن و هاوسەنگی دەوێت، پێش ئەوەی زانایان ئەم قۆناغانەی گەشەکردن بدۆزنەوە، مرۆڤ لە ئەزەلەوە هەستی بە بوونیان کردووە و وەکو یارییەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ کردوون، وەلێ بەداخەوە ئەو یارییانە ئەمەندە سادە و ساکارن بایەخەکەی لە بەر چاو نەگیراوە.

## هەڵپەڕاندن و دەستلەملکردن:

لە هەر دایکێك بپرسی کە بۆ منداڵەکەی هەڵدەدات، یان دەست لە ململانێی دەکات؟یان بۆ ختوکەی دەدات، یان بۆ دەیهێنێتە پێکەنین؟گومانی تێدا نییە وەڵامەکەی ئەوە نییە کە بڵێت، ئامانجم گەشە پێدانی کۆئەندامی هەستەکانێتی، یان گەشەپێدانی هەستی خودێتی منداڵەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دایك بێ ئەوەی وەڵامی ڕاست بزانێت، ئامانجی دەرونزانی دەپێکێ.

بزاڤە جوانەکانی منداڵ لە قۆناغی سەرەتادا، منداڵ لە میانەی یارییەکان وەکو هەڵبەزودابەز و تەکاندان بۆ دواوە و بۆ پێشەوە، یارمەتیدەرن بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستەکانی لەش، وەکو هەستی بەرکەوتن، کە وەڵامی لەشی مرۆڤە بۆ ئەو شتانەی کە بەری دەکەوێ، هەروەها هەستی بزاڤ، کە وەڵامە بۆ پێویستییەکی لەش، هەستکردن بەخود کە وەڵامی لەشە بۆ زانینی شوێن و لە باوەشگرتنێتی لەلایەن دایکەوە، ئەم بزاڤانە شارەزاییەکی سەرەتاییە، لەگەڵ کۆمەڵێ هەستی سەرەتایی و زیندووی مرۆڤ.

ئەم هەستانە کە لە میانەی هەشت ساڵی یەکەمدا گەشە دەکەن.دەبنە بناغە بۆ تەواوی تەمەنی مرۆڤ و بەشێکی جیانەکراوەیە لە کیانی ئەو مرۆڤە

پێکدێنن، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆشی هەستی پێناکات، بۆ نمونە: پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی ئەو تۆ نییە کە دەستمان بۆ ئاگر نەبەین، یان لەسەر کورسییەکی شکاو هەڵسین و بەڵکو بە سانایی و بێ بیرکردنەوە ئەو کارانە ئەنجام دەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا منداڵ ئەگەر فێری ئەو بەهرانە نەبێت، یان فێری چۆنییەتی زانیارییەکانی تایبەت بە کۆئەندامەکانی هەستکردن نەبێت و فێری ڕیزکردنی زانیارییەکان نەبێت، ناتوانێ فێری بەهرەی ئاڵۆزتر بێت، بەڵام کاتێ گەشەی ئەو کۆئەندامانە تەواو دەبن و جێگیر دەبن ئەو کات مێشك توانای فێربوونی بەهرەی دیکەی پێویست دەبێت، بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی بیستن و بینین و بیرکردنەوە.

## منداڵ و پشوی هاوین

لەگەڵ داخستنی دەرگای قوتابخانە و دەستپێکردنی پشوی هاوین، هەوڵ بدە منداڵەکەت فێری ئەوە بێت گەشە بە لایەنی زەینی بدات و خەریکی چالاکییە هزرییەکان بێت، بێ ئەوەی لە تام و چێژی پشو، دووری بخەیتەوە، بۆئەوەش بەم (١٠) خاڵە ئامۆژگاری دایك و باوك دەکەین.

ئەگەر لەوە سەرکەوتنت بە دەست هێنا، ئەوا لەوانەیە بەری ئەو ڕەنجەت بدۆزیتەوە بۆ کە لە ساڵی داهاتووی خوێندن هەست بەبەرزبوونەوەی ئاستی منداڵەکەت بکەی.

لەوانەشە بپرسین، پەیوەندی نێوان حەزی گەڕان بە دوای شتدا لەلایەك و ئاستی خوێندنی منداڵ لەلایەکی دیکەوە چییە؟ واقیع ئەوەی سەلماندووە کە حەزی منداڵ بۆ گەڕان بەدوای شتدا باشترین پاڵنەرە بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەت. قوتابخانە داخرا و قوتابیش پەرتوك و تیانووس و مێشکی خۆیان دادەخەن و هەوڵدەدەن تۆڵەی ماندووبوونی خوێندن بەخۆشی و ئازادی بکەنەوە، ئەمە مافی خۆیانە، بەڵام کێ دەڵێت خۆشی و یاریکردن و کات بەسەربردنی خۆش، دژی قوتابخانە و خوێندنە؟! پشوی هاوین هەلی دەروونی بۆ ورووژاندنی، گڕ و تین و حەز بە گەڕان لە دەروونی منداڵ بخەنە سەر پێ، ڕۆڵی ئەوان لە سەرخستنی منداڵ لە قوتابخانە بەلایەنی کەمەوە، هێندەی کاریگەریی ژینگەی کۆمەڵایەتی و گوزەرانی خێزانە.

کەواتە پێویستە لەگەڵ هاتنی پشووی هاوین، هانی حەسانەوەی مێشکی منداڵ بدرێت، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت لە کاتێکی نائاسایی، وەکو کاتی نانخواردن فێری کۆکردنەوە و لێ دەرکردنیان بکەی، بەڵام ئامانجت ئەوە بێت چاری منداڵەکەت بۆ شتەکانی دەورووبەری بکەیتەوە و لە ڕێگەی دیالۆگ و بزاڤ، چالاکیی پراکتیکی جیاواز، وەکو گەشت و سەیران و سەردان، لەجیاتی ئەوەیش هەوڵی ئەوە بدەین فێری هەندێ مەعریفەتیان بکەین، با ئامانجی سەرەکیت لە ماوەی پشوی هاویندا ئەوە بێت ویستی فێربوونیان لە لا بوروژێنی، کە غەریزەیەتی سروشت چێنراوە لە گیانی هەموو مرۆڤێکدا، بەڵام ئەو غەریزەیە چاوەڕێ دەکات، بە ئاگای بێنێ و ژیانی بەبەردا بکەیت، بۆ بەدەست هێنانی ئەو ئامانجە پێویستیت بەم ئامۆژگارییانە هەیە:

### ١- منداڵەکەت هانبدە شتێکی نوێ بێت

بۆ ئەوەی منداڵەکەت هەندێ چالاکی بنوێنێت کە کات و هەوڵێکی زیاتری دەوێ، لەوەی ئەرکەکانی قوتابخانە دەیانەوێت، چیرۆکی ئەو باوکە وەبیر خۆت بهێنەرەوە کە منداڵێکی تەمبەڵ و ئاستنزمی لە قوتابخانە هەبووە، بەڵام لە پشوی هاوین فێری مەلەکردنی دەکرد، دوای ئەو بۆی دەرکەوت کە منداڵەکە هەستی کردووە کارێکی ئەنجام داوە و سەرکەوتنیش تام و چێژێکی خۆی هەیە بۆ سەر ئەو منداڵە، وای لێهات دواتریش هەست بەوە بکات لە کاری تریشدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، لەبەرئەوە منداڵەکەت لەو ماوەیەدا هانبدە شتێك فێر بێت پاشان وای لێبکە هەست بە شانازی بکات کە ئەو

کارەی کردووە، ئینجا بۆت دەردەکەوێت منداڵەکە باوەڕی بەخۆی پەیدا کردووە، کە ئەمەش هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ بەدەستهێنانی بەهرە و فێربوون.

**٢ـ دەتوانین لە هەوڵکانمانەوە فێر بین:**

بەڕێوبەرێکی گشتی یەکێك لە کۆمپانیا سەرکەوتوەکانی بواری دروستکردنی کۆمپیوتەر، لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیاکە، بە ئامادەبوانی کۆبوونەوەکەی گووتبوو: "جیاوازی سەرەکی من و ئێوە ئەوەیە من لە ئێوە زیاتر هەڵە دەکەم، لە ڕاستیشدا ئەوەی بوێرێ کاری مەترسیدار بکات، توانای بەدەست هێنانی لەوانی دیکە زیاتر دەبێت، ئاشکراشە ئەوەی هەڵە نەکات، هیچ فێرنابێت.لەبەرئەوە منداڵەکەت فێری نەرمی و سوربوون بکە، لەسەر گواستنەوەی هەڵەی خراپ، بۆ هەڵەی چاك و فێری ئەوەیان بکە کە هەڵەکردن ڕێگەی سەرکەوتنە چەقبەستن و ترسیش لە هەڵەکردن ڕێگەی سەرنەکەوتنە.

**٣ـ بە ئامانجی چێژوەرگرتن بخوێنەوە:**

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان، خوێندنەوە بە دەنگی بەرز لە لایەن دایك و باوکەوە بۆ منداڵ باشترین ڕێگەی فێربوونی خوێندنەوەیە، بیستنی چیرۆکی خوێندراو بەدەنگی بەرز خەیاڵی منداڵ چالاك دەکات، توانای گوزارشتکردنی باشتر دەبێت و لەڕوی زمانەوە دەوڵەمەند دەبێت، لەبەرئەوە بۆ منداڵەکەت بخوێنەرەوە، منداڵە گەورەکانیش هانبدە بۆ خوشك و برا بچووکەکانیان بخوێننەوە. دەشکرێ ماوەیەکی دیاریکراو دوای نانخواردنی ئێوارە و پێش نوستن، کاتێك تەرخان بکەن بۆ خوێندنەوەی بێدەنگ بۆ ئەندامانی خێزان، کاتێك منداڵ دەبینێت خوێندنەوە بۆتە مایەی خۆشی و تام و چێژ و

کۆکردنەوەی زانیاری، ئەوجا بەهای خوێندنەوەی بۆ دەردەکەوێت، لەوانەشە ببێتە خوویەك و پەنای بۆ ببات وەك ئامرازێك بۆ کات بەسەر بردن و خۆشی، لەجیاتی ئەوەی سەیری تەلەفزیۆن بکات و بە شتی دیکەوە خۆی خەریك بکات.

**٤- تەنانەت دەکرێ (بیرکاری)یش بەتام و چێژ بێت:**

کاتێك دایك و باوك بیر لە بیرکاری دەکەنەوە، یەکەم شت بە مێشکیاندا بێت ڕاهێنان و پرسیاری ژمێریارییە، لە ڕاستیدا دەکرێ بیرکاری پڕ بێت لە لە سوودی زیندوو وەکو خوێندنەوە، ئەگەر هاتوو بە ڕێگەیەکی ڕاست خوێندرا. دایك و باوکیش دەتوانن هەلی جیاواز بقۆزنەوە بۆ ئەوەی منداڵەکەیان فێری بیرکاری بێت، چێشتلێنان و کڕینی خواردەمەنی و کاتی پێویست بۆ کوڵاندنی شتەکان و کڕینی جل و بەرگ، یارمەتیدەرن بۆ فێربوونی ژمێریاری، کە دەکرێ داوا لە منداڵ بکەی شمەکەکان بە گوێرەی قەوارە و ڕەنگ و پێکهاتەکانی ڕێز بکات، هەروەها دەکرێ سوود لە ژماردن و پۆلینکردنی ئەندامەکانی جەستە وەربگیرێت، لەڕوی درێژی و پانی و قەبارە.

**٥- فێربوون بە بینین و بەراورد کردن:**

پێویست ناکات منداڵەکەت ڕەوانەی ئەورووپا بکەی، بۆ ئەوەی شتی نوێ فێر بێت، بەڵام دەتوانی بە گەشت و سەیران سەردانی سووپەرمارکێتەکان بکەی، بۆ بەراوردکردنی نرخەکان و چاکی و خراپی شتەکان و جیاکردنەوەیان و ژماردنی پارەی ئەو شمەکانەی کڕاون هەل بۆ منداڵەکەت دەڕەخسێنی، یان دەکرێ سەردانی شوێنەوارێکی کۆن بکات و لەگەڵ باری ئێستا بەراوردی بکات.

**٦- سوود وەرگرتن لە تەلەفزیۆن:**

تەلەفزیۆن ئامرازێکی کاریگەرە و دوولایەنەیە، دەکرێ دەزگایەك بێت بۆ لە خشتەبردن و گەندەڵی و کاتبەفیڕۆدان، ئەگەر تەنها لە بەرامبەری دابنیشین و چاوەڕێی ئەوە بکەین، هەموو بەرنامەکانی ببینین، بەڵام تەلەفزیۆن دەکرێ ئامرازێکی پەروەردەیی بێت ئەگەر هاتوو بەرنامە بەسوودەکانمان هەڵبژارد، لەوانەش بەرنامەی فێرکردن، یان ڕۆشنبیری، یاخود کۆمەڵایەتی کە بەهاکانی وەکو ڕاستگۆیی و هاریکاری کەسانی تر نمایش دەکات، ئەوەی زیاتر یارمەتیدەرە ئەوەیە بەرنامە بەسوودەکان دیاری بکەین و کاتەکانی بزانین ئەوەشی منداڵ لەو بەهایانە دووردەخاتەوە، هەوڵبدەین منداڵ زۆر تامەزرۆی نەبێت، ئەگەر منداڵیش بەو شێوەیە فێرکرا کە بەرنامە باشەکان هەڵبژێری، بۆخۆشی و سوود وەرگرتن لە جیاتی تەنها کات بەسەربەرن، ئەوا فێری ئەوە دەبن، ڕێز لە کات بگرن و توانای ڕێکخستنشیان دەبێت.

٧- ئەگەر خولیایەکت هەبێت وەکو خوێندنەوە یان وێنەکێشان، یان وەرزش، یان....تد با منداڵەکەت بەشداریت لەگەڵدا بکات بۆ ئەوەی ئەویش وردە وردە لاسایی کارەکانی تۆ بکاتەوە، چونکە لەوانەیە ئەو نەزانێت ئەو جۆرە خولیایانە لە ئارادان.

**٨- با منداڵەکەت هەست بە بوونی خۆی بکات:**

یارمەتی منداڵەکەت بدە، با هەست بکات، ئەو کەسێکی بێوێنە و دیارە، ئەمەش لە ڕێگەی هاندانی بۆ ئەو شتانەی کە جێی بایەخێتی، یان خولیایەتی، زۆرجار دایك و باوك لەوە دەترسن منداڵەکەیان لەرادەبەدەر بەشتێکەوە

خەریك بێت، لەسەر حیسابی شتەکانی دیکە، لەوانەش بایەخدانی منداڵ بە نیگار و پشتگوێخستنی ئەرکەکانی خوێندن، باشترین ڕێگەش بۆ دوورکەوتنەوە لەو شتانە ئەوەیە، دایك و باوك بەهرە و خولیای منداڵەکە بۆ پەرە پێدان و بەدەستهێنانی ئەنجامێکی دیکە بقۆزنەوە، بۆ نمونە دایك و باوکێك توانانیان خۆشەویستی منداڵەکە بۆ وەرزش بقۆزنەوە، بۆ ورووژاندنی حەزی گەڕان و بەدەستهێنانی زانیاری، سەبارەت بە بناغەی دامەزراندن و ئەندازەی یاریگا وەرزشییەکان و شتی دیکە.

**٩- منداڵەکەت فێری بەهرەی پەیداکردنی هاوڕێ و دۆست بکە.**

هەمیشە فێری ئەوەی بکە هاورێیەتی نوێ دروست بکات، بۆ ئەوەش پێویستە فێری بکەیت کە چۆن بتوانێت گوێ بگرێت و یارمەتی کەسانی تر بدات چۆن بتوانێت لەگەڵ کەسانی دیکە فێری ئادابی قسەکردن بێت، بەتایبەتیش کەسانی لە خۆی گەورەتر، گەر مامۆستا بێت، یان دایك و باوك، یان کەسانی تری نزیکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

**١٠- خۆت لە بیر نەکەی:** سەرەڕای ئەوەی سەرقاڵی دابینکردنی پێداویستییەکانی منداڵ و کاروباری ڕۆژانەیانیت، بەڵام دەبێ کاتێکیش بۆ خۆت تەرخان بکەی، کە بایەخ بە ئارەزو و خولیاکانت بدەی کە پەیوەندی بە کەسێتیەوە هەیە، چونکە ئەمە تەنها سوودی بۆ خۆت نییە، بەڵکو سوودی بۆ منداڵەکەشت هەیە. بشزانە بایەخدانی لە ڕادەبەدەر بەدەرچوون و سەرکەوتنی منداڵ، ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت، کە لەوانەیە ئەنجامی پێچەوانەی بۆ منداڵەکەت لێبکەوێتەوە.

## منداڵەکانمان لە پشووی هاویندا

ئەمڕۆ، یان سبەی چیبکەم، هەست بە بێزاری دەکەم، دایکە.. باوکە!! ناقەتم نییە چیبکەم؟لە کاتی پشوی هاویندا ڕۆژانە ئەو وشانە لە منداڵ دەبیستین. لە ڕۆژانی زستان، یان لە ماوەی خوێندندا، ڕۆژانە بەرنامە لە نێوان قوتابخانە و چالاکییە لاوەکییە دابەشکراون، کە کات بۆ شتەکی دیکە بە دەستەوە نامینێ، کتوپڕ پشوی هاوین دێت، کاتی ڤالایی زۆر دەبێت و منداڵ هەست بە بێزار بوون دەکات، منداڵیش وەکو ماوەی قوتابخانە بە جارێك کۆنابنەوە، چونکە هەر کەسە و لە ماڵی خۆیەتی، کەواتە چار چییە؟

هەبوونی و نەبوونی لەم پرسەدا ڕۆڵی خۆی هەیە، ئەو خێزانەی کە دارایە گەشت و سەیران بۆ دەرەوەی وڵات، یان بۆ شوێنە دوورەکانی ناوەوە بۆ خۆیان و منداڵیان ڕێکدەخەن، یان خودی منداڵ بڕیار دەدات. بچێتە خولی جۆراوجۆر بەرنامەی جیاوازی وەك یانەکانی وەرزش و میوزیك و نیگارکێشان، بەڵام ئەگەر توانای ئابووری لاواز بوو، دەبێ خێزان بۆ منداڵەکەی چی بکات؟ لە وەڵامدا دەڵێین بە قەد بەرەکەمان قاچ ڕادەکێشین، پێویستە بەوەی هەمانە، هۆکاری کاتبەسەربردن و خۆ دورخستنەوەی منداڵ لە بێزاری دروست بکەین و هەستی دۆزینەوە لە لایان بە ئاگا بێنین، بەو هیوایەی بەرنامەیەکی ڕۆژانەی چڕ دابنێین، کە بۆ هەر شتێك کاتێك دابنێین، هەر لە کارەکانی ماڵەوە تا سەردانی خزم و کەس و چوونە باغچە گشتییەکان و کۆبوونەوە لەگەڵ هەندێ هاوڕێ و برادەر کە پێکەوە بگونجێن. گەشتی بە کۆمەڵ دروست

بکرێت و جارجاریش سەردانی قوتابیان لەماڵەوە بکرێت. گرنگ ئەوەیە ئەو هەستە بدرێتە منداڵ کە شتێکی نوێ هەیە، گرنگتر ئەوەیە دایك ئارەزوو و خولیای منداڵەکەی بدۆزێتەوە و بایەخی پێبدات، زۆربەی منداڵانیش ئارەزووی یەکێك لەم خولیایانە دەکەن(مۆسیقا، وەرزش، نیگارکێشان، خوێندنەوە و پەیکەرتاشین...هتد). دوای ماندووبوون و هیلاکی هەموو ساڵێ ناکرێ مرۆڤ کاتی ڤاڵایی بە فیرۆ بدات، پێویستە سوود لە پشووی هاوین وەربگیرێ، بۆ ئەوەی منداڵەکە خۆی بۆ شتی نوێ ئامادە بکات، پشووی هاوین هەرچەند، کە پشوودان و حەوانەوەیە، بەڵام حەوانەوە لە ڤاڵایی (فراغ)ی بێ بەرنامە نابێت، کەواتە دەبێ بەرنامەیەکی بۆ حەواندنەوە هەبێت، وەکو ئەوانەی باسمان کرد.

پێویستە منداڵ وا فێربکەین کە چۆن سروشتیان خۆش بوێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگی ئەقڵی بەدەست بێنێت. منداڵ پێویستی بە حەوانەوە هەیە، لەبەرئەوە کارێکت پێ سپارد و ڕەتیکردەوە مانای وایە ماندووە، باشتر وایە وازی لێبێنی، چونکە ڕاست نییە بۆ کارێك ناچاری بکەی کە خۆی ئارەزووی لێ نەکات.

بۆ بەرنامەکانی هاوینیش مەرج نییە دەستبەجێ دوای تاقیکردنەوە بەرنامەی بۆ دابنێن، چونکە دەبێ بزانین مێشکی منداڵەکە بە هۆی تاقیکردنەوە و دەرچوون و دەرنەچوون ماندووە، بۆیە دوای ماوەیەك کە پشوو دەدات، ئینجا بەرنامەی بۆ دابنرێت و ئەگەر ئارەزووی شتێکیش نەکات وەکو (وانە)، باشتر وایە لێی بگەڕێی یاری بکات و نابێ ناچاری بکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.

## منداڵەکەت لەسەر شاخی (ئالپ)*ەوە فێری ژمارە بکە

لەوانەیە بپرسین پەیوەندی شاخی ئالپ بە ژمارەوە چییە؟ بەڵام یەکێك لە پسپۆڕانی فێرکردنی منداڵی بچووك و ڕاهێنانی مێشکیان، پێش چوونە قوتابخانە، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە:

١- خەیاڵی ئەوە بکە کە تۆ بەسەر شاخی (ئالپ)دا سەردەکەوی، مانای وایە تۆ هەوڵێکی زۆر دەدەی تا دەگەیتە لوتکە، هەروەها تۆ لە بنارەوە بۆ لوتکە سەردەکەوی، بڕینی هەر ماوەیەك قۆناغێك سەرکەوتنت بەدەستهێناوە تا دەگەیتە کۆتایی.

**٢- بۆ شاخی ئالپ؟**

وەڵامی ئاسانە، بە گوێرەی بۆ چوونی (دوورتی جێفری) کە شارەزاییەکی بەریتانییە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەکە بە تایبەتیش ئەو پیتە ئینگلیزییانەی کە ناوی (ئالپ)ی پێکهێناوە واتە(ALPS ).

٣- هەر پیتێك لەو پیتانە یاسایەکە بۆ فێرکردنی منداڵ لە ٢ تا ٥ ساڵی، حەز لە هەموو پیتەکانیش دەکات.

**٤- پیتەکان چی دەگەیەنن؟**

*چالاکی = Activity A

*زمان = Language L

---

*ئەلپ: زنجیرە چیایەکە دەکەوێتە نێوان ئیتاڵیا و فەرەنسا لە ئەورووپا. (وەرگێڕ)

| | | |
|---|---|---|
| *وێنە = | Picture | P |
| *نیشانە = | Symbo | S |

٥- لە جیاتی ڕێگا کلاسیکییە باوەکە، کە زۆربەی دایکان منداڵی پێ فێردەکەن کە ژمارەکان لە دوای دایکیان دەڵێنەوە، یان بە پەنجە دەیژمێرن، (دۆرتی) ڕیگەیەکی نوێی پێشنیاز کرد کە بە یاریکردن دەست پێدەکات، بۆ ئەوەی ژمارەکان لە مێشکی منداڵ بچەسپێت و شتی دیکە لە بیریان نەباتەوە.

٦- بۆ ئەوەی هەوڵەکەت سەربگرێ، هەروەکو (دۆرتی) دەڵێت، کە چەندین لێکۆڵینەوەی لەم بارەیەوە پێشکەشکردووە و لە زۆر لە داینگاکان ئەو شێوازەی پەیڕەو کردووە و چەندین کتێبی نوێ و جوانی لە بارەی فێربوونی ژمارەوە، بە شێوازی یاریکردن داناوە، پێویستە دیمەنی، یان شێوەی ئەو شاخانە لە مێشکی خۆت دابنێ و پیتەکان ڕیزبەند بکەیت. لە دامێنەوە دەست پێبکەین، تا لووتکە، تا بەم شێوەیە:

سەرەتا بیر لە پیتی A بکەرەوە کە بە مانای Activity واتا چالاکی، یان یاری دێ، بە یاریکردن منداڵەکەت فێری ژمارە بکەیت.پاشان بیر لە پیتی دووەم بکەرەوە لە شاخی ئالپ ئەویش پیتی L کە بە زمانی Languageواتە زمان دێت، کاتێ منداڵ یاری دەکات لە میانەی زمان ئەوە دەدۆزێتەوە کە یاری پێدەکات، دواتر بیر لە پیتی سێیەم بکەرەوە کە ئەویش Pبەمانای Pictureواتە وێنە دێ، منداڵ یاری دەکات و دەدۆزێتەوەو دەبینێ کاتێکیش دەبینێ هەوڵدەدات تێبگات، لێرەوە دەگەینە پیتی Sکە نیشانەیە بۆ Symbolsواتای نیشانە و ئامانج، کە دەتەوێ بەدێ بهێنیت لە فێر کردنی منداڵ.

*وێنە = Picture P

*نیشانە = Symbo S

٥- لە جیاتی ڕێگا کلاسیکییە باوەکە، کە زۆربەی دایکان منداڵی پێ فێردەکەن کە ژمارەکان لە دوای دایکیان دەڵێنەوە، یان بە پەنجە دەیژمێرن، (دۆرتی) ڕیگەیەکی نوێی پێشنیاز کرد کە بە یاریکردن دەست پێدەکات، بۆ ئەوەی ژمارەکان لە مێشکی منداڵ بچەسپێت و شتی دیکە لە بیریان نەباتەوە.

٦- بۆ ئەوەی هەوڵەکەت سەربگرێ، هەروەکو (دۆرتی) دەڵێت، کە چەندین لێکۆڵینەوەی لەم بارەیەوە پێشکەشکردووە و لە زۆر لە داینگاکان ئەو شێوازەی پەیرەو کردووە و چەندین کتێبی نوێ و جوانی لە بارەی فێربوونی ژمارەوە، بە شێوازی یاریکردن داناوە، پێویستە دیمەنی، یان شێوەی ئەو شاخانە لە مێشکی خۆت دابنێ و پیتەکان ڕیزبەند بکەیت. لە دامێنەوە دەست پێبکەین، تا لووتکە، تا بەم شێوەیە:

سەرەتا بیر لە پیتی A بکەرەوە کە بە مانای Activity واتا چالاکی، یان یاری دێ، بە یاریکردن منداڵەکەت فێری ژمارە بکەیت.پاشان بیر لە پیتی دووەم بکەرەوە لە شاخی ئالپ ئەویش پیتی L کە بە زمانی Languageواتە زمان دێت، کاتێ منداڵ یاری دەکات لە میانەی زمان ئەوە دەدۆزێتەوە کە یاری پێدەکات، دواتر بیر لە پیتی سێیەم بکەرەوە کە ئەویش Pبەمانای Pictureواتە وێنە دێ، منداڵ یاری دەکات و دەدۆزێتەوەو دەبینێ کاتێکیش دەبینێ هەوڵدەدات تێبگات، لێرەوە دەگەینە پیتی Sکە نیشانەیە بۆ Symbolsواتای نیشانە و ئامانج، کە دەتەوێ بەدێ بهێنیت لە فێر کردنی منداڵ.

٨- بۆ ئەوەی ئەو شێوازە جێبەجێ بکەین، دەتوانی بەم کەرەسانە یاری لەگەڵ منداڵدا بکەیت:

- لۆگۆ
- وەرەقەی یاری
- وێنەی ڕەنگاوڕەنگی ئاژەڵان
- نەخشەکانی ناو کۆمپیوتەر

هەروەها ئەگەر کاتیشت نەبوو دەتوانی بەم کەرەسانەی ناو ماڵ یاری لەگەڵدا بکەیت:

- قەنەفە و کورسییەکانی ناو ماڵ
- مێزی گەورە و گچکە
- دەرگا و پەنجەرە
- ئامرازەکانی پاککردنەوە

(دۆرتی) وا ئامۆژگاریمان دەکات، کە سەرەتا سەرنجی منداڵ بۆ یاری ڕابکێشین، بۆ نمونە بڵێ: وەرە با یاری وەرەقە بکەین، یان با پارچەکانی لۆگۆ ڕێکبخەین، کاتێك منداڵەکە وەرەقەکانی بەدەستەوە دەگرێت، لەگەڵیدا بەسەر شاخی (ئاڵپ)دا سەردەکەوی. پاشان سەرنجی بۆ ناوی پارچەکان و ڕەنگ و شێوەکانی وەرەقە و یارییەکان ڕادەکێشی، لە کاتێکیشدا ئەو سەرقاڵی قسەکردنە وردە وردە وێنەکانیش ئاشکرا دەکات، ڕۆڵی تۆش ورووژاندنی ئاگای ئەوە بۆ وێنەی کچێك یان لاوێك یان پیرێك بۆ سەر وەرەقەکانی یاری، یان وێنەی باڵەخانەیەك یان شێوەی ئۆتۆمبیلێك، کە

دەکرێت بە پارچەکانی لۆگۆ یان (بازل) دروست بکرێت، یان وێنەی ئەندازەیی، یان گوڵ، کە بە پارچەی بازل دروست دەکرێت، بەو شێوەیە لەگەڵ منداڵەکە دەگەیتە لوتکەی شاخەکانی (ئالپ)، کاتێ دەست بە جیاکردنەوە و ڕێکخستن و ژمارەکانی دەکەیت، بۆ نمونە: * دەکرێ دوو وەرەقە هەڵبژێری بۆ وێنەی کچێك (ژمارە ٢).

* یان دەکرێ ڕابەرایەتی بکەیت، کەوا سێ پارچەی سوور (ژمارە ٣) لە شەشپاڵووەکانی لۆگۆدا هەیە بۆ دروستکردنی سەقفی خانوو.

بەو ڕێگەیە منداڵ وردە وردە لە میانەی یارییەکاندا، هێمای ژمارەکان دەدۆزێتەوە و پاشان لە بەریان دەکات.

١٠ – لەم ڕێسایەوە شێوازی جۆرا و جۆرت بۆ دەردەکەوی... کە دەتوانی بۆ یاریکردنی چاوشارکێ لە پشت دەرگاوە، یان هەر یارییەکی تر بەکاریان بهێنی، کە ئەویش بۆی دەردەکەوێ ژمارەی دەرگاکان چەندە کە خۆتان لە پشتیان شاردبۆوە، یان شێوازی لۆژیك بۆ نمونە: (چی لە پشت پەردەی پەنجەرەکەوە حەشار دراوە) پاشان لەگەڵیدا ژمارەی پەنجەرەکان فێر دەبێت، بەو شێوەیە ژمارەکان لە (١–١٠) لەبەر دەکات و لەگەڵتدا دەگاتە لوتکەی شاخەکانی (ئالپ).

## ئەو وێنە و ژمارانەی، کە منداڵ ئارەزووویان دەکات

هەوڵ بدە سەرنجی منداڵەکەت بەو شێوەیە بۆ ژمارەکان ڕابکێشە:

* وێنەی مراوی و کەروێشك لە ژووری منداڵەکە هەڵبواسە.

* ژمارەی ڕەنگاوڕەنگی موگناتیسی بە دیواری دەرگا و دەرگای بەفرگرەدا هەڵبواسە.

* موهەریجەکان (وێنەی چەند موهەریجێك بە تەنها، یان دوو یان زیاتر) هەڵبواسە.

* کەسایەتی ئەفسانەیی (خەیاڵی): ئاگاداری ڕێسەی شاخی (ئاڵپ) بەو ژمارەکان بە کاربهێنە.

## گونجاوترین یاری بۆ منداڵ و چۆنی هەڵبژێردرێن

من دایکی ٣ منداڵم، دوو کوڕ و کچێك تەمەنیان (٧، ٦، ٤) ساڵانن، هێشتا نەمتوانیوە چ جۆرە یارییەکان بۆ هەڵبژێرم دەشزانم یاری سوودی هەیە، ئایا هیچ ڕێنماییەك بۆ هەڵبژاردنی یاری منداڵ هەیە؟ (ماجدۆلین)، کە ئافرەتێکی شارەزایە لە بواری پەروەردەی منداڵ، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ: "دەبێت سەرەتا هەموو منداڵێ بزانی کە هەر یارییەك بە های دیاریکراوی خۆی هەیە، پێویستیشە لە سەر دایك منداڵەکەی خۆی تێبگەینێ کە یاری دیارییە و هەندێ جار پێشکەش دەکرێ، نەك هەموو کاتێ، لە لایەکی ترەوە هەموو منداڵێك یاری هەڵبژێردراوی خۆی هەیە، کە گونجاوە لەگەڵ کەسێتی و باری دەرونی ئەودا. بۆ نمونە* ئەو منداڵەی کە هەست بە پەشێوی و دڵەڕاوکێ دەکات، ئەو یارییەی بۆ باشە کە هەڵدەواسرێ، وەکو دەبدەبە، کە لە لاستیك دروستکراوە بە کۆڵە مست لێی دەدات، چونکە لەگەڵ لێدانی دەبدەبەکە پەسێوی دڵەڕاوکێ دەردەپەڕێ و دەحەوێتەوە، بەڵام ئەو منداڵەی دوچاری بێزاری بووە، بووکەڵانی میکانیکی کە چەند ڕۆڵێك دەبینێ، هۆکارێکە بۆ گەڕاندنەوەی چوست و چالاکی. باشترین ڕێنمایی گشتی بۆ هەموو دایکان ئەوەیە کە لێی بگەرێی منداڵەکەت خۆی یاری هەڵبژێرێت، هاوکات دەبێ دایك منداڵەکە لەوە ئاگادار بکاتەوە کە چ کۆمەڵە یارییەك لەگەڵ تەمەنی ئەودا گونجاوە.

- دایك دەبێ ئاگاداری ئەوە بێت کە یارییەکە مەرجی یاری باشی هەبێت، بەتایبەتیش مەرجی دڵنیایی و پاراستنی منداڵەکە.

- پێویستە پارچەکانی یاری گەورە بێت بۆ ئەوەی قووت نەدرێن، یان منداڵەکە نەیانخاتە کونە لووت و گوێی خۆیەوە.

- دەبێ یارییەك بێت شارەزایی بنیاتنان، توانای ڕێکخستن و ڕیزکردن و هاندان و داهێنانی تێدابێت و ئامانجێکی پەروەردەیی هەبێت.

- ڕەچاوی باری ئابووری بکرێت لە کڕینی یاری، یاری گرانبەها مەرج نییە، بەڵکو بەهای یاری لە ئامانج دایە.

- یارییەکە بواری شۆردنی هەبێت، بۆ ئەوەی چڵك و پیسی لەسەری کۆنەبێتەوە .

- دوور بێت لە بەهێزکردنی هەستی تەنهایی منداڵەکە، بەڵکو ئامانجی کۆمەلایەتی و گونجاندنی هەبێت.

- ئەگەر یارییەکە بۆ سوار بوون بێت، پێویستە لە کەرەسەیەك دروستکرابێت، کە ژەنگ هەڵنەهێنێت و نەشکێت و بەرگە بگرێت و هاوسەنگی هەبێت.

## ناکۆکی دایک و باوک لە بارەی یاری منداڵەکانیان

دایکێک سکاڵا دەکات و دەڵێت، باوکی منداڵان یاری زۆر گرانبەها بۆ منداڵە سێ ساڵانەکەمان دەکڕێ و وا هەست دەکەم زیادەڕۆیی دەکات، بەڵکو هەستیش دەکەم ئەمە زیانی بۆ منداڵەکە هەیە، نەک قازانج. ئایا ئەم هەستەی من ڕاستە؟

(ئیرۆل یەشیلیۆرت)ی شارەزا لە چارەسەری دەرونی خێزان، لە وەڵامدا دەڵێت:

ئەگەر چاودێری منداڵەکەن بکەی، دەبینی بە جدی سەرقاڵی یاریەکانیەتی و پاشان وازی لێدێنێت . بەڵام ئەگەر تۆ یاریت لەگەڵدا کرد دەستەبەجێ یاریت لەگەڵدا دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە منداڵ بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بە دایك و باوکی دەدات، زیاتر لەوەی بایەخ بە یاریەکان بدات. بایەخیش بە بەشداریکردنی دایك و باوك دەدات، کە یاری لەگەڵ دەکەن زیاتر لە بایەخدانی بە بەهای یارییەکە، بەڵکو باوەڕیش ناکەم منداڵەکەت بەهای ئەو یاریانە بزانێت، کە باوکی بۆی دێنێت، کەواتە ڕەفتاری باوکەکە لە بارەی کرینی یاری هەستی خۆیەتی نەك پێویستی منداڵەکە، ئێمە زۆربەمان وەکو دایك و باوك لە منداڵیتی خۆمان، وەکو ئێستا ئەو یاریە زۆرمان لە بن دەستدا نەبووە کە بۆ منداڵەکانمان بە هەموو جۆرێکەوە ڕەخساوە، هەر چۆنێك بێت منداڵ ئەگەر ئەو جۆرە یاریانەی لە بەردەستدا نەبێت، ئەوا خۆی بەشتەکانی دیکەی دەوروبەری خەریك دەکات، تکاشم وایە ئەو باوکانە تێبگەن. بە

تایبەتیش دەبێ بزانن بەشداریکردنی منداڵ لە یاریکردنی لەگەڵ منداڵی دیکە، زۆر گرنگترە لەوەی زۆرترین یاریت بۆی کریبێ و بە گۆشەگیری بمێنێتەوە، دایك و باوك هەوڵ بدەن بایەخ بەم خالآنە بدەن:

١. منداڵەکە سوود وەربگرێت و لە سۆنگەی یاریکردنەوە فێر بێت .

٢. هەلی بۆ بڕەخسێ کە لە میانەی یاریکردندا، داهێنانی هەبێت واتە شتی نوێ دروست بکات .

٣. گرنگ ئەوە نییە یاریەکە گرانبەها بێت، بەڵکو دەبێ دڵخۆشکەری منداڵ بێت و هاندەری بێت بۆ داهێنان و دۆزینەوە .

٤. وا لە منداڵ نەکرێت ئەو هەستەی لەلا دروست ببێت کە لە منداڵی دیکە جیاوازە، لەبەرئەوەی یاری زۆری هەیە.

## منداڵ گوڵە، یان نەمام ؟

زۆر لە دایکان زۆر جار لە بارەی کەسێتی منداڵ دەپرسن، ئایا خاوەن کەسێتییەکی هەستیارە ؟ یان کەسێکە گوێ ناداتە هیچ شتێك ؟ لەوانەشە لە بڕیارەکەی سەبارەت بە کەسێتی منداڵ پەلە بکات کە ڕەفتارێکی دیاریکراوی لێ بەدی بکات .

ئەم تاقیکردنەوەی خوارەوە، ئاستی هەستیاریی منداڵ نیشان دەدات و هاوکاریی گەشەی لایەنێکی گرنگی کەسێتی منداڵ دەکات .

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی منداڵەکەت بکە : –

لە دوکانێکی گوڵفرۆشی، کە گوڵ و نەمام دەفرۆشێت، دەبێ تەنها یەك گوڵ بکڕێ، کامەیان هەڵدەبژێرێ لەمانە : –

١– گوڵەباخ

٢– گولەسەبار ( کە گولێکی دڕکاویە).

٣– نەمامێکی سەوز.

ئەگەر گوڵی هەلبژارد، ئەوا کەسێتییەکی شۆخ و شەنگە بایەخ بە زمان و گفتولفتی خۆی دەدات و تا ڕادەیەك کەسێکی هەستیارە، دەتوانی لێی دڵنیا بیت، کە خاوەن کەسێتییەکی هاوسەنگە و هەوڵ بدە لە هەندێ خاڵی گرنگ ئاگاداری بکەیتەوە، کە هەست دەکەیت گوێی ناداتێ .

ئەگەر گوڵە دڕکاوییەکەی هەڵبژارد، ئەوا کەسێتی بەهێز و توندوتیژە تا ڕادەیەك، هەندێك جار گرفتت بۆ دروست دەکات و دەبێتە مایەی بێزاربوون،

پێویستە لەسەرت چاودێری بکەیت و هەمیشە سۆراخی بکەیت، بۆ ئەوەی ئاگاداری زۆر شتی گرنگی ڕەفتارەکانی بیت و ڕێك و سەقامگیر بێت.

ئەگەر ئەمامی سەوزیشی هەڵبژاردە، ئەوا منداڵێکی زۆر هەستیارە پێی خۆش نییە ئازاری کەس بدات و ڕکی لە بێزارکردن دەبێتەوە، ئاگاداری هەست و ئەستی بەو یارمەتی بدە هەندێ نەرمی بنوێنێت .

ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ منداڵانی (٣ تا ٥) ساڵ دەست دەدات.

## بابە .... چیت بۆ هێناوم ؟

کاتێك دایك، یان باوك لە کار، یان بازار دەگەڕێنەوە، منداڵ بە پیریانەوە دەچێت و دەستبەجێ پرسیاری ئەوەیان لێدەکات کە چ دیاریەکیان بۆ هێناوە، وەك بڵێی دایك و باوك هەر دەبێ شتێکی بۆ بێنن، زۆر لە باوکانیش خۆشحاڵن، کە دیارییەکی هەرزانیان بۆ منداڵەکەیان هێناوە، بەلام چی ڕوو دەدات کاتێ منداڵ فێری ئەوە دەبێت کە چاوی لە دەستی دایك و باوکی بێت، بۆ هێنانی دیاریەك، لە جیاتی ئەوەی بایەخ بە گەڕانەوەی دایك و باوك بدات ؟!!

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن ئەو ڕەفتارە دەبێتە گرفتێك، هەردوولا ( منداڵ دایك و باوك ) بە دەستیەوە بناڵێنن، بە تایبەتی لە کاتێکدا کڕینی دیاری بووبێتە دیاردەیەکی ناچاری، دایکێکی کرێکار دەڵێت : ( من هەست بە گوناح دەکەم، چونکە زۆربەی کاتەکانم دوور لە منداڵەکانم لە دەرەوەی ماڵ بەسەر دەبەم، لەبەرئەوە کاتێ دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ شت بۆ منداڵەکانم دەکڕم، کڕینی دیاری بۆ منداڵ بەبەردەوام وایان لێ دەکات، هەمیشە پێشبینی ئەوە بکەن دیاری زیاتریان بۆ بکردرێت دایکێکی دیکە دەڵێت: ( کاتێ بە بێ منداڵەکانم گەشت دەکەم، دیاریان بۆ دەکڕم بە تایبەتی ئەگەر شتێکی نایاب و تایبەت بەرچاوم بکەوێت، چونکە دەزانم حەزیان لە چییە و چیان دەوێت، لە بارەی ئەم ڕێسا گشتییە، کە زۆر لە باوکان و دایکان پەیڕەوی دەکەن، خاتونێکی شارەزا دەڵێت: کاتێك باوك یان دایك بە بێ دیاری دەگەڕێنەوە

ماڵ، بە ئەرکی دەزانن، کە بە منداڵەکەیان ڕابگەیەنن، کە هەست بە بێ ئومێدی نەکەن، کە هیچ دیارییەکیان بۆی نەکڕیوە، پێویستیشە هۆکارەکەی وا بۆ منداڵەکەیان باس بکەن، کە هەرچی گەڕاون شتێکی گونجاویان بەرچاو نەکەوتووە بیکرن . ئەگەر لەم کاتەدا منداڵ تووڕە بوو، پێویستە دایک و باوک چاودێری بکەن تا بێدەنگ دەبێتەوە پاشان پێی بڵێن : دەزانم تۆ ئارەزووی دیاری دەکەیت، بەڵام با ئێستا بچین لە دوکانەکەی تەنیشتمان شتێکی دیکە بکڕین، بەو پێیە منداڵەکە دیارییەکەی لەبیر دەچێت، هەرچەندیشە ڕۆژی دواتر هەر چاوەڕێی دەکات، پێویستیشە دیارییەکان هەرزان و بچووک بن، بۆ ئەوەی منداڵ لە ئایندە پێشبینی دیاری گەورە و گرانبەها نەکات.

## وازمان لیٚ بیٚنن با یاری بکەین

باپیرم بەرەحمەت بێت هەمیشە دەیگوت: "کاری خێر دەکەی...شەڕ دێتە ڕێت" باوکیشم هەمان ئەو پەندەی باپیرم دووبارە دەکاتەوە، کە هەر کاتێك بیویستایە کارێك بۆ دایك و خوشك و براکانم بکات دووچاری لۆمە و سەرزەنشت کردن دەبۆوە لەجیاتی ئەوەی سوپاسی بکات.

لەوانەی خێزانەکانەمان ئەم پەندەی بۆ مابێتەوە، بۆیە منیش هەمان پەندی ئەوان دووبارە دەکەمەوە کە هەر کاتێك کارێکی باش دەکەم، یان لە پڕ شتێکی دڵخۆشکەر بۆ منداڵەکانم دەکەم لە جیاتی ئەوەی دڵخۆش بم، کەچی بێزار دەبم، بۆیە لۆمە و سەرزەنشتم دەکەن دوای ئەوەی وا بیرم دەکردەوە، کە بەو کارە باشانەم لە چاو ئەواندا دەبمە باوکێکی نمونەیی، لەو باوەڕەشدا بووم منداڵ لە هەموو شتێك بێزار ببێت تەنها یاری نەبێت، من کە منداڵ بووم حەزم دەکرد دایك و باوکم یاریم لەگەڵدا بکەن، خۆشترین کاتیشم ئەو کاتە بوو، کە باپیرم و دایك و باوکم کۆدەبوونەوە و هەموو جۆرە یارییەکانیان لەگەڵدا دەکردم، وەك چاوشارکیٚ یان پێشبڕکیٚ، یان یارییە زەینییەکان، بەڵام منداڵەکانم بایەخدانی من بەوان بە سزا دەژمێرن، ئەوان دیقەت دەدەن و زەردەخەنە دەگۆڕنەوە، بەڵام هەر کە پێم گوتن یەڵا منداڵ با یاری بکەین! گەورەکەیان دەڵیٚ: "بابە سەردەمی ئێمە جیاوازە لە سەردەمی ئێوە... ئێستا کۆمپیوتەر و یاری ئەلیکترۆنیمان هەیە". کاتیٚ بچووکەکان دەگرین داوا لە خوشك و برا گەورەکانیان دەکەن یاریان لەگەڵدا

بکەن، من هەل دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی هەموو منداڵەکانم کۆبکەمەوە و یارییەکانی سەردەمی باوك و باپیرم لەگەڵیاندا بکەم، بێ ئەوەی ئەوەم لە بیر بچێت کە یادەوەرییەکانی سەردەمی جوان و بەختەوەری منداڵێتیم، بۆیان باس بکەم، بەڵام منداڵەکانم هەموو جارێ ڕادەکەن و دەڵێن: وازمان لێ بێنە با یاری بکەین، ئێوە سەردەمی خۆتان هەبوو ئێمەش سەردەم و یاری خۆمان هەیە، ئەوە خەمبارم دەکات ئایا من لەسەر حەقم یان ئەوان؟!

## کوڕان و کچان لە چی جیاوازن

بە گوێرەی ڕاپۆرتی پزیشکە فەڕەنسییەکان لە ڕوی بنیادی جەستەوە کوڕان لە کچان بە تواناترن، پزیشکان لێکۆڵینەوەیان لەسەر بەهرەی بنیاتنان بۆ منداڵانی تەمەن تا دوو ساڵ کرد، دکتۆرە ( جین کرستۆف لابرت) بۆی دەرکەوت کوڕ و کچ بە بنیاکردنی تاوەری شەشپاڵوو یەکسانن، بەڵام کوڕ بەشێوەیەك باشتر پرد لە شەش پاڵوو دروست دەکات، خاتوونی ناوبراو ئەوەی گەڕاندەوە بۆ جیاوازی مێشك لە وەرگرتن و ڕاپەڕاندنی کاروبار، لای ڕاستی مێشك بەرپرسیارە لە تواناکانی دیاریکردنی ماوە و شێوەکە، لە کوڕان زیاتر گەشە دەکات، بەڵام لای چەپی مێشك بەرپرسیارە لە داهێنانی زمان و توانا دەستییەکان لە کوڕاندا بە سستی گەشە دەکات، بەڵام لە کچاندا زیاتر گەشە دەکات، گەشەی ڕاستی مێشك پەرە بەو توانایانە دەدات، کە بەرپرسیارن لە درکپێکردنی دووری شوێن و بۆشایی، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ بە خەیاڵدا هاتنی ڕووبەری گونجاو بۆ دروستکردنی پردێك، کە پێویستی بە خەیاڵی باشتر و بە هێزتر هەیە.

توانای خەیاڵکردن لە کچان بۆ داهێنانی نوسین و چیرۆك هۆنینەوە زیاترە، بەڵام خەیاڵی کوڕان یارمەتیدەرە، بۆ زانینی ڕووبەرە ئەندازەییەکان و یارییە ئەلیکترۆنییەکان.

# یاری و یاریکردن

ئەو یارییەی کە بۆ منداڵەکەت دەیکری و یاریکردنی لەگەڵ دەکەی، یان لەگەڵ کەسانی تردا دەیکات، بێگومان کار لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر دەکات، لەبەرئەوە ئەو یاریانە بۆ منداڵەکەت بکڕە، کە پێویستی بە هاوکاری منداڵانی تر هەیە، وەکو یاری تۆپی سەر مێز و فیشە و تۆپی باڵە و فوتبۆڵێن و تەلەفۆن و ...تد، چونکە ئەم جۆرە یارییانە پێویستی بە بەشداربوونی کەسانی تر هەیە.بە پێچەوانەی ئەو یارییانەی کە تاکە کەسێک بەتەنها دەتوانێت بیکات، وەکو لە فیلمە توندوتیژەکاندا دەردەکەوێت، جۆری یاری زۆر گرنگە، یارییەکان چەند یاری بە کۆمەڵ بن زیاتر پێویستیان بە بەشداری و هاریکاری کەسانی تر هەیە، منداڵیش چەند بایەخ بە کەسانی تر بدات.هەستی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت، لە جیاتی ئەوەی هەر منداڵە و کاغەزێکی بدەیتە دەست و نیگاری لەسەر بکات، باشتر وایە کاغەزێکی گەورەبدەیتە ژمارەیەک منداڵ هەریەکەیان بەشێکی نیگارەکە تەواو بکەن.

داوا لە منداڵەکەت بکە یاری کرین و فرۆشتن بکات و بۆ دروستکردنی شەمەندەفەرێك هاریکاری یەکتر بکەن، لە جیاتی ئەوەی منداڵە و بە تەنها یارییەك بەدەستەوە بگرێت.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تۆ ململانێی نێوانیان دەمرێنی، ئەوە ئەستەمە، بەڵام دەتوانی بەلایەنی کەمەوە یارمەتییان بدەیت، زیاتر لەیەکتری حاڵی بن و بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکان لە هەست و نەستی یەکتر تێبگەن. منداڵەکەت هانبدە لە بۆنەکان دیاری بگۆڕنەوە، دەروونناسان ئەمە دووپات

دەکەنەوە کەوا ئاڵوگۆڕی دیاری شارەزاییەکی نوێ بۆ بەشداریکردن لە یاری پێشکەش دەکات، لەسەر کەسێتیی ئایندەی منداڵەکە کاریگەرێکی زۆری دەبێت.

## با منداڵ بە سروشتی خۆی ڕەفتار بکات

لەوانەیە لە ماڵەوە بە هۆی یارییەکی پلاستیکی بچووک، یان یارییەکی لە پەڕۆ دروستکراو، هەرایەک دروست ببێت، پاڵەوانی ئەم هەرای و ڕابەرەکەی بە دڵنیایەوە منداڵە بچووکەکەتە، بەڵام ئەوەی یارمەتیدەرێتی برادەرەکانێتی لە منداڵانی دەوروبەری، تەنانەت گەورەکانیش، ئەو هەرایە لە دوو باردا دروست دەبێت: یەکەمیان ئەوەیە منداڵێک هەوڵدەدات یارییەک لە بن دەستی منداڵێکی دیکە دەربێنێ و لە جیهانی خەیاڵی بێبەشی بکات، کە لەوانەیە چەند کاتژمێرێک، یان ڕۆژێکی تەواوە خۆی پێوە خەریک کردووە، باری دووەمیش ئەوەیە منداڵەکە یارییەکی جوان و سەرنجراکێش دەبینێت و هەوڵدەدات لە دەست خاوەنەکەی دەریبێنێ، بۆ ئەوەی خۆی ببێتە خاوەنی

دایک لە ژیانی منداڵەکەیدا لەو حاڵەتانەی بینیوە، کە لەوانەیە منداڵێکی تری لە هەمان کاتدا بکەوێتە ململانێی دوو شتی دژ بە یەک، سەبارەت بە یارییەکانی، یەکێکیان ئەوەیە، کە قرچۆکە (ڕەزیلە) و نایەوێ هیچ منداڵێکی تر یارییەکەی لێ بستێنێ، لە هەمان کاتدا چاو دەبڕێتە هەموو یارییەکانی تر و زەوتیان بکات، ئەم دیاردەیە چۆن ڕوو دەدات؟ ئایا خۆمان ڕازی بکەین، کە بەڵێ منداڵەکەمان چاوتەنگ و قرچۆکە، یان لێکدانەوەیەکی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو دیاردەیە هەیە؟

**یەکەم:** ئەو دیاردەیە لە خۆڕایە، (کارییە ئەندرێ) کە دەرونزانێکی فەڕەنسییە دەڵێت: (هەر چییەک لەو منداڵە ڕوودات لەو بارەیەوە شتێکی

ئاساییە، زۆر جار منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا حەز ناکات یارییەکانی بە قەرد بدرێتە منداڵی دیکە، ئەمەش مایەی مەترسی نییە، بەڵکو دەبێ لێی بگەڕێین لەسەر سروشتی خۆی ڕەفتار بکات. ئەگەر ئەو دیاردەیە شتێکی باو بێت، لەبەرئەوە منداڵ لە خۆڕا ڕەفتار دەکات، ئەوەی بەلای ئێمەوە نائاساییە، لای ئەو شتێکی زۆر ئاساییە، لەوانەیە دایك و باوك زێدەڕۆیی بکەن لە چارەسەرکردنی ئەوەی کە لای ئەوان نائاساییە و دەیکەنە تراژیدیایەکی ڕاستەقینە و لەوانەشە هەست بە گوناح بکەن، گوایە ئەوان بۆ نمونە نەیانتوانیوە منداڵەکەیان لە خۆپەرستی و قرچۆکی و فراوانخوازی ڕزگار بکەن!! لە ڕاستیشدا ئەگەر منداڵ لە تەمەنی (١-٣) ساڵی بێت، ئەستەمە بتوانین ڕازی بکەین، کە یارییەکانی لەگەڵ هاوڕێکانی بەش بکات، یان بە ئاسانی دەستبەرداری بێت بۆ منداڵانی تر، زۆریش بەو یاریانەوە هۆگر دەبێت، چونکە یاری لەم قۆناغەدا بە واتای ژیان دێت و گرنگترین شتیشە لە لای ئەو، چونکە لە ڕێگەی یارییەوە خودێتی خۆی بەدی دەهێنێت، یاری ژینگەیەتی و بواری زیرەکێتی و بەهرەکانێتی، کە ناتوانێت لەم تەمەنەدا لە بوارێکی دیکە دەریان ببڕێت، جگە لە یاری، ئەگەر هاتوو دایك و باوك منداڵەکەیان تووشی هێدمە بکەن بە سەندنەوەی یاری لێی، یان ناچاری بکەن واز لە یارییەکە بهێنێ بۆ کەسانی تر، ئەوا دەبنە مایەی هێدمەی ڕاستەقینە، کە لە جیهانی خۆدۆزینەوە بێبەشی دەکەن، سەرباری ئەوەش یاریکردنی منداڵ بە شتە باو و ناسراوەکان هاوبەشی دەکات، لە ساتەکانی بەختەوەری و خۆشی و حەوانەوە.

## کاردانەوەی توند

شتێکی سەیر نیە کاردانەوەی منداڵ زۆر بەهێز بێت، کاتێك منداڵێکی دیکە هەوڵی دەست بەسەرداگرتنی یارییەکان دەدات، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدانی ئارەزووەکانی و خۆسەلماندنی و پاڵپشتی و بەهرە و تواناکانی بێبەش بکات، لەمبارەیەوە زانای فەرەنسی (کاریە ئەندریَ) دەڵێت: لەم تەمەنەدا یاریکردن گرنگییەکی زۆر و بنەڕەتی لە ژیانی منداڵدا هەیە، پێویستی پێیەتی بۆ دەرپەڕاندنی وزە و تواناکانی، ئەگەر نەتوانێت لە ڕێگەی یارییەکانەوە ئەوە بکات، ئەوا دەبێتە مایەی تورەبوونێکی توندی ناخ کە دەکریَ هۆکار و هاندەرەکانی بزانریَ.

**لە (٣ تا ٥)ساڵان:**

منداڵ لەم تەمەنەدا زیاد لە هەر کاتێکی تر یاری بەکاردێنێت، یاریکردن لەم قۆناغەدا ڕەگەزێکی پەیوەندی گرنگە لە نێوان خۆی و کەسانی دیکە، کە یارییەکانی خۆی دەدا بەوان و پاش چەند ساتێك بە توندی لێیان دەسەنێتەوە، دەوروبەریشی بە هەڵە لەم کاردانەوەی تێدەگەن، لە ڕاستیشدا منداڵ ئەم ڕەفتارە دەنوێنێت بۆ ئەوەی خۆی تاقیبکاتەوە و بە شێوەیەکی ئیجابی لەگەڵ دەوروبەر کارلێك بکات، هەوڵیش دەدات بەو شێوەیە خۆی بسەلمێنێت و پێگەیەك بۆ خۆی، لە ناو ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژی بدۆزێتەوە، لەم قۆناغەدا ئەوەی پێویستە ئەوەیە نابیَ دایك و باوك زۆر هەڵبچن، یان

کاردانەوەی توندیان بەرامبەر منداڵ هەبێت، چونکە ئەو منداڵە گەورە دەبێت و ڕۆژێك دێت بە یاساکانی خێزان و بەهاکانی پابەند دەبێت. پاشان دەبینین یارییەکانی خۆی بە ئەمانەت دەداتە هاوڕێکانی و لەگەڵیاندا بە هەموو هاوکاری و بەشێوەیەکی ئیجابی دەگونجێت، ئەوەشی پێویست بێت لەسەر بەرامبەرە، ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئاڕاستەیان بکەن و لە بارەی هاوکاری و برایەتی و هاوڕێیەتی، بە شێوەیەکی ڕاست ڕێنمایی بکەن و لە تێڕوانین و ڕاستی هەڵوێستەکانی تێبگەین، بێ ئەوەی هەڕەشە و ڕەخنە و توندوتیژی لەگەڵدا بەکاربێنن.

## کۆرپەکەت لە ماوەی شەهرەیاردا

ئەوەی باوە لە نێو دایکان لە بارەی پەیوەندی منداڵی پێش یەك ساڵان بە پەرتوکەوە، ئەوەیە کەوا منداڵ پەرتوك دەدڕێنێ، لەبەرئەوە بە ڕای ئەوان لەو تەمەنەدا ڕاست نییە گۆڤار و پەرتوك بدرێتە دەستی منداڵ، لە ڕاستیشدا منداڵ پێش ئەوەی زمانی بکرێتەوە، چێژێکی زۆر دەبینێت لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی گۆڤارەکان و خۆشحاڵە کە یەکێك لەگەڵیدا دانیشتبێ و بۆی بخوێنێتەوە، چونکە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ خەیاڵیدا یاری بکات، کە هەر ئەو خەیاڵکردنەوەیە بەرەو زمانکردنەوەی دەبات و گەشە بە مێشکی دەدات!

ئەم ڕاستییەش (ماری بوننافیە) پزیشك و ئەندام لە کۆمەڵەی شیکردنەوەی دەرونی لە پاریس، لە پەرتوکەکەی بە ناوی (پەرتوکە باشەکان بۆ منداڵ)، کە سەرجەم تاقیکردنەوەکان و کارە هەرەوزییەکانی کۆمەڵەی شیکردنەوەی دەرونی بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە خۆ دەگرێت، دووپات کردۆتەوە.

### پەیوەندی زمانەوانی:

لە پێشەکی ئەو پەرتوکەدا پرۆفیسۆر(رینیە دیکاتکینە)، سەرۆکی کۆمەڵەی شیکردنەوەی دەرونی، دەڵێت: لە سایەی پێویستی دۆزینەوەی کەسانی پسپۆڕ و بەتوانا، پێویستە منداڵ لە سەرەتاوە بناغەی بەهێزی بۆ دروست بکرێت، بۆ ئەوەی لە دواییدا بە شێوەیەکی پراکتیکی سوودی لێوەربگرن، زۆر لە منداڵان لە خوێندن شکست دێنن هەرچەندە پەروەردەی

نویێ و تەکنیکی پێشکەوتووشی لە ئارادایە، هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەو منداڵانەی بەگوێرەی پێویست و لە تەمەنی منداڵییەوە تێکەڵبوونی زمانەوانییان نەبووە، لەبەرئەوە لە نووسینەوەی ئەو زمانە شکست دێنن، ئەوجا گرفتەکانیان دەستپێدەکات. هەروەها دەڵێت: زۆربەی ئەو قوتابییانەی کە لە خوێندن شکستیان هێناوە، لە ناو ئەو خێزانانەدا ژیاون، کەوا زمانی خوێندن و نووسینیان کەم بەکارهێناوە، کە تام و چێژیشی نابێت، هەندێ لە لێکۆڵەرەوانیش ئەو شکستەیان بۆ هۆکاری بۆماوە و نەبوونی بەهرە گەڕاندۆتەوە، هۆکاری ڕاستەقینەش لەوەدایە کە ژیانی خوێندن و کۆمەڵایەتییان، لە چەند مانگی یەکەمی گەشەکردنی کۆرپەلە و پاشان قۆناغی شیرەخۆری دەستپێدەکات و لەسەر وەرگرتنی تام و چێژی ڕۆشنبیری چەق دەبەستێت. ئەم لایەنە ڕۆشنبیرییە، کە (ماری بوننافیە) لە پەرتوکەکەی قسەی لەسەر دەکات، لە شوێنێکی تر دیسان دووپاتی دەکاتەوە، کە دایکی ئێش و ئازار دەچێژێت، کاتێ چیرۆکی بۆ منداڵەکەی دەگێڕێتەوە، یان گۆرانی بۆ دەچڕێت و دەشزانێ ئەو منداڵە قسەش ناکات، بەڵام ئاواز و سۆزی دەنگی نزیکبوونەوەیەك لە نێوانیاندا دروست دەکات، لە چوارچێوەیەکی هەستیاردا تۆماری دەکات و تام و چێژێکی ئەوتۆ دەبەخشێت، کە شوێنەواری لە ناخ و دەروونی منداڵەکە بەجێدەهێڵێت..!

ستلا:

ماری لە سەرەتاوە چەند نمونەیەك لەو ئەزموونانەی، کە تیمە پسپۆرەکانی بەهێزکردنی خوێندنەوە لای منداڵ ئەنجامیان داوە، لە شوێنە

جیاوازەکاندا دەخاتە ڕوو، ئەو تیمانە ناوی خۆیان ناوە (ستلا)، ڕۆژێکیان (ستلا) لە یەکێك لە هۆڵەکانی چاوەڕوانکردنی پزیشکی منداڵان سەبەتەیەکی پڕ لە پەرتوك و گۆڤاری هێنابوو بەسەر منداڵانی هۆڵەکە دابەشی کرد، (ڕوز) کە منداڵێکی تەمەن دوو ساڵ بوو، دەستی دایە یەکێك لەو پەرتوکانە و دەستی بە خوێندنەوە کرد، دایکی ڕوز لەگەڵ ژنەکەی تەنیشتی دەستی بە باسکردنی ئەو کچە کرد کە پەرتوکەکانی دابەش دەکرد، گوتی: "ئەم کچە شت نافرۆشێت، بەڵام پەرتوك دەخوێنێتەوە و دەیداتە منداڵان، منداڵی زۆر بچووکیش لێی وەردەگرێت و ناشی دڕێت"، لێم پرسی ئاخر ئەو منداڵانە تەمەنیان بچووکە و تێناگەن! گوتی: با. کچەکەم حەزی لە ورچی ئەسمەرە.

(فکتۆر)ی یانزە مانگ دەستی خستە سەر وێنەی سەگێك و (ستلا) دەستی بە خوێندنەوەی کرد... لەبەرئەوەی ئارەزووی خوێندنەوە دەکات بۆ منداڵانی تەمەن یەك ساڵ کەمتر، چونکە ئاوازی وشەکان و ئیقاعیان سەرنجی منداڵ ڕادەکێشێت و منداڵانی گەورەتریش حەزیان لە گێڕانەوەی چیرۆکە.

منداڵی بچووك ئەگەر پەرتوك و گۆڤار لە بەردەستیدا بێت، هەوڵدەدات بیبات بۆ دەمی خۆی، پاشان ئەمدیوەودیوی دەکات و لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، دەیکاتەوە و دایدەخات، لە هەر کوێیەك و لە هەر کاتێك گوێبیستی خوێندنەوەی چیرۆکێك بێت، هاوکات پەرتوکێکی دیکە بە سینگییەوە دەگرێت، گرنگ لەم یارییە تایبەتییە گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەیە کە لەوانەیە دوو کاتژمێر بخایەنێت و تیایدا هەستی تام و چێژ بە منداڵ ببەخشێت، ئەم شێوازە یان ئەم خۆشییە بەهایەکی گرنگی بۆ منداڵ هەیە، کە

دەكرێ لە كاتی تەنگانەدا بۆیان بگێڕدرێتەوە، بۆ نمونە: (نادجا) كە منداڵێكی پاكستانی بووە ماوەیەك لە دایانگا لە گریان نەكەوتووە، (ستلا) هەوڵی دا وێنەیەكی ڕەنگاوڕەنگی نیشان بدات، سوودی نەبوو ئەو هەر لەسەر گریانی خۆی بەردەوام بوو.. بەڵام كاتێ (ستلا) دەستی بە گێڕانەوەی چیرۆكی (ئێوارەت باش ئەی مانگ)ی كرد، كاتێ باپیری كەروێشك ویستی كوڕەزاكەی بخەوێت ئەو چیرۆكەی بۆ گێڕایەوە، كە (ئێوارە باشی) لە هەموو شتێ دەكرد، كە لەماڵەكەیدا بووایە دەیگوت: ئێوارەت باش كورسی، ئێوارەت باش ئەی مێز، ئێوارەت باش ئەی....هتد. لە كۆتاییدا دەیگوت: ئێوارە باش ئەی مانگ، لێرەوە منداڵەكە لە گریان وەستا، پەرتوكەكەی گرتە دەستەوە و چی تر بەری نەدەدا... دوای گێڕانەوەی چەندین نمونەی لەم جۆرە، ئەو خاتوونە شارەزایە دەڵێت: (١٠) ساڵ لە چاودێری بەردەوام، ئەنجامەكەی كردنەوەی ئاسۆیەكی جدی ڕۆشنبیرییە بۆ هەموو خانەوادەیەك، لێگەڕێن با منداڵ ئازاد بێت لە چێژ وەرگرتن لە چیرۆك، بێ ئەوەی فشاری بخرێتە سەر، تا بە تەواوی فێری پەرتوك دەبێت، هەر لەو كاتەی كە وشە سەرەتاییەكانی دەستپێدەكات، تا كۆتایی دوو ساڵی تەمەنی.

**پەیوەندی بە خەیاڵەوە:**

(بونافییە) پێیوایە پێویستە پەرتوك وەك (شت) لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵدا هەبێت، بێ ئەوەی چاوەڕێی سوودی ڕاستەوخۆی لێ بكەیت، ئەو تام و چێژە بەسە كە منداڵ لە بیستنی یەكەم چیرۆكدا وەریدەگرێت، چونكە پاشان

دەگەڕێتەوە بۆی و بە دوایدا دەگەڕێت، لەبەرئەوە تێکەڵبوونی پەرتوک لەگەڵ یارییەکان پێشبڕکێ نییە، یان لەگەڵ ئەو کۆسپانەی کە دێنە ڕێی منداڵ لە میانەی خوێندن و نووسیندا، بەڵکو یەکەم پەیوەندییە بە خەیاڵەوە، کە پاڵپشتێکی بنەڕەتییە بۆ پەرەپێدانی منداڵ بە شێوەیەکی چاکتر، تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی کە تیایدا دەژی و گەورە دەبێت....!

(ماری بوننافیه) دەپرسێ: چۆن گەیشتنە ئەو باوەڕەی، کەوا پەیوەندی زمانی نووسراو بە منداڵانی بچوکەوە پێویستە؟

لە وەڵامدا دەڵێت: لە ماوەی دوو سەد ساڵدا، پسپۆڕانی شیکردنەوەی دەرونی منداڵ و مامۆستایان و زمانناسان و شارەزایانی پەرتوکخانەکان، لێکۆڵینەوەیان لەسەر پەیوەندی منداڵ بە نووسراوەوە کردووە، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەوا ئەو پەیوەندییە شتێکی حەتمییە بۆ بیرکردنەوەیان، کە زمانی نووسینیان ڕاستتر لەسەر شێوەی چیرۆک، یان گێڕانەوەی بە شێوەیەکی زارەکی کە دەکرێ بنووسرێتەوە، وەکو (پەرتوک) کە باشترین هۆکاری فێربوونە لەم سەردەمەدا.

**پەیوەندی بە کەسانی ترەوە:**

(بوننافیه) لە بارەی پەیوەندی یاریکردنی منداڵ بە نووسراوەکان دەڵێت: ئامانج لەو یاریکردنە سوودی ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو تا ماوەیەکی زۆر بە پرۆسەی فێربوونی نووسینەوە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوە پێویستە خوێندنەوەی چیرۆک بۆ منداڵ نەبێتە شێوازێك لە فێرکردن، چونکە پێش ئەوەی بگاتە ئەم

قۆناغە، پێویستە بزانین چۆن لە میانەی دەورووبەر خۆی دەناسێت، پێویستە بزانێت چۆن وێنەی پیاوێك دەکێشێت، لەو وێنەیەوە پێویستە خەیاڵی چیرۆکێك و چۆنییەتی گێڕانەوەی، لە ڕێگەی دانانی ئارەزووەکانی بەرامبەر دەوروبەریدا بکات، کاتێك وێنەی ماڵێکی ساکار و گوڵوگوڵزار دەکێشێت، مانای ئەوەیە شتێك دەگێڕێتەوە، ژیانی ڕاستەقینەی خۆی لەگەڵ خەیاڵیدا تێکەڵ دەکات و پەیوەندی نێوان ئەو و کەسانی دیکە دروست دەکات، گوێبیستی هەندێ وشەی دەبین، کە دەڵێت: ئەمەوێ تۆ نا.. ئەوەم بۆ بکە.. توانای ئەو خەیاڵەی هەیە کە بە هەڵدانی تۆپێك خۆی دەخاتە ئایندەوە، چیتر تەنها لەگەڵ ئارەزووەکانی ئێستای ناژی..!

لێرەوە گرنگی قۆناغی یەکەمی ژیانی منداڵ دەردەکەوێت، کە پێویستە خێزان ماوەیەکی بۆ بڕەخسێ بۆ خەیاڵەکانی، نەرمیش بنوێنن لە بەکارهێنانی کات بۆ ئەوەی گوێ لە چیرۆکەکان بگرێت، کاتێ بۆی دەگێڕنەوە... بەتایبەت پێش تەمەنی سێ ساڵان، واتا پێش سەرەتای قۆناغی فێرکردن.

(بوننافیە) دەڵێت: یەکەم کەس (ئامیلیا فێرزیرۆ) بوو کە لە میانەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی ساڵی ١٩٨٨ ئەو سوودەی دووپات کردەوە، کە چەندین تۆژینەوەی جۆراوجۆری لەسەر توێژ و چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئەرژەنتین و پاشان لە ژنێف و مەکسیکۆ ئەنجامدا، ئەوەی دەرخست کەوا منداڵانی خوار چوار ساڵان سەر بە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ بن، داوا لە گەورەکان دەکەن دەقی دیاریکراویان بە دەنگی بەرز بۆ بخوێننەوە و تام و چێژیشی لێوەردەگرن. لە لێکۆڵینەوەیەکی تردا، کە لە ئینگلتەڕا ئەنجامدرا، دەرکەوت ئەوانەی کە زوو فێری خوێندنەوە بوون، ئەوانە بوون کە

زووتر دۆستایەتیان لەگەڵ پەرتوکدا پەیدا کردبوو. (بوننافیە) لە کۆتاییدا گەیشتە ئەوەی کەوا لێکۆڵەرەوان، بایەخی زۆری فێربوون و نووسینی منداڵ دەبەستن بە یەکەم پەیوەندی منداڵ بە دەقە نووسراوەکانەوە، بەڵام بە مەرجێك بە دەنگی بەرز و ماوەیەکی باش بۆیان خوێندرابێتەوە.

هەروەها دەڵێت: پێویستە ئاماژەش بەوە بدەین، کە زۆر لە منداڵان فێری نووسین بوون، بێ ئەوەی زۆر بەو قۆناغەدا بڕۆن، کە کەسێك هەبووبێت بۆیانی خوێندبێتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کەوا دەوروبەریان هەندێ شێوەی زمانی نووسراویان بە گێڕانەوە و چیرۆك بەکارهێناوە.

**هەژاریی گوزارتشکردن:**

بۆ نمونە دایك بەم شێوانە منداڵەکەی دەدوێنێ: "لە بیرتە.. کە چووین بۆ هەورامان و بڕیارماندا.. بەڵام زڕەی تەلەفۆنەکە لێیدا، کاتێ کە لە سەر قادرمەکە دابەزین و باوکت بە پەلە بەسەر قادرمەکە سەرکەوتەوە.. هتد". ئەم یارییە زارەکییە خاسیەتی زمانی نووسینی تێدایە. جارێکی دیکە دووپاتی دەکاتەوە و دەڵێت: پەیوەندییەك هەیە لە نێوان کۆسپەکانی فێربوونی خوێندنەوە و نووسین لەلایەك، شێوازی دواندنی منداڵ و ئەو زمانەی لەگەڵی بەکاردێنین و هەژاری و دەوڵەمەندی زمانەکە لە گوزارشتکردن لەلایەکی دیکەوە، هەژاری زمانەکە لە دواڕۆژدا دەردەکەوێت.. لێرەوە گرنگی خوێندنەوەی پەرتوك بۆ منداڵ دەردەکەوێت چونکە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە، بەڵام کۆسپی سەرەکی لە کوێدایە؟ لە وەڵامدا دەڵێت: کۆسپەکە لە گەورەکاندایە کە نازانن چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵ بکەن، کاتێ کە خەریکە

دەست بە قسە دەکات، بۆ؟ چونکە گەورە کاتێ دەقێکی درێژ دەخوێنێتەوە بۆ منداڵەکە هەست دەکات بێزاربووە، جارناجارێکیش لە خۆی دەپرسێت، ئایا پێویست دەکات بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی بۆ منداڵەکە یان نا؟ لەو پرسیارە خۆی ون دەکات، چونکە پێیوایە منداڵەکە هیچ تێناگات، دووچاری شەرمەزاریش دەبێت ئەگەر کەسێکی دیکەی بە دیارەوە بێت و گوێی بۆ گرتبێت، بەڵام منداڵی بچووك زۆر پەرۆشی چیرۆك و پەرتوکە، هەر خۆی گەورەکە هان دەدات بەردەوام بێت لە خوێندنەوە و ورەی بەرز دەکاتەوە.

(بوننافیە) ئاماژەی بە چەند مەرجێك داوە، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی چیرۆك بۆ منداڵان سوودبەخش و ئیجابی بێت، بێ ئەوەی بکەوێتە حاڵەتی سلبییەوە، لەوانەش:

- خوێندنەوەکە بە ئازادییەکی تەواوەوە بێت.
- بوار بدرێتە منداڵەکە خۆی دەقەکە هەڵبژێرێت، پێویستە لەسەر گەورەش بۆی بخوێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر وا هەستیش بکات ئەو چیرۆکە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکە ناگونجێت.
- بایەخدان بە شێوازی خوێندنەوە و بەشێوەی ئاوازی مۆسیقا، هەر یەکە و بە جۆرێك ئارەزووی خوێندنەوە دەکات، وەلێ خاڵی دەستپێکردنی گەورە لەگەڵ بچووك یەك دەگرێتەوە بەختەوەرییەکی هاوبەشیش لە خوێندنەوەکە دروست دەبێت.
- ڕێزگرتن لە کاردانەوەی منداڵەکە، کە وازی لێبێنێ دەسەڵاتی خوێندنەوە خۆی بیسوڕێنێ، بۆ ئەوەی ڕێنمایکار و تەماشاکار و ئەکتەریش بێت لە هەمان کاتدا.

- پێویستە دایك و باوك و پەروەردەكار لەسەر خۆو ئارام بن، چونكە زۆر جار منداڵەكە پەرتوكەكە فڕێ دەدات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆی و داوای خوێندنەوەی دەكاتەوە، بەو ڕێگەیەش فێری ناوەڕۆكی پەرتوكەكە دەبێت.

- لە كاتی خوێندنەوەی دەق نابێ بوەستی بۆ شرۆڤەكردنی چیرۆكەكە، چونكە منداڵ كە گوێ دەگرێت دەچێتە جیهانی تایبەتی خۆیەوە، بەداخیشەوە كە لە ناكاو بۆ شرۆڤەكردنی وشەیەك، یان ڕستەیەك خوێنەر دەوەستێت، چونكە بۆ تێگەیشتن لە دەقەكە خۆی بە شێوازی خۆی فێر دەبێت، پێویست ناكات بوەستێ.

(بونافییە) پێمان دەڵێ: نابێ منداڵ هان بدەین كە گوێ بگرێت بۆ خوێندنەوەیەك، یان بەسەریدا بسەپێنرێت، چونكە لەوانەیە كاردانەوەی پێچەوانەی هەبێت.

## ئاژەڵی ماڵیی و کاریگەری لەسەر منداڵ

تێکەڵبوون، یان نزیکبوونەوە لە جیهانی ژیانی ئاژەڵان، کاریگەری خۆی لەسەر ژیان و سۆزی منداڵ هەیە.

گیانداری ماڵی یارمەتی منداڵ نادات، تەنها لە ڕووی بەرەو پێشەوەچوون و گەشەی زەینی، بەڵکو لە هەندێ نەخۆشی دەرونیش ڕزگاری دەکات و لایەنەکانی ڕەفتاری ڕووناک دەکاتەوە.

(دیانا) و (تونیت) ناوی ئەو دوو سەگەن کە لە خانەی نوێی دایەنگەیەك لە (کودیران) لە نزیك شاری (بۆردۆ) ژیان بەسەر دەبەن، ئەو دوو سەگە ماڵییە لای قوتابییانی خانەکە خۆشەویستن کە دوای دەوام، یان لە کاتی ڤالآیی بەدوایاندا ڕادەکەن و بە هەموو متمانە و نازدارییەکەوە دەست بەسەریاندا دەهێنن و ئەوانیش واتە (دیانا) و (تونیت) بەرەزامەندییەوە ڕەفتاری منداڵانیان پێخۆشە و دەرچوونی چەند دەستەیەکی قوتابییانیان لەو خانەیە بینیوە، ئەگەرچی هەردوو سەگەکە جارناجارێك دەحەپێنن بۆ ئارامکردنەوەی منداڵەکان و ڕێکخستنیان، وەلێ هەرگیز کەسیان نەگەستووە.

لە پاڵ ئەو دوو سەگەدا لە خانەی دایەنگە هەندێ کەروێشك و باڵندەی وەك کۆتر هەن، هەندێ جاریش پزیشکی ئاژەڵانیش سمۆرەیەکی بریندار، یان چۆلەکەیەکی بێچوو کە لە هێلانەکەی کەوتۆتە خوارەوە لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، کە پێیوایە سۆزی منداڵ باشترین دەرمانە بۆ ئەو جۆرە گیاندارانە و بە منداڵانی پیشان دەدات، کە چۆن تیماریان دەکات.

## گیانداری ماڵی لە پەرتوک باشترە !!

بە بۆنەی بوونی ئاژەڵە ماڵییەکان لە خانەی منداڵان، کاتژمێری وانەکان زوو تێدەپەڕن، بەو شێوەیەش منداڵ زیندەوەرانی لەگەڵ خوێندنەوە و نووسین و ژمارە خۆش دەوێت، هەروەها فێری مانای بەرپرسیارێتی و زۆر شتی دیکە دەبێت.

هەموو بەیانییەک ئەو منداڵانە چاویان بە ئاژەڵە ماڵییەکان دەکەوێت، کە بە بینینیان ڕا هاتوون، هیچ شتەکی دیکەش وەک ئەو ئاژەڵانە حەزی گەڕانیان ناوروژێنێ. ئەوەی ئەو پێشنیازە پەروەردەییە جوانەی کردووە، کە ئاژەڵان لە خانەی منداڵان هەبن، پزیشکی ئاژەڵان (کونج کوندوریە)یە کە دووپاتی دەکاتەوە شتێکی تریش، ئەو شێوازە ئەزموونێکی تاکە و شۆڕشێکە لە جیهانی پەروەردەدا و منداڵان فێری ئەوە دەکات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گیاندارە بکەن، کە پاسەوانی ماڵان دەکات، (کوندوریە)دەڵێت: "ئاژەڵ بۆ منداڵ هێمای ژیانە."

خاتونێکی بەڕێوبەر دەڵێت: "تەماشای کوڕەکانم بکەن چەند بەختەوەرن، جیهانی ئاژەڵ دەروازەیەکە لەرووی جیهان، حەزی گەڕان و دۆزینەوەی منداڵ دەوروژێنێ و لە پەرتوک باشتر گەشە بە خەیاڵیان دەدات.ئەو ڕۆڵەی کە ئاژەڵ دەیگێڕێت لە گەشەپێدانی منداڵەکانم، نە بەڕێوبەر نە یاریدەرانی و نە خاوەن بیردۆز و مەزەبەکان نایگێڕن، ئەو بایەخ و وشیارکردنەوەی، کە دەوری منداڵیان داوە، بە هۆی ئاژەڵەوە پاساوێکی بۆ بوونی ئاژەڵ لە جیهانی

منداڵدا دروست کردووە، لە بارەی ئەم دەروازە نوێیەی جیهانی پەروەردە و وروژاندنی حەزی گەڕان دۆزینەوەکانی منداڵ لە خوێندن دوور بکەوێتەوە، بەڵکو لە هەڵچوونی بە پیت و ئیجابیدا دەژی و پرسیار دەکا و ڕادەستی هەستەکانی دەبێت و کاردانەوەی لەسەر کەسێتی دەبێت. ئەم ئەزموونە یەکەم جار نییە، بەڵکو جارێکیان لە ڕۆژنامەکان دەنگوباسی بزربوونی مراوییەك ڕاگەیەنرا، کە هی یەکێك لە قوتابخانەکان بووە، کە مامۆستاکانی پێویستیان پێ بووە بۆ وانە وتنەوە و پشتیان پێ بە ستووە لە پڕۆسەی فێرکردن، هەروەها تا ڤیکردنەوەیەکی دیکەش لەم بارەیەوە لە نە خۆشخانە دەرونییەکان لە نزیك بۆردۆ ئەنجامدرابوو.

(د. سوبره)دەڵێت: "ماوەی دوو ساڵە* پشتمان بە ئاژەڵ بەستووە بۆ فێرکردنی منداڵ و ئەنجامەکەشی هاندەر و ئیجابی بووە، بۆ نمونە: کاتێك لاوێکی (مەنگۆلی) یان بۆ هێنابن، کە هیچ هەستێکی واقیعی نەبووە بە هۆی تووشبوونی بە هەوکردنی مێشك، لەبەرئەوە پشیلەیەکمان خستە ژێر دەستی کە ناوی (بارگیرا) بوو، لاوەکە هۆگری (باگیرا) بوو، دوای ماوەیەکیش زمانی کرایەوە و درکاندی ناوی پشیلەکە باگیرا بوو، ئەمەش یەکەم سەرکەوتنی ئێمە بوو.

هەروەها (د.سوبره) نمونەیەکی تر دێنێتەوە، کەوا منداڵێك هەموو سۆزی خۆیدا بووە تووتکە سەگێك کە بە (بابا) بانگی دەکرد، هەروەها کیژۆڵەیەك چیرۆکی ناسۆری ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، وەك بڵێی ئەو ناسێۆریە دوچاری سەگەگەی بووبێت، ئاژەڵی ماڵی تەنها یارمەتی پێشکەوتن و گەشەپێدانی

زەینی نییە، بەڵکو دەرمانی هەندێ لە نەخۆشییە دەروونییەکانیشە و ڕەفتاری منداڵ ئاشکرا دەکات، هەرچەندە منداڵ دڵڕەقن، بەڵام کاتێ گیانداریکی لە خۆیان لاوازتر بینیێ، کە پێویستی بەسۆز و پاراستنی هەیە ئەوا دڵیان بۆ سۆز و خۆشەویستی دەکرێتەوە، هەموو جارێکیش ئاسان نییە ئەو جۆرە پەیوەندییە لەگەڵ ئاژەڵ دروست بکرێت، پاشان نابێ لە دروستکردنی پەیوەندی منداڵ لەگەڵ ئاژەڵ کەم بکەینەوە، کاتێك منداڵێکی بچووك جۆرە (سادیزم)*ێکی بەرامبەر ئاژەڵی بچووك و لاواز هەبێ، بێگومان لەوانەیە پەڕی باڵندەیەك، یان تووکی کەروێشکێك ڕابکێشێ و ئازاریان بدات، بەڵام ئەو جۆرە ڕەفتارە لە شوێنێکی پێشکەوتوو دەگمەنە، کە لەوانەیە هەندێ ئاژەڵ لەو ژینگەیەدا هەبێ و منداڵ لەگەڵی ڕاهاتبێ.هەروەها کچێکی دیکەی بچوك پشیلەی دەگرت و لە قەدی درەختێك نزیکی دەکردەوە، بۆ ئەوەی هانی بدات بەدرەختەکەدا خۆی هەڵواسێ و دەیگوت دەمەوێ ئەم پشیلانە ئازا بن، ئەمەش وا لێکدراوەتەوە، کەوا ئەو کچە بە شێوەیەکی نەستییانە دەیەوێت قەرەبوی منداڵێتی خۆی بکاتەوە، کاتێ لەگەڵ براکانیدا بووە و هەمیشە لەو یارییە قورسانەی دەیانکرد، دەبوا ئەو ملکەچیان بێ، یان ناچار بوو یارییەکانی ئەوان بکات، کەواتە بەو شێوەیە لە ڕەفتاری منداڵ لەگەڵ ئاژەڵان، ئەو گرفت و کۆسپانەی ئاشکرا بکەین کە منداڵ لە پەیوەندییە مرۆییەکانیدا تووشی بووە، ئەم ڕێگەیەش زۆر لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ کەس و کاری منداڵەکە، ئەنجامی باشتری دەبێت.

## نمونەیەکی زیندوو بۆ هونەرمەندە تازە پێگەیشتووەکان:

لە خانەی(کۆدیران) بۆ منداڵان، ئەو منداڵەی کە گیانداری وەکو پشیلە و جورج و بەرازی هیندی لە ژینگەکانیاندا هەیە، ڕێگەیان دەدرێتێ لەگەڵ خۆیان ئاژەڵ بۆ خانەی منداڵان ببەن بەتایبەتی ئەو ئاژەڵانەی کە لە گەڵیاندا ڕاهاتوون، ئەمەش هەندێ لە گرفتەکانی ڕۆژانەیان کەم دەکاتەوە لەو خانەیە، بەڵام نابێ هەموو ئەو گیاندارانە لەو خانە بەرتەسکە بهێڵنەوە، لە ساڵێکی خوێندنیشدا یەکێك لەو کەروێشکانەی کە دەهێنرایە قوتابخانەو ناوی (جیرۆم) بوو دەرکرا، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی، کە بەو قوتابخانەیە کەوت بەهۆی دەرکردنی ئەو کەروێشکە، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە پەیکەرێکیان بۆ (جیرۆم) دروست کرد، چونکە گیانداران سەرنجی منداڵان بەرەو چالاکییەکانی وەکو نیگار و داهێنانی شانۆیی و شتی دیکە ئاڕاستە دەکات، (د.کوندوریە) سوورە لەسەر ئەوەی کە پێویستە لەسەر هەموو منداڵێك پەروەردەی گیانداران بخوێنی، وەکو ئەوەی باسمان کرد، ئەم دکتۆرە زۆر گەشبینە بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی. گیاندار بۆ منداڵ نیشانەی سروشتە، کە ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەو سروشتە دوور دەکەوێتەوە، دووریش نییە پێشکەوتنی جیهانی تەکنەلۆژیا و ژیانی شارستانی هاوسەنگیی مرۆڤی ئایندە دووچاری مەترسی بکەنەوە، پاشان ئەگەر زارۆك لەدەوروبەرێکدا ژیا پەیوەندی بە ژیانی گیاندارانەوە هەبوو، ئەوا نەك تەنها ئەو منداڵە دەکاتەوە و گەشە بەلایەنی سۆزی دەدات، بەڵکو مرۆڤایەتی بەتەواوی لە پشێوی و شپرزەیی ڕزگار دەکات.

## منداڵ لەکاتی نیگار کێشاندا:

منداڵ لە هەموو جیهان و لە هەموو سەردەمێکدا بە قۆناغێدا تێدەپەڕێ، هەمووشیان لەسەرەتادا وێنەی بازنە و شێوەی جیاجیا دەکێشن، پاشان وێنەی قورستر و گرینگتر، ئەو قۆناغانە چین کە منداڵی نیگارکێش پیایدا تێدەپەڕێ و چۆن پەرە بە بەهرەکانی بدرێ؟ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە..

سەمیر کە منداڵێکی دووساڵەیە پێنووسێکی سووری گەورەی بەدەستەوەیە و لەسەر کاغەزێکی سپی دەیهێنێ و دەیبا و چەند هێڵێکی خواروخێچی کوێرانە دروست دەکات، پاشان ڕادەوەستێت، هەندێك جاریش هەوڵدەدات بە پەنجەکانی هێڵ ڕابکێشێت، ئیدی سەرقاڵی ئەو شێوازانەیە کە پێنووسەکەی دروستی دەکات.لەوانەشە منداڵی لە سەمیر گەورەتر، یان بچوکتریش هەبن، کاتێ بۆ یەکەم جار تام و چێژ لە نیگارکێشان دەبینن، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ هەموو زارۆکێك بە هەمان قۆناغی پێشکەوتن لە ماوەی ساڵ و نیوی تا شەش ساڵی تەمەنی، لە هەستی هونەری گوزەر بکات.

تەنانەت دەکرێ بڵێین، ئەو پێشکەوتنە مۆرکێکی جیهانییە، لەبەرئەوە منداڵانی هەموو جیهان و لە هەموو سەردەمێکدا، بەهەمان قۆناغدا تێدەپەڕن و وێنەی بازنە و هەمان شێوەکانی ئەوان دەکێشن، هیچ منداڵێکیش جگە لە بیرکۆڵەکان، لەو یاسایە بەدەر نییە، هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیش کار لە پێشکەوتنی وێنەکێشان لە منداڵ ناکەن، بۆ نموونە منداڵانی وەکو سەمیر کە

لەوانەیە پێنوسیان دەست نەکەوێت، بەڵام هەمان نیگار بە پەنجە، ئەگەر لەسەر خۆڵیش بێت ڕابکێشن، ڕەگەزیش پەیوەندی بە پێشکەوتنی هونەری لای منداڵ نییە، واتە هیچ جیاوازییەکیش لەم بوارەدا لە نێوان منداڵی کوڕ و کچ نییە، تارادەیەکیش ئەستەمە بتوانین بڕیار لەسەر ئەوە بدەین، ئەو تابلۆیەی منداڵێك دەیکێشێت بڵێین، ئەو تابلۆیە کوڕێك کێشاویەتی، یان کچێك کێشاویەتی. دەتوانین چوار قۆناغی بنەڕەتی لە پڕۆسەی دەرکەوتنی توانا هونەرییەکان لە لای منداڵ دەستنیشان بکەین، ئەستەمیشە بتوانین ئەو (ماوە)یە دیاری بکەین کە منداڵ یەکەم تابلۆی خۆی دەکێشێت، هەروەها ئاسان نییە ئەو کاتە دیاری بکەین کە منداڵ لە قۆناغێکەوە دەچێتە قۆناغێکی تر، واش تێبینی دەکرێت هەندێك جار منداڵ لە قۆناغێکدا تووشی شکست دەبێت، پاشان لە قۆناغێکی دیکە هەڵدەستێتەوە.

**قۆناغی یەکەم:**

**هێڵکاری**

وێنە سەرەتاییەکانی منداڵ بە هەست و بەچاو و بزاڤە لە هەمان کاتدا، جگە لەوەی بەسەر هێڵ و نیشانانە دەڕوات کە دەیکێشێت، لە هەمانکاتدا تام و چێژیش لە بزاڤی قوڵ، دەست وەردەگرێت کە هاوکاتە لەگەڵ وێنەکێشانەکە، لەوانەیە یەکەمجار هێڵکاری لاپەڕەیەکی تەواو پڕ بکاتەوە، یان لەوانەشە هێڵێك بێت و بەشێك لە لاپەڕەکە داگیربکات، چۆنییەتی بەکارهێنانی ڕەنگەکان بۆ منداڵ گرنگ نییە، چونکە هەر پێنووسێکی دەست

بکەوێت بەکاری دێنێت، تەنانەت یاریش لەگەڵ شوێنی پەنجەکانی خویدا دەکات، کە لەسەر شوشە پەنجەرەکان کێشاونی.

منداڵ زۆر لەو هێڵانەی کێشاویەتی دەست هەڵناگرێت، لەوانەشە بازنەی تێکەڵ و پێکەڵ دروست بکات، هەندێجاریش لە پڕ ڕادەوەستێت و کاغەزەکەی ژێر دەستی کون دەکات.

منداڵ لە سەرەتاوە ناڵێت وێنەی ئەو شتە دەکێشم، چونکە هێشتا، چەمکی نیشانە، یان هێما تێنەگەیشتووەتە، ئەو وێنەیە شتێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو خۆڕسکانە بزاڤ دەکات، لە میانەی ئەوەشدا خۆی لە خۆیەوە یان لە جیهانی دەوروبەری فێر دەبێت، بەڵام زووش ئەوە فێردەبێت کەوا هێلەکانی مانای شت دەگەینن، دیارە ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەسانی دەوروبەری دەستبەجێ پێی دەڵێن: ئەوە چیت کردووە؟!!

**قۆناغی دووەم:**

**شێوەسەرەکییەکان:**

منـــداڵ لـــەم قۆناغـــەدا هەنـــدێ لـــەو وێنانـــەی کێشـــاویەتی لێکتریـــان جیادەکاتەوە، بەتایبەتیش شێوەی هێلکەیی، یـان پێچاوپێچ، ئا لێرەشـەوە بەسەر کەرەسەکانی وێنەکێشاندا زاڵ دەبێت و لە کۆتاییشـدا دەتوانێت وێنە دیـار و داخراوەکـان بکێشـێت و جـارێکی دیکـە بـە ئـارەزووی خـۆی وێنـەیان بکێشـێتەوە، ئـەم دەسـکەوتەش شـتێکی گرنگـە، کـە نیشـانەیە بـۆ زیـاتر کـۆنترۆڵکردنی ماسـولکەکانی، لەگـەڵ زیـاتر گونجانـدن و هاوسـەنگیی نێـوان

دەست و چاوەکانی. زارۆك شێوەی هێلکەیی بە هەندێ نیشانەی بازنە و شتی وا دەڕازێنێتەوە، کە دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشان، کە زۆر لەو شێوازانەی دەیکات تاڕادەیەکی زۆر لە نیشانە و وێنەی شارستانیەتە کۆنەکان دەچێت، کە گەیشتوونەتە لای ئێمە.

**قۆناغی سێیەم:**

**سەرە مێکووتە(بێچووی بۆق)**

لەم قۆناغەدا منداڵ دەست بە وێنەکێشانی دەست و قاچ دەکات، کە لەوانەیە لەلای سەرەوە دەربکەون، چەمکی نیشانەی لە لا دەردەکەوێت، دەشزانێت شێوەی هێلکەیی لەوانەیە پشیلە یان دایکی بنوێنێت، لەوانەشە خۆی یان هەر شتێکی تر بنوێنێت. کاتێکیش زارۆك دەتوانێت وێنەی هەردوو چاو و گوێ و دەم لەناو شێوەیەکی هێلکەییدا بکێشێت، مانای ئەوەیە توانای هونەرییەکانی پێشکەوتووە، لەوانەشە هەندێجار هەندێ لە ئەندامانی جەستە، وەکو قاچەکان لە ناو شێوەیەکی هێلکەیی دابنێت، هەندێ جاریش هەموو ئەندامەکانی دیکە لە دەرەوەی شێوە هێلکەییەکەدا دابنێ، بەڵام دوای ئەوە دەست بەراستکردنەوەی دەکاتەوە. لەم قۆناغەدا منداڵ هەوڵ دەدات وێنەی ئەوەی دەیزانێت و هەستی پێدەکات بکێشێت، بایەخی گەورەش بۆ ئەو شتانەیە کە بە چاوی خۆی دەیبینێت، تەرکیزیشی لەسەر وێنەکێشانی شێوە دەرەکییەکان نییە، لەجیاتی ئەوەش هەوڵدەدات بەیادی بێتەوە یان خەیاڵ بکات یاخود گوزارشت لەو ڕووداوە گرنگانە بکاتەوە کە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە.

## قۆناغی چوارەم:

## تێکەڵکردنی شێوەجیاوازەکان:

منداڵ لەگەڵ پەرەسندنیدا، لە ڕێگەی شێوەکان و تێکەڵکردن، پەرە بە ئاستی وێنەکان دەدات کە هێمان بۆ مرۆڤ، شارەزابوونیشی لەبارەی پێکهاتەی جەستەیی فراوانتر دەبێت، لێرەشەوە هێمایەکی نوێ دروست دەکات لە ڕێگەی وێنەکێشانی لاکێشەیەك و پاشان وێنەی سێگۆشەیەکیش دەخاتە سەری کە گوزارشت لە ماڵەکەی دەکات، هەندێ جاریش تەنها چەند هێڵێکی سادە لە لێواری کاغەزەکەی دروست دەکات، کە ئەمەش دیسان گوزارشتە لە ماڵەکەی، پاشان سەرەکەشی دەگرێت و بە دەرگا و پەنجەرە جوانی دەکات. دوای ئەوە زارۆك شێوەکان کۆ دەکاتەوە، بۆ نمونە: لە وێنەکانیدا خەڵك و ماڵ کۆ دەکاتەوە، زۆر جاریش وێنەی کەس و کاری خۆی دەکات، وێنەی کەسی گرنگ لە خانەوادەکەیدا دەکات.

سەرباری گەشەکردن و بەکارهێنانی هێمای دیکە لە وێنەکانیدا، تێبینی جیاوازییەکانیش دەکات بە تایبەتیش لە نێوان خەڵك، بۆ نمونە: دایکی پرچی درێژە، باوکی دوو گوێچکەی گەورەی پێوەیە، هەر یەکیشیان جل و بەرگی جودا دەپۆشن، منداڵ لەم قۆناغەدا دەزانێت مرۆڤ بەختیارە، یان خەمناکە، وێنەی ئەو هەستانە و شتی دیکەش دەکات، لەم قۆناغەدا منداڵ تێبینی ئەوە دەکات، کە هەردوو قۆڵ لە شانەوە درێژبوونەتەوە، نەك لە سەرەوە، دەشزانێت دەستەکانی (١٠) پەنجە و پێیەکانی بە هەمان شێوە(١٠) پەنجەیە وپێی هەیە و کراسیش قۆپچەی هەیە....تد

هەروەها ڕەنگەکانیش گرنگی خۆیان لای منداڵ دەبێت، هەندێ جاریش دەزانێت کام ڕەنگە گونجاوە بۆ وێنەیەك، نەك هەر ئەوە، بەڵکو هەندێ ڕەنگ لای ئەو باشترە لە ڕەنگی دیکە.

منداڵ لەم قۆناغەدا خۆشحاڵە کە ئەوە ئاشکرا بکات، کەوا وێنەی کەسێك دەشێ چەند جارێك دووبارە بکرێتەوە، ئەم مەعریفەتەش لە دیمەنە دووبارەبووەکانی، ئەستێرەی سینەمایی و تەلەفزیۆن و فڕۆکەی هێلیکۆپتەر و وڵاغ و شتی دیکە دەستی منداڵ دەکەوێت.

## وێنەکان ئاڕاستەیەکی واقیعانە وەردەگرن:

لە دەوروبەری (٦یان٧) ساڵان، منداڵ دەست بە وێنەکێشانی ئەو شتانە دەکات کە دەیبینێت، هەوڵیش دەدات ئەو وێنەیەی دەیکێشێت وەکو خۆی بێت کە لە واقیعدا هەن، نەك خەیاڵ، بەو پێیەش پرۆسەی وێنەکێشان زیرەکی زیاتر و ماقوڵیەتی زیاتری دەوێت. لەم قۆناغەدا منداڵ بەدەگمەن پەرە دەسێنێ لەچاو ئەو بەهرەیەی کە پێشتر لە قۆناغە، سەرەتاییەکانی ژیاندا هەیبووە ، ئەو توخمانەش کە لە ڕابردوودا کەمبایەخ بوون، لێرەدا ڕۆڵێکی دیار دەبینێت و زیاتر بایەخی پێدەدرێت، وەکو درککردنی گشتی و توانا و ئامادەباشی و زیرەکیو بایەخدان، بە ڕێنماکردن و هاندانی گەورەکان و ڕەخنە و هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئەمانە هەر هەموویان کار لە گەشەی هونەری منداڵ دەکەن، دوای ئەوەی نیگارەکانی سیفەتی واقیعانە وەردەگرن.

لە قۆناغی پێشوو بایەخدانی بە نیگارکێشان کە لە میانەیدا گوزارشتی لە ناخی خۆی دەکرد، بێگوێدانە جۆری بەرهەمەکەی بوو، بەڵام ئێستا بەراورد لە نێوان نیگارەکانی دەکات، هەست دەکات هەندێکی لە هەندێکی تریان باشترە، هەروەها بەراورد لە نێوان نیگاری خۆی و هاوڕێکانی دەکات، لەگەڵ یەکتریشدا بەراووردیان دەکات.

**ئایاپێویست دەکات فێری نیگارکێشانیان بکەین؟**

پەروەردکاران پێیانوایە منداڵ لە قۆناغەکانی یەکەمی گەشەسەندنی هونەریدا، پێویستی بە هیچ ڕێنماییەکی فێرکردن نییە، تەنانەت ئەو ڕێنماییکردنە زیانیشی پێدەگەینێت، ئەومنداڵەش، کە بە بێ دەست تێوەردانی کەسانی دەوروبەری وێنە دەکێشێت. لە منداڵانی دیکە زوتر فێردەبێت. ئەوەی لە ئەستۆی باوکە ئەوەیە، تەنها هەڵ بۆ منداڵەکەی بڕەخسێنێ، بۆ ئەوەی لە میانەی نیگارەکانیدا گوزارشت لەخۆی بکات و لە ڕێگا ستایشکردنەوە هان بدرێت.

لەوانەشە کارێکی باش بێت، کە باوک لەگەڵ منداڵەکەی نیگار بکێشێت و لەگەڵیدا پرسیار بگۆڕێتەوە، بۆ نمونە لێی بپرسێ کە چۆن بزانین ئەمە وێنەی کچێکی بچوکە؟

کوا پرچی؟ کوا قاچی؟ ئەم پرۆسەیە گەشەی هونەری لە لای منداڵ خێراتر دەکات. لەوانەشە شتێکی گونجاو بێت ئەگەر وێنەکێشانی بازنەی بۆ پێشنیاز بکات، زیاتر لەو بازنانەی سواڵەکە دەیکێشێت، وەلی دەبێ وریای

بەراوردکردنی بین(واتە بەراوردی وێنەکان نەکرێت)، بەڵکو دەبێ بەردەوام بین لە ستایشکردنی هەوڵەکانی، لەگەڵ پێشەکەشکردنی نمونەی وێنەکە، لەوانەیە لە ئایندەدا منداڵەکە وەك ئەو وێنەیە بکێشێت.

## پەیمانگای نیگارکێشانی کوڕان و کچان:

هەروەکو چۆن ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان بۆ گەوران هەیە، ئاواش لەو جۆرە بۆ منداڵان ئەکادیمیای هونەر کراوەتەوە کە بگونجێت لەگەڵ بەهرەکانیدا، بۆ نمونە: منداڵانی بەیروت ئەکادیمیای تایبەت بەخۆیان هەیە، کە یارمەتی و دەرخستنی وزە و تواناکانیان دەدات لە نیگارکێشان و کاری هونەریدا، ئەم بیرۆکەیەش لە ماوەیەکی کەمدا سەری هەڵدا بەیارمەتی بەڕێوبەری ئەکادیمیای منداڵ خاتوو(رانیا تەبار)، کە لە فەرەنسا خوێندویەتی و لەماوەی (٦) مانگ پسپۆڕێتی لەو ئەکادیمیایە وەرگرتووە، کە لە بنەڕەتدا لە شاری (لیۆن)ی فەرەنسی دامەزراوە.

رانیا لەو ماوەیەی لە فەرەنسادا بوو، کەوتە ژێر کاریگەری ئەکادیمیای منداڵ کە لە هونەر و هەستی بەرائەتی منداڵ دەوڵەمەندە، پاشان گەڕایەوە لوبنان بۆ ئەوەی لقێك لەو ئەکادیمیایە لە وڵاتەکەی خۆی بکاتەوە. ئێستاش* ڕووی کردۆتە ئەکادیمیای منداڵانی (٤ تا١٢ ) ساڵ، کە لەسەر وێنە و کارە دەستییەکان و هونەری شانۆ و مەشقکردندە، ئەویش دوای کۆتایی هاتن بە دەوامی قوتابخانە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندن.

---

* کاتی نووسینی ئەم کتێبە.

ئەم ئەکادیمیایە(٦٠) منداڵ بەکوڕ و کچەوە وەردەگرێت کە لە هەموو چالاکییەکان بەشداری دەکەن و ناویشیان لە هەموو وانەکاندا تۆمار دەکرێت و مەعریفەت و زانیاری جۆراوجۆر بەدەست دێنن، پاشان شارەزایی مێژووی هونەرەکان دەبن، ئەکادیمیا لە ماوەی پشووی خوێندندا پڕ دەبێت لە منداڵ بەتایبەتیش ڕۆژانی شەممە، زۆرجاریش (رانیا تەبارە) لە گەشتەکانیدا بۆ دەرەوە منداڵ لەگەڵ خۆیدا دەبات، بۆ بەسەرکردنەوەی مۆزەخانە و پێشانگاکانی وێنە و شانۆ تایبەتییەکان، خەڵکی ئەو دەڤەرە شوێنێکی گونجاویان دەست کەوتووە، بۆ گەشەدان بە بەهرەی منداڵ و دانانی لە چوارچێوەیەکی دروست و ساخڵەمدا.

## ئاوا فێری شێوەکان دەبن

زۆر شت وەکو دەنگ و ڕەنگ و ناوەکان لە پێش منداڵدا هەیە، کە فێریان دەبێت، لە هەر قۆناغێك ئامادەباشییەك دەنوێنێت، بۆ فێربونی شتێکی نوێ، کە دەشێ بەم شێوەیە فێری دۆزینەوە و شێوە بکرێن:

١- ڕۆژانە بەدەم کارەکانی ماڵەوەت باسی شێوەکانیش بکە، بۆ نمونە لە کاتی پاککردنەوەی پەنجەرەکان ئاماژە بە چوارگۆشەیی ئەو پەنجەرانە بکە، یان لاکێشەیی دەرگاکە، یان ئاماژە بە مانگ بکە کە بازنەییە...هتد

٢- کاتێ منداڵ دەگاتە (١٢ تا١٨) مانگ بە یارییە شێوە جۆراوجۆرەکان هۆگر دەبێ، ئەو یارییانەی کە لە بازار دەیکڕن دەکرێ بە گوێرەی شێوەکانیان ڕیزیان بکات، منداڵەکەت فێری ئەوە بکە هەر شێوەیەك لە شوێنی خۆی دادەنێت، ناوی شێوەکەشی پێ بڵێ ئەو خڕە، ئەوە چوارگۆشەیە....هتد

٣- لەو پەرتوکانە بکڕە، کە بایەخ بە شێوەکان دەدات، کە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و سەرنجڕاکێشی تێدایە، یان خۆت وێنەی شێوەکان دروست بکە لە کاغەز، یاخود لە هەر شتێکی دیکە ...هتد

٤- بۆ دروستکردنی شێوەی جۆراوجۆر، موقەبا بەکاربێنە پاشان ڕەنگیان بکە بە پەتێکەوە لە سەرووی مناڵەکەوە هەڵیان بواسە و ڕۆژانە باس لەو شێوانە بکە.

٥ـ ئەو شێوە جیاوازانەی کە لە مقەبا دروستیان دەکەی لەسەر مێزێکیان دابنێ، پاشان با منداڵەکەت چاوی خۆی بگرێ و تۆش هەندێکیان بشارەوە و داوای لێبکە وێنەی ئەو شێوەیە بکات کە دیار نییە.

* دوو کاتژمێر بۆ تەلەفزیۆن و کاتەکانی دیکەش بۆ نیگار و کارە دەستییەکان .

دەزگاکانی تەلەفزیۆن و یارییەکانی ڤیدیۆ و کۆمپیوتەریش، هەروەکو چەکۆش و هەرە و ئامرازی دیکە وان، ئەگەر بە دروستی بەکاریان بێنین و ئەرکی گرنگی ڕۆژانەی مرۆڤی پێ جێبەجی دەکرێت، وەلێ ئەگەر بە شێوەیەکی نادروست بە کارهێنران لەوانەیە زیان بە مرۆڤ بگەیێنێ و ئاکامی خراپی لێبکەوێتەوە، هەمان شتیش لە بارەی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەرەوە بە تایبەتی بۆ منداڵ، ئەو دوو دەزگایە و دەزگای ئەلیکترۆنییکانی دیکە ڕۆڵێکی کاریگەر و مەترسیدار دەگێڕن، بەڵام کاریگەری خراپی لەسەر منداڵ لەوانەیە بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بێت منداڵەکە ببێتە قوربانی ئەو دەزگایانە، ڕۆڵی دایك و باوکیش دەبێ ڕۆڵی کاریگەریان بێت لە ئاگادارکردنەوە و چاودێری منداڵ هەبێت.

## گۆشەگیری:

ئەگەر دایك و باوك ڕۆڵی خۆیان نەبینن، ڕەنگە منداڵ لە تێکەڵبوونی کەسانی تر دوور بکەوێتەوە و گۆشەگیر بێت، ئەویش لەبەر زۆری دانیشتن لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر، کە وایان لێدەکات توانای بیرکردنەوەیان نەبێت، واتە زەینیان لێبسەندرێتەوە و هەر لە سەرەتای

تەمەنیانەوە دوچاری لادان (الانحراف) بىن، لە میانەی بەردەوامیان لە بینینی فیلمی توندو تیژ و تاوان و وێنەی ترسناکی سێکسی، کە دەبێتە مایەی پێکهێنانی وێنەیەك لە ژیان کە پڕە لە توندوتیژی و تاوان و ...تد کە منداڵ وا هەست دەکات ئەو جۆرە دیمەنانە ڕاستییەکن لە ژیان و ئاوارتە(استثناء)یان تێدا نییە. لێرەدا خاتونێکی شارەزا بەناوی (گلۆریا دۆکانیاتۆ) دەڵێت: "دایك و باوك بەشی زۆری بەرپرسیارێتی دەکەوێتە ئەستۆیان، چونکە ئەوان دەتوانن سنورێك بۆ ئەو دیاردەیە دابنێن، کە ئەو جۆرە دەرگایانە لە منداڵیان دابخەن و ڕۆژانەش دوو کاتژمێر زیاتر ڕێگە نەدەن منداڵەکانیان لەبەردەم تەلەفزیۆن دابنیشێ بە تایبەتیش لە بینینی فیلمی توندوتیژ، بەڵام کاتەکانی دیکە دەکرێ بۆ خوێندنەوە و وێنەکێشان و کارە دەستییەکانی وەکو دروستکردنی شت بە مقەبا و کارتۆن بەسەر ببەن، ئەو جۆرە کارانەش یارمەتیدەرە بۆ بە کارهێنانی وروژاندنی خەیاڵی منداڵ، کە گیانی داهێنانیان تیایدا بە ئاگا دێنێت و دروستی دەکات، سەرباری ئارەزووی تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵی دیکە، ئەگەر هەلێکی ئاسان بۆ منداڵ ڕێککەوت، تا پەنا بۆ کردنەوەی تەلەفزیۆن ببات لەو کاتەی دایکی لە چێشتخانەی ماڵەوەیە خواردن دروست دەکات، باشتر وایە دایك و باوك ئامۆژگاری منداڵەکەیان بکەن ، کە بخوێنێتەوە یان نیگار بکات، یاخود گوێبیستی چیرۆك بێت، لەوانەیە لەسەر کاسێت تۆمارکرابێت، خستنە بەردەستی کاغەز و پێنوسی ڕەنگاوڕەنگ و مقەست و پێنوس و بۆیاغ و شتی دیکە، دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە و سوودی زیاترە لە بینینی شاشەکانی تەلەفزیۆن و یارییەکانی ڤیدیۆ و ئەتاری.

## شوێنەواری خراپ:

پێویستە لەسەر خێزان هۆشیار بێت لەسەر کە سێتی منداڵ، لەمبارەیەوە خاتونی شارەزا (گلۆریا دۆکاتیاتۆ)ئامۆژگاریان دەکات، کە نابێ ژووری منداڵی بچووک دەزگای تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەری تێدابێت، بەڵکو دەبێت دوور بێت لێیان، ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بەکاری بێنن و لەو کاتەشدا بۆ بەرنامەی ڕێنمایی کردنی بەسوود بەکاربهێنرێن، پاشان دەرگای گفتوگۆ لەگەڵیان بکرێتەوە سەبارەت بەو بەرنامانە، بەڵام ئەگەر هەروا لێیان بگەڕێن و بەبێ چاودێری و بە ئارەزووی خۆیان تەماشا بکەن، ئەوا وەکو نابینا دەبن لە بینینی ئەو شتانە و هیچ سوودێك وەرناگرن.

## منداڵ ئاڵودەی تەلەفزیۆن دەبێت:

وەك باسمانكرد زۆری تەماشاكردنی تەلەفزیۆن كاریگەری سلبی لەسەر منداڵەكە دروست دەكات، كە دەبێتە كەسێكی تەمبەڵ و توانای بیركردنەوەی نامینێ، بەڵام چارچییە كە منداڵ فێری ئەوە بووبێت ماوەیەكی زۆر لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن دابنیشێت؟

شارەزای چارەسەركردنی دەرونی خێزان(ئیرۆل یەشیدلیۆرت) بەم شێوەیە ئامۆژگاریمان دەكات:

دەبێ دان بەوەدا بنێن، كە زۆر لە دایك و باوكان ئاگاداری هەندێ شت نین، لە ڕێگە چارەی خێرا دەگەڕێن بۆ دوورخستنەوەی منداڵ و سەرقاڵكردنی، بە منداڵەكەدەڵێت: : "دەی برۆ تەماشای تەلەفزیۆن بكە".

پێیان وایە بەو شێوەیە ئارام دەبنەوە، بەڵام چی ڕوودەودات لە دوای ئەوە؟منداڵ ماوەیەكی دورودرێژ لەبەردەم تەلەفزیۆن بەسەر دەبات و چاودێری دەكات، دیمەنەكانی كاریگەر دەبێت تا بەتەواوی فێری دانیشتنی زۆر و تەمبەڵی دەبێت، دواتر گرفتەكە دەست پێدەكات كاتێ دایك دەبینی، منداڵەكەی ئالودەی تەلەفزیۆن بووە و ماوەیەكی دوورودرێژ بە دیارییەوە دادەنیشێ، ئەوجا سكاڵا دەكات و لە ڕێگەچارەی بە پەلە دەگەڕێت، بەڵام دایك لەوانەیە لە بیری بچێت ئالودە بوون تەنها تەماشاكردنی تەلەفزیۆن نییە، بەڵكو منداڵ فێری خاوبوونەوە و تەمبەڵی و بیركردنەوە دەبێت، لە جیاتی ئەوەی دەستپێشخەری هەبێت و بەشداری بكات، لەبەرئەوە یەكەم هەنگاو بە دانانی جێگرەوە دەبێت كە گرنگترین ئەو جێگرەوانەش ئەمانەن:

* هاندانی منداڵ و سەرنجڕاکێشانی بۆ چالاکی لە دەرەوەی ماڵ، کە ڕۆژانە دوو کاتژمێر بێت و لە ڕۆژانی پشوش زیاتر بکرێت.

* کڕینی پەرتوک و چیرۆك وفەرهەنگی ساکار و وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و هاندانی بۆ خوێندنەوە.

* پشتگیریکردنی تواناکانیان بۆ ئەنجامدانی ئەو ئارەزووخووانەی کەپێیان خۆشە وەکو موزیك، یان وەرزش، یان کشتوکاڵ و.....هتد.

بەڵام ئەو پێشنیازانە مەرج نییە جێگرەوەی سەرکەوتوو بن ئەگەر دایکی ئاگاداری پێویستی دیاریکردنی ماوەی بینینی T.V نەبێت و بەرنامەی گونجاوی بۆ دیاری نەکات و گفتوگۆی لەسەر نەکەن .

## منداڵ وتەلەفزیۆن

ناکرێ ماڵ دەزگای تەلەفزیۆنی نەبێت، بەڵام ئەوەی لەسەر دایك و باوك پێویستە، ئەوەیە کە وریابن لە کاریگەری T.V لەسەر منداڵیان لە پێناو پەروەردەکردنیان .

ئاشکرایە کەوا T.V بۆتە ئامرازێکی ڕاگەیاندنی بەرچاو بەسەر کۆمەڵگادا، بەشێوەیەك کە بۆتە هێزی کۆمەڵایەتی سەرەکی لەناو کۆمەڵ، لەبەرئەوە بێ ئەوەی کەسمان بزانین کە چۆن ئەوە ڕوودەدات ژمارەیەك لە شارەزایانی ڕاگەیاندن لە جیهاندا پێیانوایە T.V کاریگەرییەکی زۆر قووڵ دەکاتە سەر ڕێڕەوی منداڵ، لە سەرەتای گەشەکردنی، تا دەبێتە مرۆڤێکی هۆشیار.

باوکانیش ئەمڕۆ زۆر نیگەرانن بەرامبەر ڕەنگدانەوەی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵیان کە ژمارەیەکیش لە کۆمەڵناسان و دەروونناسان وشارەزایانی پەروەردە هەمان هەستی ئەوانیان هەیە .

لە ماوەی (٢٥) ساڵی ڕابردودا ژمارەیەك لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بابەتی و ئەزموونی زانستیان ئەنجامدا، بە ئامانجی شیکردنەوەی سروشتی کاریگەری T.V لەسەر منداڵ، لە ئاکامی دوا لێکۆڵینەوەدا نیشانەی ڕوون و ئاشکرای ئەو کاریگەرانە لەسەر کەسێتی منداڵ دەرکەوت، هەندێ لەو نیشانانەش مایەی زۆر نیگەرانین کەوا پێویست دەکات لەسەر دایك و باوك ڕۆڵی گرنگی خۆیان بگێڕن، لە کەمکردنەوەی شوێنەواری نێگەتیڤی T.V

لەسەر منداڵ، سەرباری ئەوەش باوکان دەتوانن پەرە بە لایەنە باشەکانی کاریگەری T.V بدەن.

دەکرێ هەست بە ڕادەی کاریگەری T.V لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی منداڵ بکرێت، ئەگەر هاتوو سەرجەم ئەو ئامارانەمان وەرگرت، کە لەم بارەیەوە زانایان پێیگەیشتوون، ڕادەی مامناوەندی ئەو ماوەیەی کە منداڵی ئەمەریکی (٢ تا ١١ ) ساڵ لە بەردەم شاشەی T.V بەسەری دەبات (٢٦) کاتژمێرە لەهەفتەیەکدا، واتە ڕۆژانە سێ کاتژمێرونیو، ئەم ژمارەیەش ژمارەی کۆتایی نییە، چونکە منداڵی وا هەیە لەوە زیاتر یان کەمتر لە بەردەم T.V بەسەر دەبات، ئەو ئامارانە ئاماژەش بەوە دەدەن، کە ئەو منداڵانەی هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە سێیەکی کاتی خۆیان لەبەردەم شاشەی T.V بەسەر دەبەن، بەو پێیەش منداڵ کە دەگاتە ئەو کاتەی قۆناغی ناوەندی بڕیبێ هەریەکەیان نزیکەی ٢٠,٥٠٠ کاتژمێر لەبەردەم شاشە بەسەر دەبات بەرامبەر ١٦,٥٠٠ کاتژمێر لەقوتابخانە .

لەبەرئەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بەردەوامن لەو بارەیەوە، ئاماژە بەدوو شتی بنەڕەتی دەکەن کە پێویستە لە بەرچاو بگیرێت :

یەکەم: ماوە، واتە ئەو ماوەیەی کە منداڵ لەبەردەم T.V بەسەری دەبات بێ گوێدانە جۆری بەرنامە و ناوەڕۆکی بابەتەکان، کە هەردووکیان کاریگەری زۆر گرنگیان لەسەر منداڵ هەیە، بە باش و خراپ.

لایەنی یەکەم کە تایبەتە بە (ماوە)وە وا لە منداڵ دەکات، سوود لە کاتی ئالایی وەرنەگرێت، کە تیایدا چالاکییە پێویستەکانی خۆی بنوێنێت، هەروەها

ئەو لایەنە گرینگییەکی تر لە منداڵ دەبات، لەوەی پەیوەندی بە لایەنی دووەمەوە، هەیە کە ئەویش کار لە رەفتاری منداڵ و هەڵسوکەوتی ئایندەی دەکات.

لێکۆڵەرەوانی بەرنامە تەلەفزیۆنەکان، جەختیان کردۆتە سەر گرنگی ئەو ناوەڕۆکەی کەوا T.V نیشانی دەدات، بە تایبەتیش لایەنی(توندوتیژی)یان لەماوەی T.V وەرگرتووە لەگەڵ کاریگەری ئەو لایەنە لەسەر ڕەفتاری ئێستا و ئایندەی منداڵ. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لێکۆڵەرەوە چەند پرسیارێکی سەرەکی دەخاتە ڕوو لەوانەش: ئایا بینینی ڕوداوی توندوتیژی لە یارییەکانیاندا منداڵ دووچاری ڕەفتاریشەڕانگێزی دەکات، ئایا ئەو منداڵە زیاد لە منداڵانی دیکە ئازاری کەسانیتر دەدات ؟!

لەساڵی ١٩٧٢ ئەنجامی یەکێك لە لێکۆڵینەوە بابەتییەکانی تایبەت بە توندوتیژی دەریخست، کەوا دیمەنی توندوتیژی T.V تا ڕادەیەکی زۆر بەشداری دەکات، لە کارکردنە سەر سروشتی منداڵ و گیانی دەستدرێژی، لێکۆڵینەوەکانی ئێستاش ڕاستی ئەم ئەنجامە دووپات دەکەنەوە جەخت لەسەر لایەنێك دەکەن بۆ دۆزینەوەی هۆکارێك، کە منداڵێك لە یەکێکی تر جیادەکاتەوە بە تایبەتی لە ڕوی توندوتیژییەوە .

لە لایەکی دیکەوە لێکۆڵەرەوان بۆیان دەرکەوت، کە ڕادەی ئەو ماوەیەی منداڵ بەسەری دەبات لە بینینی دیمەنەکانی T.V هۆکارێکی سەرەکییە دەبێتە مایەی جیاکردنەوەی منداڵێك لە منداڵێکی دیکە سەبارەت بەتوندوتیژی. ئەو منداڵەی کە ماوەیەکی زۆرتر بە دیار شاشەی T.V

دادەنیشیت، جەخت لەسەر بەرنامە توندوتیژەکان و بەدواداچوونی یەك بەیەکی بڕگەکانی بەشێوەیەکی زۆر هەستیارانە دەکات. ئەم دیاردەیە لەوانەیە بەسەر ئەو منداڵانەدا نەچەسپێت کە کەمتر لە دوو کاتژمێر بایەخ بە T.V دەدەن، گومانی تیا نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ڕوداوی توندوتیژی، کە لە زۆربەی بەرنامەی T.V دا هەیە تەنانەت لە خودی بەرنامەی تیڤییەکانی منداڵدا. توند و تیژیش لەم ڕوانگەیەوە مانای هەر دیاردەیەك دەگەیەنێت کە هێزی لەش، کەسێك ناچار بکات بەبێ ویستی خۆی کارێك لەو جۆرە بنوێنێت، کە ببێتە هۆی کوشتن یان زیان گەیاندن بە کەسانی تر، تێبینی کراوە ڕادەی مام ناوەندی بینینی شاشەی T.V لە لای منداڵ بۆ سەیرکردنی ڕوداوی مردن گەیشتۆتە (١٣٠٠٠) ڕوداو، پێش ئەوەی ئەو منداڵە بگاتە قۆناغی ناوەندی.

## شەڕانگێزی و ئاستەنگەکانی

زانینی ئەو ماوەیەی کە منداڵ لەبەردەمT.V بە سەری دەبات و ئەو ماوەیەی منداڵ کە تەماشای فیلمی توندوتیژی دەکات، باشترین فاکتەرە بۆ ئاشکراکردنی ئاستی شەڕانگێزی منداڵ، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی کاریگەری ڕوداوە توندوتیژەکانی T.V لەسەر کەسێتی منداڵ، لە ژمارەیەك لە قوتابخانە سەرەتاییەکانن، دەستیان بەلێکدانەوە و شیکردنەوەی ڕەفتاری ئەو منداڵانەکرد، کەزۆر بزێون و ئازاری هاوڕێکانیان دەدەن، لە ئاکامدا بۆیان دەرکەوت زۆربەیان بەکوڕ و کچەوە ئەو منداڵانەن کە بە بەردەوامی تەماشای ڕوداوە توندوتیژەکانی T.V دەکەن، بەو پێیە زۆر لەبەڵگە و ئەنجامەکان، کە ئەو زانایانە پێی گەیشتن ئەوە دووپات دەکەنەوە، کەوا بینینی ڕوداوە توندوتیژەکانی T.V لەبەرنامەی منداڵاندا پاڵ بەمنداڵەوە دەنێت بە شێوازێکی شەڕانگێزانە و دەست درێژیکردنە سەر کەسانیتر ڕەفتار بکەن.

بینینی فیلم و ڕوداوی توند و تیژ لە تەلەفزیۆن، تەنها ڕەفتاری شەڕانگێزی ناگوازێتەوە، بەڵکو منداڵ بەرامبەر دەوروبەریشی ڕەشبین دەکات.

دوای ئەوەی منداڵ تەماشای ئەو بەرنامەیە دەکات بڕوایەکی تایبەتی بۆخۆی دروستی دەکات، کەوا جیهانی دەوروبەری پڕ شەڕانگێزی و ئاژاوەیە، وەك ئەوەی وێنەکانی تەلەفزیۆن دەینوێنن، هەروەها تێبینی کراوە ژمارەیەك

مێردمنداڵ کە تەماشای فیلمە توندو تیژەکان دەکەن، لەو باوەڕەدان هەموو جیهانی دەوروبەریان پڕ لە خۆپەرستیی و شەڕانگێزی تۆڵەسەندنەوە و خۆسەرزەنشتکردنە، پێویستە لەسەر تاک شێوازێکی تایبەتی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی لە جیهاندا بەرگری بکات، بێگومان ئەمەش نالەبارترین ڕەفتارە مرۆڤی پێ جیا بکرێتەوە.

**فاکتەری تەمەن:**

بێگومان منداڵ لە هەموو قۆناغێکی تەمەنیدا، پێی خۆشە تەماشای ڕوداوە توند و تیژەکانی تەلەفزیۆن بکات و هەندێکیان زیاد لەوانی تر بە فیلمی توند و تیژ کاریگەر دەبن، لەم بارەیەوە هەندێ لە لێکۆڵەوەران پێیان وایە مۆزیکی زەق و چڕ و گۆڕینی دەنگ و شێوەی کتوپڕی خێرای ئەکتەر و ڕوداوەکان و هەندێ شتی دیکە کە پەیوەندییان بە دەرهێنانەوە هەیە بەشدارییەکی کاریگەریان لە گواستنەوەی شەڕانگێزی بۆ منداڵ دەبێت، دواتر ئەو منداڵە هەوڵ دەدات ئەو شەڕانگێزییە لەکاتی یاریکردن لەگەڵ کەسانی تر بنوێنێت، بێگومان خودی دایك و باوکیش کەدەکەونە ژێر کاریگەری ژێر بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەوە، کاریگەری خۆی بۆ سەر منداڵ هەیە، بۆ نمونە لێکۆڵەرەوە سەلماندوویانە کەوا داب و نەریتی دایك و باوك لە بینینی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵ ڕەنگ دەداتەوە، لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتیشدا لەبارەی ئەم بابەتە دەرکەوتووە، ئەو منداڵەی کەشەڕانگێزی زیاترە سەر بەو خێزانەیە، کە زیاتر ڕێگا دەدات منداڵ بە بێ چاودێری و بەئارەزووی خۆی

تەلەفزیۆن بەکار بێنن بێ ئەوەی ئاڕاستە بکرێن، لەوەش خراپتر ئەوەیە کە دایك و باوك لە میانەی بینینی ڕوداوەکانی تەلەفزیۆن، بە هیچ شێوەیەك ڕێنمایی منداڵیان ناکەن، زۆر جاریش باوك بەشداری منداڵ دەکات لە ڕەفتاریدا، ئەمەش لە هەمووی خراپترە و لەسەر کەسێتیی منداڵەکە ڕەنگ دەداتەوە.

# ئەگەری بوونی خەسڵەتی کۆمەڵایەتی بەسوود

لە میانەی تێبینیکردنی ئەو کاریگەرییە بەهێزانەی کە ڕوداوی توند و تیژی تەلەفزیۆن بۆ منداڵی دەگوازێتەوە، دەروونناسان و پسپۆران لەم چەند ساڵەی دواییدا گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بینینی بەرنامەی تەلەفزیۆن بە شێوەیەکی ئیجابی جیاواز کار لە منداڵ دەکات، بەڵام ئەنجامی ڕاپرسییەکان ئەوەی نەبڕاندۆتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوت، کە منداڵ دەتوانێ شتی چاک لە تەلەفزیۆن فێربێت، وەکو یارمەتیدان و هاوکاری کەسانی تر و ورەبەرزی، بێگومان ئەمەش پشت بەو ڕێگایە دەبەستێت کە تەلەفزیۆن بە چ شێوازێك و چ جۆرە بەرنامەیەك پێشکەشی دەکات، لەوانەشە ئەم خەسڵەتە کۆمەڵایەتییە چاك و بە سوودانە بەرەو پێشەوە بچن، بە پێچەوانەی خەسڵەتەکانی دیکە، بۆ نمونە تێبینی کراوە خەسڵەتی یارمەتیدانی کەسانی تر، هەروەکو ڕوداوێکی توند و تیژی، دەکرێ بەرێگەیەکی دراماتیکیانە منداڵ فێری بێت، بە پێچەوانەی ئەو بەها کۆمەڵایەتیانە کە بەدەم دەگوترێتەوە و زووش لە بیر دەچێت.

### بینینی فیلم و چالاکییەکانی دیکە:

لێکۆلینەوەکان دووپاتیان کردووە کەوا سەرجەم باوکان پێیان وایە تەلەفزیۆن ئامرازێکی بەهێزی فێرکردنی منداڵە، لێکۆڵەروانیش بە شێوەیەك لێکیدەدەنەوە لەو باوەڕەدان منداڵ ماوەیەکی زۆری خۆی بە تەلەفزیۆنەوە

خەریکی دەکات و گرنگی خۆسەرقاڵکردن بە شتی دیکە و لایەنی دیکەی فەرامۆش کردووە و چەندین چالاکی کە گرنگی خۆیان هەیە بۆ گەشەدان بە لایەنی ئەقڵی و جەستەیی لە دەست دەدات، لەو چالاکیانەش یاریکردن و هەڵبەز و دابەز و ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی جۆراوجۆر و خوێندنەوە و پەرەدان بە زمانی دواندن و شتی لەو بابەتە، کە ناکرێ لێرەدا هەموویان گەڵاڵە بکەین.

سەرباری ئەوەش، منداڵ پێویستی بە ماوەیەکی تەواو هەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییە بەسوودانەی کە بۆ گەشەسەندنی زمان فێری دەبێت، یەکێك لەو ڕێگایانەش کە تەلەفزیۆن کاری لێدەکات، بۆ دواخستنی زمانی منداڵ، ئەو ماوە زۆرەیە کە منداڵ بەسەری دەبات لە بینینی بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، کە شێوەی قسەکردن لە خۆڕا لەگەڵ کەسانی دەوروبەر لە دەست دەدات. ئەم سیفەتانەش یەکێکە لەو ڕێگا سەرەکییانەی کە منداڵ بە هۆیەوە، چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان و پێشخستنی بە شێوەیەکی کاریگەر فێر دەبێت، سەرباری ئەوەش تەلەفزیۆن لە ماڵەوە بۆ خێزان سەرچاوەیەکی کات بەسەر بردنە، کاتێکیش دایك و باوك شتێکی سوودبەخش بۆ منداڵیان دەخوێننەوە، یارمەتیان دەدات بۆ گەشەدان بە ئاستی زاراوە و زمانی قسەکردنیان.

هەرچەند کە لەوانەیە تەلەفزیۆن، شارەزاییەك لەبارەی فێربوونی بەسوود بە منداڵ دەبەخشێت، بەڵام زۆربەی لێکۆڵەرەوەکانی ئەم بوارە دووپاتی دەکەنەوە بۆ فێربوون خوێندنەوەی کتێب سوودی لە تەلەفزیۆن زیاترە، ئەمەش لە دوو ڕووەوە زیادبوونی ژمارەی زاراوەکان و پەرپێدانی ئاستی

زەمانەوانی لای منداڵ، سەرەڕای بەسەربردنی کاتێکی زۆر لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن، بە شێوەیەکی خراپ کار لە گەشەکردنی خەیاڵی منداڵ دەکات، کە لەگەڵ کەسانی تر پێویستی پێیەتی. لە لێکۆڵینەوەیکی ساڵی* پاردا دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی زۆربەی کاتەکەیان بەتەلەفزیۆن بەسەر دەبەن، لە ئەرکەکانی قوتابخانەیان دوادەکەون، لە لایەکی دیکەوە توانای فێربوونیشیان کەمتر دەبێت، زۆر جاریش لە خوێندنەوە و فێربوونی ماتماتیک لاوازن ئەرکەکانی خوێندنیش لە جیاتی ئەوەی لە قوتابخانە جێبەجێ بکەن.

لە ماڵەوە ئەنجامی ئەدەن، ئەمەش نیشانەی لاوازی ئاستی زانستییانە، بەڵام سەبارەت بە سوودەکانی تەلەفزیۆن لێکۆڵەوەران لەو باوەڕەدان، کە منداڵ چاوی بە ڕواڵەت و ڕوخساری جیهانی دەرەوە دەکرێتەوە.

ئەمەش گومانی تێدا نییە، کە پشت بە توانای منداڵ دەبەستێت، لە درککردن و شیکردنەوەی جیهانی دەرەوە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە پشت بە بایەخدانی دایك و باوك بەمنداڵ دەبەستێت، لەوەی پێشکەشی دەکەن لە شیکردنەوە و باسکردنی هێمای ڕواڵەتەکان. سەرەرای ئەوەی باسمان کرد دەکرێ بڵێین کاردانەوەی پراکتیکی و سەرەکی تەلە فزیۆن لەسەر دەرونی منداڵ هێشتا دەرنەکەوتووە، بەڵام تائیستا ڕوون و ئاشکرایە، کە ئەو شاشە بچووکە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشداری کردووە لە گۆڕانکاری بەخێوکردن و نانەوەی منداڵ، هەروەها لە گۆڕینی سروشتی پەیوەندییە خێزانییەکان و ڕەفتارەکانی لەگەڵ دەورووبەر.

---

*کاتی نووسینی پەرتوك

ژمارەیەك لە لێكۆڵەرەوانیش هەن نیگەرانی خۆیان پیشان دەدەن، چونكە منداڵ وای لێهاتووە تێروانینی بەرامبەر ژیان و جیهان و دەوروبەر و بەها مرۆییەكان بگۆڕێت، كە لەجیاتی ئەوەی لە خانەوادەكەیەوە وەریبگریٚ، لە شاشەوە وەریدەگریٚ، لەبەرئەو پێویستە ئاماژە بەو پێویستییە بدەین، كە دایك و باوك دەبیٚ هۆشیار بن لەبەرامبەر دیاردەی شاشە و منداڵ لە دوو ڕووەوە: یەكێكیان : ئەو ماوە زۆرەی منداڵ لەبەردەم شاشە بەسەری دەبات .دووەمیان: بایەخدان بە ناوەڕۆكی ئەوەی دەیبینیٚ، پێویستیشە ئەوە وەبیر بێنینەوە ئەو لێكۆڵینەوانەی كە لەم بارەیەوە ئەنجام دراون، دەریانخستووە كەوا باوك ڕۆڵێكی بنەڕەتی دەگێڕیٚ، لە پەروەردەكردنی منداڵ و فێركردنی و چۆنیەتی چاودێریكردنی بەرنامەكانی تەلەفزیۆن، بە شێوەیەكی شیكردنەوانەی ڕەخنەگرانە، كە بتوانریٚ ڕاست و هەڵەی بەرنامەكان و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لێیان جیا بكرێتەوە، لەبەرئەوەی كە ئەستەمە تەلەفزیۆن لەماڵ دوور بخرێتەوە، دەكریٚ دایك و باوك سنورێك بۆ منداڵ دابنێن لە بینینی بەرنامەكانی ئەم ئامێرە، بەگوێرەی ئەم ڕێنماییانە:

یەكەم: كاتی سەیركردنی تەلەفزیۆن بۆ منداڵان دیاری بكرێت.

دووەم: بەرنامەی بەسوود بۆ منداڵ هەڵبژێردرێت.

سێیەم: ڕێگە بە منداڵ نەدرێت دەزگای تەلەفزیۆن بكاتەوە، زیاتر پێش ئەو سنوورەی بۆی دیاری كراوە.

چوارەم: نەكردنەوەی تەلەفزیۆن لە كاتی ئەنجامدانی ئەركەكانی خوێندن و نانخواردن و خوێندنەوەدا.

پێنجەم: دایك و باوك لەگەڵ منداڵ تەماشای بەرنامەکان بکەن و بۆی شیبکەنەوە و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە.

شەشەم: منداڵ بە شێوەیەك فێربکرێت کە توانای شیکردنەوە و لێکدانەوە و ڕەخنەگرتنی لە بەرنامەکان هەبێت.

حەوتەم: یەك دەزگای تەلەفزیۆن زیاتر لە ماڵەوە نەبێت.

هەشتەم: دابینکردنی یاری و خولیا بەسوودەکان، بۆ ئەوەی خۆی پێوە خەریك بکات .

نۆیەم: دایك و باوك بۆ جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە جدی و یەکلاکەرەوە بن، چونکە بەبێ ئەو یەکلاکردنەوەیە منداڵ نایەتە ژێر بار.

## منداڵ و تەلەفزیۆن لە نێوان ئاڵودەبوون و فێربووندا

تەلەفزیۆن لە هەموو کۆمەڵگەیەک گرفتێکە ڕووبەرووی خێزان بۆتەوە، گرفتێکە بیر و ڕای جیاواز، مشتومڕی جیاواز و ناکۆکی دروست کردووە.

بەم دواییە لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی ئەم بابەتە کراوە، بۆ دەرخستنی سوود و زیانەکانی دیاردەی ئاڵودەبوونی منداڵ، بەبینینی بەرنامەکانی ئەم دەزگا سەرنجراکێشە. ئایا ئەم ئاڵودەبوونە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم گەشەکردنیدا، کە بە هۆی تەلەفزیۆن بێبەش بووە لە بزاقی چوست و چالاکی پێویست لە قۆناغی گەشەکردندا، ئایا ئەم ئالودەبوونە کار لە کۆئەندامی دەمار دەکات؟

گرفتەکە زیاتر دەبێت، کاتێک دایک و باوک وەک ڕێگەچارەیەک بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ناوماڵ، منداڵەکەی هان دەدات سەیری بەرنامەکانی تەلەفزیۆن بکات، لەمبارەیەوە خاتونێکێ لێکۆلەوەری ئینگلیزی دەڵێت: "ئێمە هەموو بەرنامەکانی بەیانیان دەبینین، هەروەها نیوەڕۆ و ئێوارەش، بەڵام نازانم ئەو دایکانە چیان بکردایە ئەگەر ئەو ئامێرە نەبوایە؟ تەنانەت منداڵی شیرەخۆریش تام و چێژ لە هەموو جم و جۆڵ ڕەنگ و دەنگەکانی تەلەفزیۆن وەردەگرێت، لەگەڵیشیاندا کارلێک دەکات، چونکە توانای تێبینیکردنی هەموو ئەو جم و جۆڵ دەنگ و ڕەنگانەی هەیە."

خاتونێکی دیکەی لێکۆڵەرەوە لە یەکێک لە زانکۆکانی لەندەن لە بارەی زیانەکانی تەلەفزیۆن بۆ منداڵ دەڵێت: "من هەست بەخەم و دڵتەنگی دەکەم

کە باس لە زیانەکانە تەلەفزیۆن بۆ منداڵ دەکەن، چونکە تەلەفزیۆن شتێکی زۆر جوانە و جووڵە و دەنگ و ڕەنگەکانی سەرنج ڕاکێشە، وەلێ هەندێ مەترسیشی هەیە، پێویستە دایك لەگەڵ جموجۆڵی منداڵەکە بگونجێت و شتی جوان و سەرنجڕاکێش لە نزیك تەلەفزیۆنەکە دابنێت، بۆ ئەوەی منداڵەکە جارجارە دیقەتی بدات، پێویستیشە هەندێ بووکە شووشەی تایبەت لە تەنیشتی منداڵەکە دابنرێت، بەو پێیە یەکێك لە زیانەکانی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵ کەم دەبێتەوە، بەڵام ئایا منداڵی بچووك هەست بەو ڕوداوانە دەکات، کە لە تەلەفزیۆندا نیشان دەدرێت؟"

یەکێك لە لێکۆڵەرەوان دەڵێت: "تەنانەت منداڵی بچووکیش هەست بەووردترین ڕوداوی ناو تەلەفزیۆن دەکات، وەلێ لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە ئەو هەستە جودایە.

بۆ نمونە: منداڵ لەتەمەنی (٦) هەیڤی تا یەك ساڵ، بینینی ڕوداوە دووبارەبووەکانی پێخۆشە، لەم قۆناغەدا ڕێکلامە جیاوازیەکانی تەلەفزیۆن و دووبارەکردنەوەیان مایەی خۆشحاڵی منداڵە.

زارۆکی دووساڵیش درك بە هێڵی گشتی کورتە چیرۆك دەکات، (٢ تا ٣) ساڵیش لە بارودۆخی دەوروبەری تێدەگات، منداڵ لە قۆناغی پێش قوتابخانە، واتە تەمەنی (٤) ساڵیدا توانای کۆکردنەوەی لە ڕوداوەکانی لەیەك کاتدا هەیە، لەبەر ئەوە پێویستە بەو پێیە یارمەتی منداڵ بدرێت، کە ڕوداوەکانی ئێستا و ڕابردوو پێکەوە گرێ بدات و دیمەن بەدیمەن لە گەڵیدا بێ، بۆ ئەوەی لە ڕوداوەکان تێبگات و بە شێوەیەکی ڕاست و دروست لەگەڵیاندا کارلێك بکات،

هەروەها پێویستیشە یارمەتی بدەین بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنە ئاڵۆز و نادیارەکان و بەدواداچوونیان، چونکە منداڵ پێویستی بەوە هەیە لە کاتی بینینی بەرنامەکان، بۆ وەرگێڕان و شیکردنەوەی ڕوداوەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی، کەسێك لەگەڵیدا بێت.

پێویستە دیمەنەکانی بۆ ڕوون بکرێتەوە، بۆ ئەوەی سوود لە زانیارییەکان وەربگرێت و بێ پێچ و پەنا گەشە بەخەیاڵی خۆی بدات، بۆ نمونە چیرۆکی منداڵ کە تژییە لە ڕوداو و هەروەها بە خێرایی لە ڕوداوێکەوە دەچێتە سەر ڕوداوێکی تر، ئەم شیکردنەوەیە کە پێی دەڵێن وەرگێڕان، گرنگە بۆ منداڵ، چونکە پێویستی بە فێربوونی هونەری تەکنیکی هەیە بۆ بینینی ڕوداوەکانی تەلەفزیۆن، بەڵام سەبارەت بە ماوەی بینینی منداڵ بۆ تەلەفزیۆن لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بۆ نمونە منداڵ لە قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە لەوانەیە ڕۆژانە (٤)کاتژمێر سەیری تەلەفزیۆن بکات، بەڵام منداڵی بچوکتر لەوانەیە پتر سەیر بکات، لەبارەی زیانەکانی تەلەفزیۆن کۆنگرەی نێودەوڵەتی لە یەکێك لە زانکۆکانی لەندەن، کە لە هاوینی* رابردوو سازکرا پرسیاری و گفتوگۆ کرا، یەکێك لە لێکۆڵەرەوان کە خۆی منداڵێکی یەك ساڵەی هەبووە دەڵێت: "دەزگای تەلەفزیۆن گرفتێکی گەورەیە، واتە لایەنی سلبی و مەترسیداری بۆ سەر منداڵ هەیە و ئازاری پێدەگەینێت، هەندێ لە لێکۆڵەرەوانی دیکە جەخت لەسەر خودی منداڵ و پەیوەندی لەسەر تەلەفزیۆن دەکەن.

---

* ساڵی پێش نووسینی ئەم کتێبە.

کاتێکیش بمانەوێ ئەوەی لە مێشکی منداڵەکەدایە سەبارەت بەو ئامێرە، ئەوا شتی وا بەدی دەکەین کە ڕەنگە بەخەیاڵماندا نەیێت.

منداڵی شیرەخۆر بۆ تەلەفزیۆن لادەکاتەوە، بە هۆی ئەو هێزە سەرنجڕاکێش و شاراوە و نادیارەی لە دیمەنەکانی تەلەفزیۆن دایە.

بۆ نمونە: منداڵی دوو ڕۆژە تا (٦) ساڵی سەیری ئەو ئامێرە دەکات و بیر دەکاتەوە و دەپرسێت : ئەوە چییە لەسەر شاشەکە؟ لە کوێوە هات؟ یەکێك لە شارەزایان لە لەندەن دەڵێت: " منداڵی (١٣) مانگان لاسایی ئەوە دەکەنەوە کە لە تەلەفزیۆن دەبینن، یان دەبیستن.

**کامیان زیانی زۆرترە، تیشکی تەلەفزیۆن، یان ڕۆشنایی فلۆرەنست؟**

لەبارەی کاریگەری شاشەی تەلەفزیۆن لەسەر توانای بینینی منداڵ، پزیشکی چاو گوتی: "شتێکی سروشتییە دایك بە منداڵەکەی بڵێ کە تەلەفزیۆن مەترسییەکی گەورەی هەیە، ئەگەر زۆر تەماشای بکات، بەتایبەتیش ئەگەر منداڵەکە لە نزیکی شاشەکەوە دابنیشێ، چونکە کار لە ڕادەی بینینی دەکات، بەڵام وەلامی ڕاست ئەوەیە، منداڵی شیرەخۆر و بچووك بە هۆی کەمیی پێڕامانیان لە شاشەی تەلەفزیۆن کەمتر زیانی پێ دەگات، مرۆڤ چەند لەشاشەکەوە نزیك بێتەوە، ماسولکەکانی دەوروبەری چاویشی، ئەوەندە خۆیان دەگونجێنن بۆ سەیرکردنی ئەوو ئامێرە، منداڵ توانای خۆگونجاندنی چاوی لەگەڵ تیشکەکانی تەلەفزیۆن زۆرە، گرفتێکی واش نایەتە ئاراوە، کە منداڵ تەماشای تەلەفزیۆن بکات، بەڵام دەبینین دایکان

نیگەرانن و دەترسێن لە زیانی تیشکی تەلەفزیۆن لەسەر منداڵ، لەم بارەیەوە یەکێك لە شارەزایان و پسپۆڕانی چاو دەڵێت: "دوای هەموو ئەو پێوانەی کە لەم بارەیەوە ئەنجامدراون، دەرکەوت ئەم تیشکانەی کە لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە دەردەچن، زۆر کەمترە لەو تیشکانەی کەلە ڕوناکی فلۆرەنست، یان لە خۆرەوە دەردەچن.

پسپۆڕان ئاماژەیان بەم خاڵە داوە، کە پێویستە دایك و باوك ئاگادار بن.

- بەگوێرەی تەمەنی منداڵەکە بەرنامەی بۆ هەڵبژێردرێت، چونکە منداڵ حەزی لە ڕەنگ و جوڵە و دەنگە، منداڵی بچووکیش ئارەزووی چیرۆکی سادە و شتی گونجاوە لەگەڵ ژینگەی خۆی.

- بەرنامەی جۆراوجۆری وەکو کارتۆن و وێنە جوڵاوەکان و پێکەنین هەڵبژێردرێت، هەموو ئەو بەرنامانە بۆ منداڵ دانراون، بەتایبەتی بۆ قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە.

- کاتێ لەگەڵ منداڵەکەت بەرنامەیەك دەبینی، هەوڵبدە یارمەتی بدەی بە هەستەوە لەگەڵ شاشەکە کارلێك بکات، هەوڵیش بدرێ پەیوەندی بەرنامەکە بە ژیانی ڕۆژانەیەوە بۆ ڕوون بکرێتەوە.

- لێکۆڵەران هیوای ئەوە دەخوازن دایك هەست بە گوناح نەکات، کاتی خۆی کارێك دەکات و منداڵەکەی دوور لە خۆی تەماشای تەلەفزیۆن دەکات، بەڵام دەکرێ لە کاتی خوێندنەوەیدا منداڵەکە خەریکی سەیر کردنی تەلەفزیۆن بێت.

- تکا دەکەین سەیری هەموو بەرنامەکان نەکەیت، کە تایبەتن بەخۆتەوە، بێ ئەوەی بەرنامەی خۆش و گونجاو بۆ جگەرگۆشەکەت لێبدەی.

- ئەگەر خەریکی کار بوویت و لەگەڵ منداڵەکەت نەبووی، هەوڵبدە ئەو بەرنامەیەی پێشکەش بکەی کە یارمەتی دەدات و گەشە بە بیر و توانای ئەقڵی دەدات.

- تەلەفزیۆن بۆ بەرنامەکانی خۆت و منداڵەکەت بەکاربێنە، ئەگەر بە بێ چاودێری نەکرێتەوە باشترە.

- هەوڵبدە یارمەتی منداڵەکەت بدەی و ڕەخنە لە بەرنامەکان بگرێت.

**پرسیارێکی گرنگ: ئایا تەلەفزیۆن توندوتیژی منداڵ زیاتر دەکات؟**

کاتێ منداڵەکەت فیلمێکی توندوتیژ لە تەلەفزیۆن سەیر دەکات، ئایا پێتوانییە منداڵەکەت ئەو فیلمە بە ڕاست دەزانێ و کاردانەوەی بۆ سەر ژیانی هەبێت و ئارامی لێ ببڕێت و بیهەژێنێ؟

ئایا توند و تیژی زیاتر دەکات، کاتێ لاسایی دیمەنەکانی دەکاتەوە؟!

یەکێك لە لێکۆڵەرەوان دەڵێت: "منداڵ کاتێك فیلمی تاوانکاری دەبینێت، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ ویژدانی نایگوازیتەوە کە خوێنرێژ و بکوژ دەربچێت، پێویستیشە لە منداڵەکە بپرسین: ئایا شتی واقیعی و ناواقیعی لێك جیادەکاتەوە؟

ئەو لێکۆڵەرەوە دەڵێت: "کوڕەکەم تەمەنی (١٢) هەیڤە، زۆر باش یاری تۆپی پێ لە تەلەفزیۆن و یاری ڕاستەقینە لێك جیادەکاتەوە، بۆ نمونە

دەزانێت توندوتیژی تۆپەکە لە یاریگا، جیاوازە لەگەڵ ئەو توندوتیژییەی کە دژی مرۆڤ خۆیەتی.

# تۆ و منداڵەکەت لە کاتی گەشتدا

## ئەم شتانەت لە بیر نەچێت!

ئەگەر خۆت و ماڵ و منداڵت لە گەشتدا بن گەر بە ڕێگەی ئاسمانیدا بێت، یان ئاوی، هەندێ شت هەیە کە ڕەنگە زۆر سادە و ساکار بێت هەرگیز بیری لێ نەکەیتەوە، یان بە خەیاڵتا نەیەت دوای دەرچوونت لە ماڵ وەبیرت دێتەوە، بۆ ئەوەی گەشتەکەت سەرکەوتوو بێت شارەزایان بە بیرکردنەوەی زانستییانەی بەرنامە دارێژراو ئامۆژگاریت دەکەن، کە دەبێتە مایەی خۆشحاڵی خۆت و منداڵەکەت و لە سکاڵای منداڵەکانت ڕزگارت دەبێت کە دەپرسن: کوا بووکە شوشەکەم، کوا یارییەکەم، کوا....هتد؟

**دوو هەفتە پێش گەشت:**

- دوو هەفتە پێش گەشتەکەت منداڵەکەت ڕابێنە، کە سەردانی شوێنێکی دوور دەکەن و ماوەیەك لەوێ دەمێننەوە، لەبەرئەوە باسی ئەو شوێنانەیان بۆ بکە و وێنەیەکی گشتی بخەرە مێشکیان، ئەگەر شوێنەکە شوێنی گەشت و گوزار بوو، یان وڵاتێکی بیانی بوو، یان هوتێلێك بوو، یان هاوینەهەوارێك بوو...هتد.
- منداڵەکانت ئەوانەی لە نێوان (٩-١٢)ساڵین هانیان بدە، زانیاری لە بارەی ئەو شوێنە کۆ بکەنەوە بەتایبەتیش ناوچە گەشت و گوزارەکان.

- داوا لە منداڵەکانت بکە هەریەکە و بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ خۆی و بۆ گەشتەکەی دابنێ، یان داواکانیان لە وەرەقەیەکدا بە ناوی وەرەقەی گەشت تۆمار بکەن پاشان لە دانیشتنێکدا گفتوگۆی لەسەر بکەن.

**هەفتەیەك پێش گەشت:**

هەفتەیەك پێش گەشت منداڵ هانبدرێت ئەم ئەرکانە ئەنجام بدان:

- پەرتوك و دەفتەر و ئامرازەکانی دیکەی خوێندنیان لە شوێنی خۆیان ڕێك بخەن.
- پارچە کاغەز و پاشماوەکان بخرێنە شوێنی خۆیانەوە و بە جێی نەهێڵن.
- جلوبەرگی پێویستی خۆیان ڕێك بخەن.

**تێبینی:**

دەتوانی منداڵە گەورەکان (٧ ساڵ زیاتر) هان بدەی یارمەتی خوشك و برا بچووکەکانیان بدەن لە هەندێ کاری پێویستدا، بۆ هەر منداڵێکی گەورە ئەرکێك ڕاسپێرە کە سەرپەرشتی برا و خوشکە بچووکەکانیان بکەن، بەڵام ئەگەر هەموشیان لە خوار (٦) ساڵانەوە بوون، ئەوا ئەم ئامۆژگارییانە بە کەڵکی خۆت دێت، کە پێش گەشتەکەتان خۆتان ڕێك بخەن بۆ ئەوەی شتی بچووك نەتانخاتە دڵەڕاوکێوە.

**٣ ڕۆژ پێش گەشتەکە:**

- لە کۆبوونەوەیەکدا منداڵەکانت کۆ بکەرەوە، بۆ باسکردنی پێداویستی گەشتەکە:

- لەگەڵ هەر منداڵێک لە بارەی ئەوەی بۆ خۆی تۆماری کردووە گفتوگۆ بکە، هەوڵ بدە ڕازی بکەی کە شتی زیاد نەهێنیت بۆ ئەوەی جانتاکانتان قورس نەبێت، یان ڕێگری شتی پێویستتریان لێ نەگرێت، هەروەها تێشبگەین کە ئەو شوێنەی بۆی دەچن یاری دیکەی لێیە ڕەنگە یارییەکانی خۆشیان بەکار نەهێنین.

- یەکلاکەرەوە و قسە ڕۆیشتوو بە، منداڵەکانت وا تێبگەیەنە کە دوا بڕیار بۆ دایک و باوکیانە.

## دوو ڕۆژ پێش گەشت:

کاتی ئەوە هاتووە جانتاکانت ئامادە بکەیت و جلوبەرگی خۆت و منداڵت ئامادە بێت، هەر منداڵە و بزانێ جلوبەرگی خۆی لە کوێیە.

## ڕۆژێک پێش گەشتەکە:

- داوا لە منداڵەکانت بکە، ئامراز و شتومەکی خۆیان کە پێیان خۆشە بە دەستیانەوە بێت، ئامادەی بکەن لە پێنوس و تیانووس و یارییەکان...هتد.

- جانتایەکی بچووکی برینپێچی و دەرمانی پێویست.

- جانتایەکی بچووکی خواردەمەنی سادە و ساکار، وەکو پسکیت و نەستەلە و...هتد.

- سوور بە لەسەر ئەوەی مندالەکانت زوو بخەون لە ڕۆژی گەشتدا.

- لەکاتی گونجاودا مندالەکانت لە خەو هەڵبسێنە.

- بە بیر هەموو مندالێك بخەرەوە، کە فرچە و هەویری ددان پاککردنەوە بۆ خۆی ئامادە بکات.

**بۆ منداڵی بچووك ئەم شتانە گرنگن:**

- جانتایەکی فرە گیرفان تایبەت بە مندالأنی شیرە خۆر، چەند گیرفانی زیاتری پێوە بێت باشترە، بۆ ئەوەیە لە هەر گیرفانێکدا شتێك دابنێی، کە پێویستیت پێی بوو لە بیرت نەچێت لە کوێت داناوە.

- بیر بکەرەوە کە چ شتێك زۆر گرنگە هەوڵ بدە پێش وەخت بیخەیتە جانتای مندالەکەوە، بۆ نمونە ژمارەیەکی زۆر لە حەفازە بەتایبەتی ئەگەر گەشتەکەت لە ڕێگەی وشکانییەوە بوو.

- پێویستە دوو وەجبەی چاك جلوبەرگی مندالەکەت هەلگرتبێ بۆ کاتی پێویست.

- بەروانکە (صدریە)ی منداڵ لە کاتی نانخواردندا بە سینگی مندالەکەوە دەکریێ، پێویستە لە شوێنێکی پلاستیکدا هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی پاککردنەوەی ئاسان بێت و بتوانی جارێکی تری بەکاری بهێنی، یان بەروانکەی کاغەزین بەکار بێنە بۆ ئەوەی دوای بەکارهێنانی فرێی بدەی.

- بوتڵێکی ئاوی خواردنەوە زۆر پێویستە بۆ ئامادەکردنی خواردنی منداڵ یان خواردنەوەی، کە لەکاتی گەشتدا زۆر پێویستە منداڵ جارێك زیاتر ئاو بخواتەوە.

- چەند پاکەتێك کلێنکس (دەسڕی کاغەز)ی بۆندار پێویستە، بۆ بەکارهێنانی دوای نانخوارنی منداڵەکەت، یان دوای لابردنی حەفازەکەی، چونکە دەسڕی کاغەزی بۆندار پێویستیت بۆ سابوون و ئاو تاماوەیەکی باش پڕ دەکاتەوە.

- هەندێ لە دایکان لەو باوەڕەدان، کە جانتای منداڵەکەیان لە کاتی گەشتدا دەبێ پێداویستی خۆشتنیشی لەشامپۆ و سابون تێدا بێت، بەڵام زۆر لە دایکانیش پێیانوایە پێویست ناکات، جانتای منداڵەکە بەو شتانە پڕ بکرێت، کە لەو وڵاتەدا هەیە کە بۆی دەچێ، بەڵام بە لایانەوە گرنگە کە بۆدرە و مەرهەمی دژە سوتانەوەیان لە کاتی گەشتدا هەڵگرتبێت بۆ منداڵەکانیان.

- پێویستە هەندێ کیسەی کاغەزین لەگەڵ خۆیان ببەن، نەوەك منداڵەکە بڕشێتەوە کە زۆر جار لە کاتی گەشتدا منداڵ دووچاری تێکچوون و ڕشانەوە دەبێتەوە.

- ئەگەر گەشتەکەتان بە ڕێگای دەریاوە بوو، یان لە ناوچەیەکی خۆرەتاو و گەرمدا بوو پێویستە دەمامکی خۆپاراستنی لە هەتاو لەگەڵ خۆتان بردبێ، بۆ پاراستنی پێستی منداڵ لە پلەی گەرمی و تیشکی خۆر.

**گەشت و.... شەوچەرەی منداڵ:**

زۆر لە دایکان بە دەستی ئەوەوە دەناڵێنن، کە لە ماوەی گەشتدا منداڵەکانیان زۆر درەنگ دەچنە ناو جێگاوە بۆ نوستن... بۆیە زۆر لەو دایکانەش بە هاوارکردن و توندوتیژی ئەو گرفتە چارەسەر دەکەن.

بەڵام ڕێگای توندوتیژی شکستی هێناوە کەواتە چار چییە؟

درەنگ نووستنی منداڵ لە دەوروبەرەوە فێری دەبێت، ئەم ڕاستییەش خاتوو (لۆما محەمەد) کە لێکۆڵەرەوەیەکی کۆمەڵایەتییە لە شاری (جەدە) سەلماندویەتی کە پێتوایە پەنابردن بۆ توندوتیژی بۆ ئەو جۆرە گرفتە چارەسەر نییە، چونکە توندوتیژی گرفتی دیکە دێنێتە کایەوە، کە ئەویش کەللەڕەقییە، بەڵام دەکرێ منداڵ فێری ئەوە بکرێت کە چۆن زوو بخەوێت ئەمەش بەم هەنگاوانەی خوارەوە دەبێت:

- پێویستە لەسەر دایك کەش و هەوایەکی گونجاو بۆ خاوبوونەوەی لەش (استرخاء)ی منداڵەکە دروست بکات، پاشان ڕێگە خۆش دەبێت بەرەو نوستن بێت، بەڵام بینینی دیمەنە جۆراو جۆرەکانی تیڤی کە منداڵ تەماشایان دەکات، بە تایبەتی لە کاتی هاویندا دەبنە هۆی دڵەڕاوکێ و بزواندنی منداڵەکە و نەنوستنی.

- پێویستە لەسەر دایك کاتێکی دیاریکراو کە ئەوپەڕی کاتژمێر (٩)* بێت دیاری بکرێن بۆ نووستنی منداڵ.

- پێش نوستن پێویستە ڕوناکی بکوژێتەوە و کەش و هەوا ئارام بێت (دوور لە دەنگە دەنگ و ژاوەژاو).

منداڵەکە ئاگادار بکرێتەوە، کە کاتی نوستن نزیک بووەتەوە و زووتر کۆتایی بە یارییەکانی بێنێت.

- ئامادەکردنی ژووری نوستن بەشێوەیەک، کە پلەی گەرمی گونجاو بێت، بۆ ئەوەی ڕێخۆشکەر بێت بۆ خاوبوونەوە و پاشان نوستن.

- پێویستە لەسەر دایک، نوستن بۆ منداڵەکە پڕ شەوق بکات، بە گێڕانەوەی هەقایەتی خۆش کە ڕۆژانە منداڵەکە ئاگاداری ڕوداوەکانی بێت و چاوەڕوانی بکات کە بۆی بگێڕێتەوە، هەروەها پێویستە لەسەر دایک بە دەنگێکی ئارام چیرۆك بۆ منداڵەکەی بگێڕێتەوە، کە سۆز و خۆشەویستی بە منداڵەکە ببەخشێت.

### منداڵ فێری مەلەکردن بکە:

باوەڕەمەکە کە دەڵێن، مەلەکردنی ڕاستەوخۆی دوای نانخواردن زیانی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامۆژگاریت دەکەین کەوا(١٥-٢٠) خولەك پشوودان پێویستە، بۆ ئەوەی خواردنەکە لە شوێنی خۆی جێگیر بێت.

ئەگەر پرسیارت لێکرا باشترین تەمەن بۆ فێرکردنی مەلەکردن کامەیە، بڵێ کاتێ منداڵەکە دەتوانێ ڕووبەڕووی ئاو بێتەوە.

شارەزاییەك لە هونەری مەلەکردن و مەترسییەکانی ئاو باس لەوە دەکات، چۆن دایك و باوك منداڵ لەو مەترسیانە دەپارێزن، دەڵێت: پێویستە منداڵ فێری مەلەکردن بکرێ، ئەگەر دایك و باوك خۆشیان مەلەکردن چاك نەزانن.

مرۆڤ بە ئاو دڵخۆش و ساخڵەم دەبێت، تەنانەت منداڵی بچووکیش کە لەناو حەوزی ئاو دادەنرێت، زۆر بەختیار دەبێت و تیایدا وەك ماسی مەلە دەكات.

منداڵ پێویستییەکی کەمی بە ڕێنمایی هەیە لە بارەی ئاوەوە هەیە، تەمەنی هەرچەند بێت پێویستە فێری ئەوە بێت، هەست بە بەختەوەری و دڵنیایی و ئارامی بکات، لەبارەی هونەری مەلەکردنەوە، پێویستیشیان بە زانیاری زۆر نییە، بەڵکو تەنها پێویستیان بەوە هەیە چۆن خۆیان لە خنکان ڕزگار بکەن .هەر کەسێك تەنانەت ئەوانەش کە ڕێسای مەلەکردن نازانن، دەتوانن منداڵ بە شێوەیەك فێربکەن کە هیچ نەبێت خۆی لە مەترسییەکانی ئاو دوور بگرێت.

**باوك ئەگەر مەلەکردنیشی لاواز بێت دەتوانێت وەك شارەزایەك منداڵەکەی فێری مەلە بکات....**

لەوانەشە لە شارەزایەك زیاتر سەرکەوتنی بە دەست بێنێت، چونکە منداڵ وانەکانی مەلەکردن لە باوکییەوە زووتر وەردەگرێت، بەلای ئەوەوە وەك بەشێك لە یارییەکانی تەماشای دەکات، کاتێکیش منداڵ دەبینێ باوك خۆشحاڵە بە فێرکردنەوە، ئەو زیاتر خوو دەداتە مەلەکردنەکە، ئەم ڕاستییەش زۆر کەس سەلماندویەتی، کە زۆر جار هەندێ منداڵ بە شانازییەوە دەڵێت: باوکم فێری مەلەوانی کردم.

یەکەم وانەی فێرکردنی مەلە زۆر گرنگە، چونکە ئەو وانە سەرەتاییانەیە، کە بڕیار دەدەن ئاخۆ منداڵەکەت لە ئاو دەترسێت، یان نا!؟

لەبەرئەوە پێویستە لەسەر دایک و باوک وا لە منداڵ بکەن، وانەی یەکەمی مەلەکردنی خۆش بوێت و واشی لێ مەکە بترسێت، چونکە ئەوە زۆر تێبینی دەکرێ بۆ نمونە: زۆر جار منداڵی گەورەتر پاڵ بە منداڵی بچووکەوە دەنێت، بۆ ناو ئاو کە دەبێتە مایەی تۆقاندنی منداڵەکە، کە بۆ ئایندەش ئاکامی خراپی دەبێت و ئەو منداڵە چی تر مەلەکردنی خۆش ناوێت.

**ترسناکترین کات:**

هەروەها پێویستە منداڵ هەر لە سەرەتای مەشقی مەلەکردنەوە فێری ئەوە بکرێت، کە چۆن خۆی لە مەترسییەکانی ئاو بپارێزێت، لەبەرئەوەی دەسپێکردنی وەرزی مەلەکردن ترسناکترین کاتە، چونکە پێستی منداڵ زۆر ناسک و هەستیارە، کە پێویستە نەکەوێتە ژێر کاریگەری تیشکی خۆرەوە بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەگینا ئەو منداڵە دووچاری سوتانەوە دەبێت، کە دەبێتە مایەی ئێش و ئازار ئەمەش وای لێدەکات وەرزی مەلەکردنی لە دەست دەربچێت، هەروەها ناشێ منداڵ زۆر لە ناو ئاودا بمێنێتەوە، چونکە ئەگەر هاتوو چەند مانگێك بە جلوبەرگی ئەستوورەوە پێچرانەوە، ئەوا لەشیان بۆ لەمەودوا لە ئامادەباشیدا نابێ بۆ لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگە ئەستوورە، هەروەها ئەو منداڵانەی کە مەلە دەزانن (هەروەها گەورەکانیش) لەو باوەڕەدان لەسەر هەمان ئاستدان کە پێشتر لەسەری بوون لە کۆتایی وەرزشی پێشووی مەلەکردن... ڕاستییەکەشی ئەوەیە، کە ئەوان لەسەر هەمان ئاستی ساڵی ڕابردوو نین، پێویستیشە لەسەر هەمووان کە سەبریان هەبێت و خۆیان بگرن لە وەرزی نوێ، بۆ ئەوەی لەشیان وردە وردە بگاتەوە ئاستی جارانی.

زۆر جار دایك و باوك لە بارەی ماوەی دوای نانخواردن دەپرسن، کە دەبێ چەند دوای نانخواردن چاوەڕێ بکەن پێش ئەوەی ڕوو بکەنە مەلەکردن.

منیش هەرچەندە هێشتا لە ڕووی پزیشکییەوە زیانی مەلەکردنی ڕاستەوخۆی دوای نانخواردنم دووپات نەکردۆتەوە، بەڵام متمانەم بەو هەیە کە مەشقی ڕاستەوخۆی دوای نانخواردن، خاوەنەکەی دووچاری ڕەقبوونی ماسولکەکان دەکات، منداڵیش لەم حاڵەتەدا مەیلی خۆ بەتاڵکردنەوەی هەیە، ئەمەیە کە هانم دەدات ماوەی پشودانیان لە نێوان ١٥ یان ٢٠ خولەك بێت بۆ ئەوەی خواردنەکە لە گەدەیان جێگیر بێت، ئەمە ئەگەر وەجبەی نانخواردن ئاسایی بوو، نەك تەنها پاروویەك یان کێکێك یان قاپێ ساردەمەنی خواردبێت، زۆر لە منداڵان ئارەزووی ئەوە دەکەن بنێشت بجوێت لە کاتی مەلەکردنیاندا، ئەمە نابێ هان بدرێ، چونکە لەوانەیە بنێشتەکە قووت بدات، کە لەوانەیە لە ناو بۆڕی هەناسەی گیر بخوات و ببێتە هۆی خنکاندنی بۆیە پێویستە منداڵ لەو مەسەلەیە ئاگادار بکرێتەوە.

پاشان دێینە سەر باسی ئەو شتانەی کە سەر ئاو دەکەون وەکو چوپی فوتێکراو کە منداڵ بۆ مەلەکردن بە کاری دێنین لە ناو ئاودا، بەڵام ئەو چوپانە پێویستە لە ئاوی تەنکدا بەکار بهێنرێن، چونکە ئەگەر بگاتە ناو ئاوی قوڵ و هەواکەی ناوی دابەزێت، یان بە شتێکەوە گیر بخوات، ئەوا منداڵ بەرامبەری هیچی پێناکرێ، لەوانەشە هەندێ منداڵ پێیانوابێ ئەو چوپانە بۆ مەلەکردن دروست کرابێت، پێویستە منداڵ فێری ئەوە کرابێت کە هەمیشە ئاو بە هەند وەربگرێت، بە تایبەتی ئەگەر بە تەنها مەلەی کرد، لەبەرئەو مەترسییانەی کە

ئاو هەیەتی، چونکە هەرچەندە مەلەش بزانن ئەو چوپانە بە تەواوی لە خنکان نایانپارێزێت، کە چەندین پاڵەوانی مەلەکردنیشی کردۆتە قوربانی.

کاتێ مامۆستای وانەی مەلەکردن بووم، خەڵکی پرسیاریان لێدەکردم لە بارەی باشترین تەمەن، ئەو کاتەی ڕووبەڕوی ئاو دەبێتەوە، واتە لە تەمەنێکی زۆر بچووکدا سەبارەت بەو منداڵەی کە گۆماو لە باخچەیماڵیاندا هەیە، یان ئەوانەی لەو ناوچانە دەژین کە ڕووباری لێیە، یان ئەوەی باوکی لەگەڵ خۆی بەرەو ڕۆخی دەریا دەیانبات، ئەو منداڵانە هەر لەو کاتەی کە پێ دەگرن پێویستە وا فێر بکرێن کە چۆن خۆیان لە خنکان ڕزگار دەکەن، بەڵام ئەو منداڵەی کە لە ئاوەوە دەورن دەکرێ، چاوەڕێی بن تا زیاتر گەورە دەبن.

لە میانەی ئەزموونەکانم سەبارەت بەفێرکردنی منداڵەکانم و هەزاران منداڵی دیکە، ئەوە فێربووم کەوا باوکان زیاتر سەرکەوتوو دەبن، ئەگەر هاتوو پەیڕەوی ئەم یاسا بنەڕەتییانەیان کرد:

١- تەنها لە ماوەی فێرکردندا ڕێنمایی منداڵەکەت بکە.

لەو ماوەیەی کە تەرخان نەکراوە بۆ فێربوونی مەلە ڕێنمایی ئاڕاستەی منداڵەکت مەکە و ئەگەر بە هەڵەش ڕەفتاری کرد، تەنها ئەو هەڵەیە نەبێت کە مەترسی لەسەر ژیانی هەیە، چاوەڕێ بکە تا ماوەی فێرکردن دێتەوە، بۆ ئەوەی لەو کاتەدا هەڵەکانی ڕاست بکەیتەوە، هەرچەندیشە فەرامۆشکردنی هەڵەکانی بەو شێوەیە ئاسان نییە، بەڵام زۆر گرنگە کە کۆنترۆڵی خۆت بکەیت و ڕێگە لە خۆت بگری و دەخالەت نەکەیت، ئەگینا منداڵ وا باوەڕ دەکات کە تۆ دەتەوێ بێزاریان بکەیت، ئەمەش لە گرنگی فێربوون بۆ لەمەودوا کەم

دەکاتەوە، باشتریشە لە ماوەی فێرکردندا جلوبەرگی مەشقکردنی مەلەکردنت لە بەردا بێت، چونکە ئەگەر ئەو جلوبەرگەت لەبەر کرد، ئەوا دەبیتە مامۆستای مەلەکردن لە چاوی منداڵەکەتدا، ئەگینا منداڵەکەت تەنها بە چاوی باوکەوە تەماشات دەکات.

٢- چەقبەستن (ترکیز) لەسەر بزاڤی منداڵ:

سەرنجی منداڵەکەت بۆ هەموو هەڵەیەك ڕامەکێشە بە هەر شێوەیەك بێت، چونکە ئەگەر فێری بکەیت، کە چۆن قاچەکانی لەگەڵ یەکتر دەجولێنێ و لە ورد و درشتی بکۆڵیتەوە، ئەوا گڕوتینی بۆ فێربوون کەم دەبێتەوە، چونکە دەبێ بشزانی منداڵەکەت بۆ ئەوە فێر ناکەیت کە ببێتە پاڵەوانێکی جیهانی.

٣- وا لە مەلەکردن بکە کە مایەی خۆشحاڵی بێت تەنانەت لە کاتی فێرکردنیشدا.

پیاوێك دەناسم کە هەرگیز ڕێگەی نەدەدا بە منداڵەکان لە گۆماوەکەی لایماڵیان مەلە بکەن، لە مەلەکردن مەشقکردن بوو لە ناو گۆماوەکەدا بۆیە بەخێرایی فێری بوون.

بەڵام مەلەکردنەکەیان درێژەی نەکێشا تا ڕکیان لێی بۆوە و پاشان وازیان لێ هێنا، چونکە ماندوو بوون نەبێت هیچی دیکەی بۆ ئەوان نەدەگەیاند، بەڵام من پشت بە هەندێ یاریکردن دەبەستم بۆ ئەوەی مەلەکردنەکە هەستی تام و چێژ بە منداڵەکان ببەخشێت، هەروەها مەشقکردنەکەشیان جۆراو جۆر دەکەم بۆ ئەوەی بێزار نەبن.

- ماوەی وانەی فێرکردنی مەلە دەبێ چەند بێت؟

پێموایە ماوەی فێرکردنەکە نیو کاتژمێر بێت باشترە، کاتێ کە توانای منداڵەکە کەم بێت و مەشقکردنەکە بایەخی نەبێت لە لای، بەڵام ئەگەر مەشقکردنەکە تام و چێژی هەبوو، دەکرێ ماوەکە زیاد بکرێت بۆ ٤٥ خولەك، یان کەم بکرێتەوە بۆ ١٥ خولەك، ئەگەر زانیت تام و چێژ لەو یارییە نابینێ، ئەم ماوە کورتە هەندێ جار پێویستە، چونکە ئەو منداڵە هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ فێربوونی بزاڤێکی قورس.

- ماوەی دووبارەکردنەوەی وانەی فێربوون چەندە؟

ئەگەر وانەکان بەردەوام بێت بە درێژایی هاوین یان زیاتر، ٣ وانە لەهەفتەیەکدا شتێکی نمونەییە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ رێگە بە منداڵ نەدرێت لە ماوەکانی تردا مەلە نەکات، کە بەبێ رێنمایی دەبێت، بەڵام ئەگەر ماوە نەبوو بۆ مەشقکردن تەنها ماوەی دوو هەفتەی پشوو نەبێت، ئەوا یەك وانە لە هەموو رۆژێکدا زیانی نابێت... بەڵام لەوە زیاتر نەبێت.

# یاریگاکانی منداڵ

## بۆ بنیاتنانی ماسولکە و بزواندنی خەیاڵ:

لەکاتێکدا تەلەفزیۆن کاریگەری خراپی لەسەر ڕەفتاری منداڵ هەبوو، کەواتە پێویستە بە شوێنی کات بەسەر بردن قەرەبۆ بکرێتەوە ، ئەمەش ئەو یاریگانەیە کە بەگوێرەی سەردەمن، وەکو شوێنی تایبەت بۆ بەهێزکردنی ماسولکە و بیر تیژ کردن و بزواندنی خەیاڵ، لێکۆڵینەوەی زانستی هاوکاری پلان داڕێژتنی ئەندازیاران دەکەن، لە پێناو دروستکردنی یاریگای منداڵ کە تەنها پاراستنی منداڵ نەگرێتەوە، بەڵکو پێداویستییە کۆمەڵایەتی و جەستەییەکانیش ڕەچاو بکرێت، دروستکردنی ئەم شوێنانە بەگوێرەی پێداویستییەکانی منداڵ دەبێت، کە لە باغچەی یارییەکان ئامراز و هۆکاری باش هەبێت، چونکە ئەگەر هاتوو ژمارەیەکی زۆر لە ئامرازی یاریکردن و کات بەسەر بردن لەبەر دەستی منداڵدا هەبوو، ئەوا هۆکاری پەیوەندی و ڕکابەری نێوان منداڵان کەمتر دەبێتەوە، ڕووەکەنە تەنها کات بەسەر بردن، زۆر جاریش یاریگا و باخچە کلاسیکییەکان مەترسیدارە و تەواو ئامادە نەکراون، کە هۆکارەکانی سەربەخۆبوون و بیرکردنەوە لە دەروونی منداڵدا دروست بکات.

خۆ هەڵواسین(التسلق) و بزاڤ هێشتا ئامرازی دڵخۆشکەرن بۆ منداڵ، بێ ئەوەی تووشی ئازاری بکات، منداڵ پێی خۆشە لە یاریگاکەیدا شتێك هەبێت، خۆی پێوە خەریك بکات و لێی ڕابمێنێ و خەیاڵی پێوە بکات، لەبەرئەوە پێویستە لەو بابەتانە لە یاریگای منداڵاندا هەبێت.

کاتێك قوتابی لە قوتابخانە بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە، تاکە پەناگەی تەنها تەلەفزیۆنەکەیە، کە خۆی پێوە خەریك بکات و نان و ئاوی لە بیر بچێتەوە، هەندێ جار وانەکانیش لەبیر دەکات، بەڵام ئەستەمە تەلەفزیۆن هۆکاری دیکەی ڕابواردنی منداڵ لە ناو ماڵ، پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارەکانی تێربکات، لەبەرئەوە تاکە ڕێگا کە دەکرێ بۆ منداڵ ئامادە بکرێ و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تێربکات. ڕوکردنە باخچەکان و یانەکانە، کە چەند ساتێك لە ژێر چاودێری توندی دایك و باوکدا نابن، بەو پێیە ئەو پێداویستییانەی کە لە ماڵ و قوتابخانە نییە، لەوێ دەیدۆزنەوە.

**یاریکردن لە کۆڵان:**

پێویست ناکات ئەو مەترسیانە باس بکەین، کە منداڵ لە کاتی یاریکردن لە کۆڵان و سەرجادەکان تووشی دەبێت، چونکە هەمووان لێی ئاگادارن، جگە لەوەش ئەو شوێنانەی سەرەرای نەبوونی مەرجی پێویست بوونەتە زبڵخانە، یان خانوو، یاریگا، بەدەست منداڵەوە نەماون، لە ئاکامدا منداڵ بێبەش دەبێت لە مافە سروشتیی و چالاکییەکانی جەستەیی و زەینی، ئەمەش وا پێویست دەکات، یاریگا و باخچە گشتییەکان زۆرتر بکرێن، بۆ فەراهەمکردنی ئازادی زیاتر بۆ منداڵ.

## بنیاتنانی ماسولکە

هۆیەکانی دڵخۆشکردن، کەیارییە ئاساییەکانی ناو یاریگاکان دەیڕەخسێنن لە ڕابردوودا، تارادەیەك زۆر لە ئارەزووی مەشقکردن بە ماسولکە گەورەکانی لەش وەردەگیرێن، لە هەڵشاخین و هەڵبەز و دابەزدا، ئامرازەکانی یاریکردنیش ئامانجی تایبەتی خۆی هەبوو لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە، ئەو کەسانەی کە ئەو ئامرازانەیان دیاری دەکرد ئامانجیان پەروەردەکردنی لەش و تەندروستی منداڵ بوو، کە لە گەڕەکە هەژارنشینەکاندا دەگوزەران، کە تا ئەمڕۆش ئەو مەسەلانە ڕەچاو دەکرێت، بەڵام پەنجا ساڵ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە گرنگی یاریکردن بۆ منداڵ دەریخست کە ئامرازە کۆنەکانی یاریکردن سنووری دیاری کراوی خۆی هەیە لە سوودەکانی بۆ منداڵ.

**ئامرازی جۆراوجۆر یاری جۆراوجۆر دروست دەکات:**

ئەو شێوازانەی کە لە بەردەستی منداڵدایە، لە هەموو لایەکی یاریگاکەوە تەنها شوێنی کات بەسەر بردن و ڕابواردن ناگرێتەوە، بەڵکو شێوازی هەڵبژادرنی یاریش دەگرێتەوە، لەوانەش چالاککردنی هاندەری یاریکردن، ئەگەر پەیوەست بێت بە بەهێزکردنی ماسولکەوە، یان جووڵاندنی خەیاڵ، یان هەڵبژاردنی یاری، چ یاری دروست کردن و پێکهێنان بێت چ یاری بیناسازی بێت.

ئەو منداڵەی کە ئارەزووی هەڵشاخین (تسلق) و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکان دەکات، دەتوانێ ئەو یارییە بدۆزێتەوە کە پەرۆشە بۆی و

ڕەفتاری پێی گەشە دەکات، وەکو (هەڵشاخین و خۆهەڵواسین بە دار تێل و چوونە ناو بەرمیل و لێخوڕینی ئۆتۆمبیل) لە هەمان کاتدا ئەو ئامرازانەش هەن، کە منداڵ ئارەزوویان دەکات، بۆ دانیشتن و تێڕامان و بیرکردنەوە.

### یاریکردنی دوێنێ و ئەمڕۆ:

یاریگاکانی دوێنی بریتی بوون لە گۆڕەپان و جادە و کۆڵانەکان، بەڵام ئەمڕۆ ئەوە نەماوە، یاریگاکانی دوێنی بریتی بوون لە جۆلانێ و زەوی جەفتکراو، یان بە چیمەنتۆ تەختکراو، کە ئەوانەش بەس بوون بۆ ئەو سەردەمە، بەڵام ئەمڕۆ ئەو جۆرە یاریگایانە بوونەتە مایەی مەترسی، لەبەرئەوە ئەندازیارانی بیناسازی ئەو شوێنانە بەهەند وەردەگرن کە جێگای یاریکردنی منداڵە.

یاریگاکانی منداڵ تا سەردەمێکی نزیکیش، ئامرازی زیانبەخش دڕ و تیژی لە خۆ دەگرت، کە دەبووە هۆی ڕووشان و بریندارکردنی منداڵ، بەڵام ئەمڕۆ خەڵك و پەروەردەکار و ئەندازیاریش، لەو باوەڕەیەوە بۆ پاراستنی منداڵ، بۆ نمونە ئێستا لە ژێر هەر جۆلانەیەك یان یارییەکی منداڵ لە یاریگاکاندا چینێکی ئەستوور لە خۆڵ، یان پلاستیك دانراوە بۆ پاراستنی منداڵەکە لە کاتی کەوتندا، ئەمەش مەرجێکە لە مەرجەکانی یاریگا.

## خۆڵ و ئاو

منداڵ بە لم و ئاو زۆر خۆشحاڵ و دڵخۆش دەبێت و جێی بایەخێتی، بۆیە زیاتر ئارەزووی یارییەکانی ناو دار و دەوەن و شوێنی سروشتی وەك پێدەشت و شاخ دەکەن، چونکە شوێنە سروشتییەکان فراوان و دەوڵەمەندن، کە منداڵ زیاتر هەست بە بوونیان دەکات و لەگەڵیاندا ئاشنا دەبێت، بۆ نمونەمنداڵ ئارەزووی یاری بەبەرد دەکات و کۆیان دەکاتەوە، لە ڕێگەی یاریکردنیش بەو بەردانە فێری جۆری قەبارە و ڕەنگیان دەبێت، خۆڵ و ئاو کەرەستەی بنەڕەتین بۆ منداڵ، کە شەیدا و پەرێشانیان دەبێت.منداڵی گەورەش کە ئارەزووی خۆڵ و ئاو دەکات، بۆ ئەوەیە خانو و پرد و ڕێگا و بانی لێ دروست بکات.

## فێربوون لە سروشتەوە:

ژینگەی سروشتی هاندەری بەهێزە لە ڕووی شێوە و قەبارە و کێشەوە، کە ئەمەش لە بەردی دەستکردDا نییە.

ئاڵۆزی هەمە چەشنی هاندەرەکان لە یاریگای سروشتی و واڵادا، تریاکێکی زۆر گرنگە و دەروونی ئەو منداڵە ساریژ دەکات، کە لە ژینگەی دەستکردDا دەژی، لەبەر ئەوە ڕەفتاری منداڵ لەگەڵ جیهانی سروشتیدا ئەو ڕەفتارە نییە، کە لەگەڵ یاری و شتە سەیر و سەمەرە دەستکردەکانی مرۆڤ هەیەتی، بەردەوامی کڕینی کەرەستە دەستکردەکان و کۆکردنەوە، یان منداڵ دەکاتە تاکێکی بەکار و لە دەوروبەرێکی دەستکردا ژیان دەگوزەرێنێ.شتی سروشتی

ئەگەر هیچیش نەبێت گرنگە بۆ منداڵ، بۆ نمونە کاتێ لە درەختێك نزیك دەبیتەوە کرمێك، یان گوڵێك، یان خشۆکێك، یان بەردێك دەبینێت و پێی لە هەموو یارییە دەستکردەکانی جیهان باشترە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە شتی سروشتی بۆ منداڵ دابین بکرێت.

**منداڵ و گیانی بەرەنگار بوونەوە:**

زۆر پێویستە منداڵ فێری ئەوە بێت چۆن ڕووبەڕوو دەبێتەوە، مەسەلەکەش لەوەدا نییە، کە سەرجەم هۆکارەکانی بەرەنگاربوونەوە لابردرێت، بەڵکو ئەو مەترسیانەش لابردرێن کە دەکرێ منداڵ لێی دوور بخرێتەوە، لە کاتی دروستکردنی یاریگاکانی منداڵ، پێویستە بزانین ئایا ئەو یارییانە بەو شێوەیەیە کە لێی دڵنیا بین بۆ پاراستنی منداڵ، ئەوەش بە وەڵامی ئەم کۆمەڵە پرسیارانە دەردەکەوێت:

- ئایا یاریگا لە شەقام و شوێنی مەترسیدار نزیکە؟ ئایا پەرژین کراوە؟
- ئایا زەوی یاریگا و باغچەکان بۆ منداڵ دروستە، یان بە زفت و چیمەنتۆ دروست کراون؟
- ئایا منداڵ دەستی دەگاتە ئاودەست و شوێنی ئاوخواردنەوە؟
- ئایا یاریگا ڕوناکە؟شوێنێکی سێبەری هەیە لە هاویندا؟
- ئایا ئامرازەکانی یاریکردن بۆ هەموو جۆرە یاریکردنێك دەست دەدات، کە منداڵ بتوانێت ماوەی دوو کاتژمێر خۆی پێوە خەرێك بکات؟
- ئایا بۆ منداڵ ئاسانە لە یارییەکەوە بچێتە یارییەکی دیکە؟
- ئایا یاریگا ئەو ئامرازانە لە خۆ دەگرێت کە بە هۆیەوە لەشی منداڵەکە بەهێز بکات ؟

- ❖ سەبارەت بە منداڵی بچووک ئایا خۆڵ و ئاو هەیە یاری پێبکەن؟
- ❖ ئایا شوێنی دانیشتن هەیە لە یاریگا؟
- ❖ ئایا ڕووەك و درەختی تێدایە بۆ تێگەیشتنی منداڵ لە سروشت؟
- ❖ ئایا سەرپەرشتی کردنی تەواو هەیە لە ناو یاریگا، بەو ڕادەیە فراوانە کە گەورە تیایدا هاتوچۆ بکات، لە کاتی پێویست بۆ یارمەتی دانی منداڵ؟
- ❖ ئایا گەڕەکە جەنجاڵەکان یاریگا و باخچەیان هەیە؟

# geme

## le jyanî mindaÎanda



dezgay wergeran@yahoo.com

w: kemal faruq